

# بینین و چەشتنی

# عیسای مەسیح

جان پایپەر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
نەریمان تاهیر ، شەیدا خەسرۆ

بینین و چەشتنی عیسای مەسیح
جان پایپەر
و: نەریمان تاهیر ، شەیدا خەسرۆ

عیسای مەسیح دەفەرموێ

((من ئەلف و یێم، یەکەمین و دوایەمینم،
سەرەتا و کۆتاییم.))

بینین ٢٢: ١٣

# بینین و چەشتنی

# عیسای مەسیح


نووسینی

**جان پایپەر**



وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

**نەریمان تاهیر، شەیدا خەسرۆ**

ئەم کتێبە وەرگێڕانێکە لە کتێبی:

*Seeing and Savoring Jesus Christ*

Copyright © 2004 by Desiring God

Foundation Published by Crossway Wheaton, Illinois 60187, U.S.A.
This edition published by arrangement with Crossway.

**All rights reserved.**

*Kurdish translation published by:*
***Life Agape International- Kurdistan***


- **بینین و چەشتنی عیسای مەسیح**
- **وەرگێڕانی: نەریمان تاهیر، شەیدا خەسرۆ**
- **پێداچوونەوە و هەڵەچنین: قومری تاهیر**
- **دیزاینی بەرگ: قومری تاهیر**
- **تیراژ: ٥٠٠ دانە**
- **نرخ: ٤٠٠٠ دینار**
- **چاپی یەکەم، ٢٠١٤**
- **چاپخانە: چاپخانەی شڤان**
- **لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی ٦٦٩ ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.**


مافی چاپکردنی بۆ ڕێکخراوی
**"Life Agape International- Kurdistan"**
پارێزراوە.

# پێشکەشە بە

## سی. ئێس. لویس و

## کلایڤ کیلبی

**کە فێرییان کردم ئەو شتەی کە سەیری دەکەم**

**هەمیشە شتی دیکەی بۆ سەیرکردن تێدایە.**

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| وتەیەك لەگەڵ خوێنەران | ٧ |
| ١- بینین و چەشتنی شكۆی خودا<br>مەبەستی كۆتایی عیسای مەسیح | ١١ |
| ٢- عیسا شكۆی خودایە<br>خودابوونی (ئیلاهی بوونی) عیسای مەسیح | ١٩ |
| ٣- شێر و بەرخ<br>تەواوی (كاملی) عیسای مەسیح | ٢٧ |
| ٤- دڵشادیی هەمیشەیی<br>خۆشی و شادی عیسای مەسیح | ٣٥ |
| ٥- شەپۆل و بایەكان هێشتا دەنگی دەناسنەوە<br>هێز و توانای عیسای مەسیح | ٤٣ |
| ٦- كەسێك لە سلێمان مەزنتر، لێرەیە<br>دانایی عیسای مەسیح | ٥١ |
| ٧- هەژاریەكی شكۆداری ناوبانگ خراپ<br>سووكایەتی كردن بە عیسای مەسیح | ٥٩ |
| ٨- ئازارە بێوێنەكان<br>دڵتەنگی عیسای مەسیح | ٦٧ |
| ٩- شكۆی رزگاركردنی گوناهباران، نەك لەناوبردنی<br>قوربانی رزگاركەری عیسای مەسیح | ٧٧ |

١٠- سامانی بە جەستە بوونی سۆزی خودا

میهرەبانییەکانی عیسای مەسیح ٨٥

١١- لایەنی دژوار

پێداگریی عیسای مەسیح ٩٧

١٢- ژیانی ناکۆتا

زیندووبونەوەی عیسای مەسیح ١٠٩

١٣- دەرکەوتنی شکۆی خودای گەورە و رزگارکەرمان

دووبارە هاتنەوەی عیسای مەسیح ١١٩

وتەی کۆتایی

چۆن دەتوانین دەربارەی عیسا دڵنیا بین؟ ١٢٥

# وتەیەک لەگەڵ خوێنەران

عیسای مەسیح کێ بوو؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە هەوڵ دەدەم وەڵامی بدەمەوە؛ بەڵام مەبەستم ئەوە نییە کە بەرامبەر ئەو بێلایەن بیت. ئەوە شتێکی بێبەزەییانەیە. گرنگترین شت کە دەبێت ببینیت و بیچێژیت بریتییە لە بینین و چەشتنی عیسای مەسیح. ژیانی هەتاهەتایی پەیوەستە بە بینین و چەشتنی عیساوە. هەربۆیە مەبەستی من ئەوەیە کە تۆ عیسا وەکو راستییەکی بەهێز و جێگیر ببینیت و بە خۆشییەکی گەورەوە بیچێژیت.

کاتێک کە باسی بینینی عیسا دەکەم، مەبەستم بینینی بە چاوی جەستەیی نییە بەڵکو مەبەستم بینینی بە چاوی دڵە. کاتێک کە دەیویست زەوی بەجێبهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ لای خودای باوک لە ئاسمان؛ عیسا وتی ﴿نامبیننەوە﴾ تا ئەو کاتەی ﴿رۆڵەی مرۆڤ دەبینین لە سەر هەورەکانەوە دێتەوە﴾ (یۆحەنا ١٦: ١٧؛ مەرقۆس ١٤: ٦٢).

لەو سەردەمەدا خەڵکی دەیانتوانی بە چاوی جەستەیی عیسا ببینن بەڵام ئێستا کتێبی پیرۆز دەڵێت ئێمە بە باوەڕ دەڕۆین نەوەك بە بینین (٢ کۆرنسۆس ٥: ٧). ئەو لێرە نییە تا بە جەستە ببینین. ئەو لە ئاسمانە تا ئەو کاتەی دووبارە دێتەوە و لە لایەن هەموو کەسێکەوە دەبینرێت.

بەڵام کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت کە ئێمە لەوانەیە عیسا بە جۆرێکی تر ببینین. باسی ﴿چاوی دڵ دەکات﴾ (ئەفەسۆس ١: ١٨). باسی ﴿رووناکی مزگێنی شکۆمەندی مەسیح دەکات کە وێنەی خودایە﴾. (٢ کۆرنسۆس ٤: ٤). خودی عیسا باسی دوو جۆر بینین دەکات. عیسا بە کۆمەڵە خەڵکە تێنەگەیشتوەکەی وت: ﴿سەیردەکەن بەڵام نابینن﴾ (مەتا ١٣: ١٣). جۆرێکی بریتییە لە بینین بە چاوی جەستەیی، جۆرەکەی دیکە بینینە بە چاوی رۆحی. کاتێك بە چاوە رۆحییەکانمان دەبینین، ئەو کات راستی و جوانی و

نرخی عیسای مەسیح بەو شێوە دەبینین کە هەیە. هەربۆیە ئەمڕۆ کەسێکی نابینا لەوانەیە زۆر لەو کەسانە روونتر مەسیح ببینێت کە چاویان هەیە.

هەموو کەسێك دەتوانێت چیرۆکەکانی عیسا بخوێنێتەوە و ئەو شتانە بینن کە گەواهیدەرەکان بە وتەکانیان وێنەیان کێشاوە. بەڵام هەموو کەسێك بایەخە بێسنورەکەی نابینێت. هەندێ کەس وەکو ئەفسانەیەك، هەندێك وەکو بێ مێشك، هەندێ وەکو ئیهانە دەیبینن. ﴿سەیری دەکەن و نایبینن﴾ وەکو منداڵێك وایە کە ئامادە بێت کتێبێکی وێنەدار بە ئاسەوارەکانی مایکڵ ئانجیلۆ بگۆڕێتەوە.

چەشتنی عیسای مەسیح وەڵامدانەوەیە بۆ دووەم جۆری ببینن، بینینی رۆحی. کاتێك دەبینیت شتێك راست و جوان و بەنرخە، دەتەوێ تامی بکەیت. هەربۆیە بە ورياییەوە هەڵی دەگرین و خۆشمان دەوێت. ئەو بە گرنگ و خۆشەویست دادەنێیت. بینین و تامکردنی رۆحی ئەوەندە لەیەکەوە نزیکن کە زۆر بە ئاسانی دەتوانی بڵێیت: ئەگەر ئێوە عیسای مەسیحتان تام نەکردووە، ئەوا عیسای مەسیح بەو شێوەیەی کە هەیە نابینیت. ئەگەر لەسەرووی هەموو شتێکەوە بایەخ بۆ ئەو دانەنێیت، ئەوا لە بایەخی راستەقینەی ئەو تێنەگەیشتویت. ئامانجی ئەم کتێبە ئەوەیە کە یارمەتیت بدات عیسای مەسیح ببینیت و بیچێژیت. تەنها رێگا بۆ روودانی کارێکی لەو چەشنە، بەکارهێنانی چاو و گوێی جەستەییە، بۆ ئەوەی شایەتی ئەو کەسانە ببینیت و ببیستی کە عیسای مەسیحیان ناسیوە، کاتێك مەسیح لەم دنیایە بووە. لەبەرئەوەیە کە ئەم بەشانە رۆدەچنە ناو وشەکانی کتێبی پیرۆز. چونکە ئەوە قسەی من نیە کە گرنگە، بەڵکو قسەی خواوەندە. ئەو بە کوڕەکەی شایەتی داوە، شایەتیەکەی مرۆڤەکان رازی دەکات. داواکارم ئەو چاوێك بۆ بینین و دڵێك بۆ چەشتنتان پێبدات.

**ئاسمان باسی شکۆمەندی خۆی دەکات.**

**زەبوور ١٩: ١**

**ئەوە خودا بوو کە وتی: با لـە تاریکی رووناکی هەڵبێت، هەر ئەو بوو دڵمانی رووناك کردەوە بۆ رووناك کردنەوەی زانیاری شکۆمەندی خودا لـە سەر رووی مەسیح.**

**٢ کۆرنسۆس ٤: ٦**

# 1

# بینین و چەشتنی شکۆی خودا

## *مەبەستی کۆتایی عیسای مەسیح*

✝

درووست بوونی جیهان هەمووی لەبارەی شکۆی خوداوەیە. قوڵترین هەستی دڵی مرۆڤ و قوڵترین مانای ئاسمان و زەوی لە شکۆی خوداوەندا خۆی دەبینێتەوە. جیهان دروست بووە بۆ ئەوەی ئەم شکۆیە نیشان بدات، و ئێمە دروست بووین بۆ ئەوەی ببیبنین و تامی بکەین. جگە لەمە هیچ ئامانجێکی تر بوونی نیە. لەبەر ئەوەیە کە جیهان زۆر ئاشوب و ئاژاوەی تێدایە. ئێمە شکۆی خودامان بە شتێکی دیکە گۆڕیوەتەوە (رۆما ٢٣:١). ﴿ئاسمان شکۆی خودا نیشان دەدات﴾ (زەبور ١: ١٩). لەبەر ئەوەیە کە هەموو جیهان بوونی هەیە. هەمووی پەیوەندی بە شکۆی خوداوەندەوەیە. تەلیسکۆپی ئاسمانی هایبڵ کۆمەڵێ وێنەی تیشکی خوار سووری، ژمارەیەك زۆر ئەستێرەی کزی ناردەوە سەر زەوی؛ کە لەوانەیە دوانزە ملیار ساڵی تیشکی دوور بن. تەنانەت لە ناو رێگا شیریەکەی ئێمەدا ژمارەیەکی زۆر ئەستێرەی ئەوەندە مەزن هەن کە ناتوانرێت وەسف بکرێن، وەکو ئێتا کارینا، کە پێنج ملیۆن جار رووناکیەکەی لە خۆرەکەی ئێمە زیاترە.

هەندێ کات خەڵکی سەرسام دەبن بە ئەم گەورەییە، لەبەرامبەر بچووکی مرۆڤدا. وادیارە ئەمە، ئێمە بێ ئەندازە بچوك دەکاتەوە. بەڵام مانای ئەم گەورەییە لەبارەی ئێمەوە نیە، بەڵکو هەمووی لەبارەی خوداوەیە. کتێبی پیرۆز دەڵێت ﴿ئاسمان شکۆی خوداوەند نیشاندەدات.﴾

هۆکاری "بەفیڕۆدانی" ئەو هەمووە بۆشاییەی جیهان بەمەستی دروستکردنی پەڵەیەك لە مرۆڤایەتی، بۆ ئەوەیە کە ئاماژە بۆ

دروستکەرەکەمان بدرێت نەك ئێمە. ﴿سەرت بەرز بکەوەو سەیرکە: کێ ئەم (ئەستێرانەی)دروست کردوە؟ کێ یە کە ئەوان بە دەستەیەك لە ژمارەکان نیشان دەدات، کە بە ناوێك بانگ دەکرێن، لەلایەن گەورەترین توانای ئەوەوە، و لەبەر ئەوەی ئەو بەهێز و بەتوانایە هیچ کام لەوانە بزر نابێت﴾ (ئیشایا ٤٠: ٢٦).

قوولترین هەستی دڵی مرۆڤ، ناسین و خۆشی وەرگرتنە لە شکۆی خوداوەند. ئێمە بۆ ئەمە دروست کراوین. خوداوەند دەفەرمویێت ﴿کوڕەکانم لە شوێنی دوور و کچەکانم لە کۆتایی زەوی بهێنن.... کە دروستکراون بۆ شکۆی من﴾ (ئیشایا ٤٣: ٦- ٧). بۆ بینینی، بۆ تامکردنی، بۆ نیشاندانی؛ لەبەر ئەوەیە ئێمە بوونمان هەیە. دەست بەسەرا نەگرتن و بڵاوبونەوە بێ وێنەکەی جیهانی بەدی هێنراو، نمونەیەکە بۆ ناکۆتایی ﴿دەوڵەمەندی شکۆی ئەو﴾ (رۆما ٩: ٢٣). چاوی جەستەیی بۆ ئەوەیە کە بەچاوی رۆحی بڵێت (نەك ئەم جیهانە، بەڵکو دروستکەری ئەم جیهانە، ئارەزووی گیانی تۆیە). پۆڵۆس دەڵێت ﴿بە ئومێدی شکۆی خوداوەند ئێمە شانازی دەکەین﴾ (رۆما ٥: ٢). یان بە شێوەیەکی وردتر، ئەو دەڵێت کە ئێمە ﴿لە پێشەوە ئامادەی کردبوو بۆ شکۆمەندی﴾ (رۆما ٩: ٢٣). لەبەر ئەوەیە کە ئێمە دروست کراوین؛ بۆ ئەوەی ئەو ﴿دەوڵەمەندی شکۆی خۆی ئاشکرا بکات لە جامی بەزەیی دا﴾ (رۆما ٩: ٢٣). ئارەزووی دڵی هەر مرۆڤێك ئارەزووی ئەم شکۆیەیە. بەڵام ئێمە ئەم شکۆیە دادەمرکێنینەوە و بە شایستەی نابینین، کە خودا لە تێگەیشتنەکانی ئێمە جێگەی هەبێت ﴿رۆما ١: ٢٨﴾. لەبەر ئەوەیە کە تەواوی مرۆڤایەتی لە ئاشوب و ئاژاوەدا نقوم بوون. روونترین نموونە بۆ ئەمە، کە کتێبی پیرۆز ئاماژەی پێکردوە؛ ناڕێکی پەیوەندی جنسی ئێمەیە. پولۆس دەڵێت کە گۆڕینەوەی شکۆی خوداوەند بە شتی دیکە هۆکاری سەرەکییە بۆ هاوڕەگەزی و (پەیوەندی جنسی نێوان ژن و پیاو)، ئاژاوە و پشێوی لە نێوان پەیوەندیەکانمان دروست کردووە. ﴿ژنەکانیان

وایان لێهات بەکارهێنانی لەشیان لە شێوەی سروشتی بۆ شێوەی ناسروشتی گۆڕی، هەروەها پیاوەکان جووت بوونیان بە شێوەی سروشتی لەگەڵ ژنەکان پشتگوێ خست، بەمە لەزەت و ئارەزووی یەکتریان خۆش دەکرد﴾ (رۆما ١: ٢٦- ٢٧) ئەگەر شکۆی خودا بە شتی هیچ و پووچ بگۆڕینەوە، ئەوا ئەو بەجێمان دەهێڵێت، تا ئەو نموونە خراپانە لە ژیانماندا ببنە راستی. گۆڕینەوەی خودا بە شتی دیکە، گۆڕینی دیکە بەدوای خۆیدا دێنێت؛ کە ئاوێنەیەکن لە شکستە کۆتایی حاڵەتی خراپماندا.

مەبەستەکە ئەمەیە: ئێمە بۆ ئەوە دروستکراوین کە شکۆی خوداوەند بناسین و وەکو گەنجینەی خۆمان بەلامانەوە گرنگ بێت؛ بەلاَم کاتێك کە ئەم گەنجینەیەمان بە بتەکان گۆڕیەوە، ئەو کاتە هەموو شتێك تێکدەچێت. خۆری شکۆی خوداوەند، بۆ ئەوە دروستکراوە؛ کە لە ناوەڕاستی سیستەمی هەتاوی گیانی ئێمەدا بدرەوشێتەوە، کاتێك ئەمە روودەدات تەواوی ئەستێرەکانی ژیانی ئێمە، بە شێوە سروشتیەکەیان دەمێننەوە. بەلاَم کاتێك خۆر جێی دەگۆڕدرێت، هەموو شتێك تێك دەچێت. چارەسەری گیانی ئێمە کاتێك دەسپێدەکات کە شکۆی خوداوەند بۆ ناوەڕاستی قورسایی گڕەکەی بگەڕێتەوە.

ئێمە هەمووما تینووی شکۆی خوداین، نەك شکۆی خۆمان. هیچ کەس بۆ بەرزکردنەوەی ورەی خۆی ناڕوات بۆ گراند کانیەن[a]. کەواتە بۆچی دەڕۆین بۆ ئەوێ؟ لەبەر ئەوەی چارەسەرێکی زۆر گەورەتر هەیە بۆ رۆح لە پشت بەستن بە شکۆ و پیرۆزی خودا، لە جێگەی پشت بەستن بە شکۆی خۆت. لە راستیدا، لە جیهانێکی فراوان و شکۆداردا، هیچ شتێك زۆرتر لەوە ناتوانێت پێکەنیاویتر بێت کە مرۆڤێك لەسەر خاڵێکی بچوکی بەناو هەسارەی زەوی دا بێت، رووبەڕوی ئاوێنە راوەستابێت و هەوڵبدات شتێکی گرنگ لە وێنەی خۆیدا ببینێتەوە؛ بەڕاستی جێگەی داخە کە ئەمە مزگێنی دونیای پێشکەوتووی ئێستایە.

بەڵام ئەمە مزگێنی مەسیحیەت نیە، بەڵکو مزگێنی مەسیحیەت بریتییە لەمە: لەناو تاریکی داگیرکردنی پیشوەختی خود ﴿رووناکی مزگێنی شکۆی مەسیح، کە وێنەی خودایە﴾ (٢ کۆرنسۆس ٤: ٤) دەدرەوشێتەوە. مزگێنی مەسیحیەت لەبارەی "شکۆی مەسیحەوەیە" نەوەك شکۆی من. بەڵام ئەگەر تارادەیەکی کەم لەبارەی منەوە بێت، ئەوە ناگەیەنێت کە خودا ئێمەی گەورە کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە خودا بە بەزەییەوە توانامان پێدەبەخشیت، کە بۆ هەمیشە لە بوونی زۆری ئەو؛ لە ژیانماندا خۆشی وەربگرین.

خۆشەویسترین شت کە عیسا بۆ ئێمەی کردبێت چی بووە؟ ئامانجی کۆتایی و بەرزترین چاکەی ئینجیل چی بووە؟ دوبارە کڕینەوە؟ لێبووردەیی؟ ئاشت بوونەوە؟ پیرۆزکردن؟ گرتنە خۆ؟ ئایا هەموو ئەم سەرسوڕهێنەرە گەورانە بە واتای شتێکی گەورەتر نایەت؟ شتێکی کۆتایی؟ شتێك کە عیسا لە باوکی داوای کردبێت بۆ ئەوەی بە ئێمەی بدات؟ ﴿باوکە، ئەمەویَ ئەوانەی کە بە منت داوە، لەهەر شوێنێکدا بم لەگەڵم بن تا ئەو شکۆمەندیەم ببینن کە بە منت داوە﴾ (یۆحەنا ١٧: ٢٤).

ئینجیلی مەسیحیەت "شکۆی مزگێنی مەسیحە"، بۆیە ئەمە ئامانجە کۆتاییەکەی ئەوەیە، کە شکۆی مەسیح ببینین و بیچێژین و دەریبخەین. چونکە شکۆی مەسیح هەمان شکۆی خودایە. شکۆی کوڕی خودا ﴿ئەو تیشکی شکۆمەندی خودایە و وێنەی جەوهەریەتی﴾ (عیبرانیەکان ١: ٣). ﴿عیسا وێنەی خودا نەبینراوە کەیە﴾ (کۆلۆسی ١: ١٥). کاتێك رووناکی شکۆی خوداوەند لەناو دڵی ئێمەدا دەدرەوشێتەوە، ئەوە (رووناکی دانایی شکۆی خودایە لە رووخساری عیسای مەسیحدا) دەدرەوشێتەوە (٢ کۆرنسۆس ٤: ٦). کاتێك ئێمە ﴿بە هیوای شکۆی خودا شانازی دەکەین﴾ (رۆما ٥: ٢). ئەو هیوایە ﴿هیوای پیرۆز و گەورەی شکۆی خودای گەورە، و رزگارکەری

خـودی ئێمـە عیسـای مەسـیحە﴾ (تیتـۆس ٢:١٣). (شـکۆی مەسـیح شـکۆی خودایە.

لەلایەکەوە، کاتێك مەسیح بۆ ئەم جیهانە هات، شکۆی خودای خستە ئـەو لاوە ﴿و ئێسـتا ئـەی بـاوك، مـن لـەلای خـۆت شـکۆدارم کـە، بـەو شکۆمەندیەی لەلای تۆ هەم بوو پێش دروستبونی جیهان﴾ (یۆحـەنا ١٧: ٥). بەڵام لەلایەکی ترەوە، مەسیح بە هاتنی، شکۆی خودای دەرخست: ﴿وشـەکە بوبە جەستە و لە نێوانماندا نیشتەجێ بوو، پڕ لە پیرۆزی و راسـتی، شـکۆی ئەومان بینی، شـکۆی شایستەی کوڕی تاقانـەی بـاوك﴾ (یۆحـەنا ١: ١٤). لـەم لایەنـەوە لـە ئینجیلـدا ﴿شـکۆی خـودا لـە روخسـاری عیسـای مەسـیحدا﴾ دەبینین و دەیچێژین (٢ کۆرنسۆس ٤: ٦). و ئەم شێوە "بینینە" چارەسـەری ژیانـە پـڕ ئاژاوەکـەی ئێمەیـە. ﴿ئێمـە هـەموومان بـە روویـەکی کـراوەوە، تەماشای شکۆمەندی خـودا دەکـەین، هـەروەك لـە ئاوێنـەدا؛ دەگـۆڕدرێین بـۆ وێنەی ئەو، لە پلەیەکی شکۆمەندی بۆ پلەیەکی تر﴾ (٢ کۆرنسۆس ٣: ١٨).

# نوێژ

ئەی باوکی پڕ شکۆ، ئەمە هاواری دڵی ئێمەیە، کە لە پلەی شکۆیەك بۆ شکۆیەکی دیکە بگۆڕدرێین؛ تا لە هەستانەوەی مەسیح لە ناو مردواندا، لە ناو ئەو سەرکەوتنە کۆتایەدا، ئێمە بە تەواوی ببین بە وێنەی کوڕەکەت، عیسای مەسیحی خوداوەندمان. تا ئەو کات، تامەزرۆی زیادبوونی بەرەکەت و زانیاری خوداوەندمانین، بەتایبەتی زانینی شکۆیەکەی. ئێمە ئەمانەوێ بە روونی رووناکی خۆر، شکۆی ئەو ببینین؛ و ئەمانەوێ بە ئەندازەی تامکردنی خۆشترین چێژەکانمان، ئەو بچێژین. ئەی خودای پڕ لە بەزەیی، دڵی ئێمە بە وشەکەت و سەرسوڕهێنەری شکۆت پڕ بکە. ئێمە لە شتە هیچ و پووچەکان دوور بخەرەوە. چاوی دڵمان بکەوە تا ئەو شتەی کە هەموو رۆژێك لە دونیای ئێستادا لە بارەی شکۆی تۆوە دەوترێت، ببینین. بیرمان رۆشن بکە تا شکۆی کوڕەکەت لە ئینجیلدا بدۆزینەوە. ئێمە باوەڕمان وایە کە تۆ تاکە شکۆداری تەواوی، و هیچ کەسێك وەکو تۆ بوونی نیە. یارمەتی بێ باوەڕی ئێمە بدە. بمانبەخشە بۆ ئاوارە بوونی حەزەکانمان و سەرنجی لە رادەبەدەرمان بۆ شتە بێنرخەکان. لەبەر مەسیح ئێمە ببەخشە؛ پلانێکی گەورە بۆ دەرخستنی بەرەکەتی شکۆ، لە ناو ئێمەدا جێبەجێ بکە. بەناوی عیسای مەسیح، ئامین.

**((راستی راستیتان پێدەڵێم:**

**پێش ئەوەی ئیبراهیم لەدایك بێ، من هەم.))**

**یۆحەنا ٩: ٥٨**

**لە سەرەتادا وشەکە بوو، وشەکە لای خودا بوو،**

**وشەکەش خۆی خودا بوو.**

**یۆحەنا ١:١**

**خودا بە هەموو پڕی خۆی لە مەسیح نیشتەجێ بووە.**

**کۆلۆسی ٢: ٩**

# 2

# عیسا شکۆی خودایە

*خودابوونی (ئیلاهی بوونی) عیسای مەسیح*

✝

بوونی مەسیح بۆ مەبەستی گەورە نیشاندانی ئێمە نیە؛ بوونی ئێمە، بۆ مەبەستی چێژ وەرگرتنە لە زیادکردنی ئەو. تیۆری ئەم کتێبە بریتیە لەوەی کە ناسینی شکۆی مەسیح تاکە ئامانجە؛ نەك کەرەستەیەك بۆ گەیشتن بە ئامانجی تر. مەسیح، شکۆدار نییە بۆ ئەوەی ئێمە دەوڵەمەند و تەندروست بین. مەسیح، شکۆدارە، بۆ ئەوەی دەوڵەمەند یان هەژار، نەخۆش یان تەندروست، لە ئەودا شاد بین.

شکۆی تایبەتی یەکەم، کە بناغەی شکۆکانی ترە، بریتییە لە بوونی تاهەتایی مەسیح. ئەگەر تێڕامان لەمە بکەین بەو جۆرەی کە دەبێت بیکەین، ئەوا قورساییەکی گەورە دێتە ناو کەشتی رۆحمان کە لە کاتێکدا خەریکی نقوم بوونە، هاوسەنگی پێدەبەخشێت. رێك لەگەڵ ئەو راستیەی کە "هەستی" بوونی هەیە، لەوانەیە گەورەترین نهێنی هەموو نهێنیەکان بێت. لە تەواو بونی ئەم راستییە قوڵبەرەوە. شتێك کە دەبوایە بوونی هەبوایە، هەرگیز بوونی نەبووە. دەگەڕێینەوە، دەگەڕێینەوە بۆ سەردەمی بێکۆتا، بەڵام بەو شێوەیە نەبوە کە هیچ شتێك بوونی نەبوو بێت. کەسێك بووە هەیە کە شانازی بوونی لە سەرەتاوە، هەمیشە، تا کۆتایی هەیە. ئەو هەرگیز نەگۆڕدراوە و گەشەی نەکرد. ئەو بوونی هەبوو. ئەم شکۆ تەواو و بێ هاوتایە، بۆ چ کەسێك دەگەڕێتەوە؟

وەڵامەکە مەسیحە؛ کەسێك کە هەموو دونیا ئەو بە عیسای ناسیرەیی دەناسن.

یۆحــەنای قوتــابی، نوســەری کۆتــا کتێبــی ئینجیــل، بــە بینینێکــی یەکلاکەرەوە گەیشت، ئەو قسەکانی لە خـودا وەرگرتـووە، دەنووسـێت: ﴿مـن ئەلف و یام، سەرەتا و کۆتایی، دەڵێن ئەو خواوەندی خودا، کە هەیە، هەبووە و دێت، ئەمە خوداوەنـدی بەتوانایـە﴾ (بیـنین ١: ٨). ئـەوە مەسـیح نیـە کـە قسە دەکات، بەڵکو ئەوە خودای بەتوانایە، ئەو خۆی بە (ئەلفا و ئۆمێگا) ناو دەهێنێت؛ کە یەکەم پیت و ئاخر پیتی ئـەلفبێی یۆنانییـە. لـەم ئەلفبێیـەدا شتێك (یان هیچ شتێك) ناتوانێت لە پێش ئەلفادا بێت. بە جۆرێکی تـر، لـە پێش ئەلفادا هیچ شتێك بوونی نیە؛ شتێك (یـان هـیچ شـتێکیش) ناتوانێـت لە دوایی ئۆمێگادا بێت. لە دوای ئۆمێگا هیچ شتێك بوونی نیە.

کەواتـە لـەبارەی خـودا و راسـتی هەسـتییەوە، بـە هـەمان شـێوەیە. لـە پـێش خـودا و لـە دوای خـودا هـیچ شـتێك بـوونی نیـە. چـەندە بـۆ پـاش بگەڕێیتــەوە، یــان بــەرەو پــێش بڕۆیــت، بــە دڵنیاییــەوە ئــەو لەوێیــە. ئــەو راستییەکی تەواوە. ئەو شانازی ئـەوەی هەیـە کـە هـەر لـە سـەرەتاوە بـوونی هەبووە و هەمیشە و تا کۆتایی بوونی دەبێت. ئەم شکۆ بێ هاوتایە، بـۆ ئـەو دەگەڕێتەوە.

ئەمە مانای راستی ناوی یەهوەیە (یان جەهۆڤە) کە لە پـەیمانی کۆنـدا ئاماژەی پێدراوە. لەسەر فرمانی "بـوون" دروسـت بـووە. کاتێـك موسـا نـاوی خودای پرسی، ﴿خودا بـە موسـای وت، مـن ئـەوەم کـە هـەم. ئـاوا بـە نـەوەی ئیسرایيل دەڵێی، هەم منـی بـۆ ئێـوە نـاردووە﴾ (دەرچـوون ٣: ١٤). خـودا لـە کتێبی ئیشایا (من هەم)، لەسەر بوونی راستی هەمیشەیی و تـەواو؛ رابـردوو و ئێستا و ئاینده؛ روون دەکاتەوە. ﴿خوداوەند دەڵێ ئێوە شایەدی منن، ئەی نەوەکانی ئەو بەندەی خۆم هەڵبژاردبوو چونکە ئێوە زانیوتانـە و بڕواتـان بەمن هێناوە، تێگەیشتوون کە من ئەویانم. بەر لـە مـن هـیچ خـودا نـەبووە، دوای منیش نابێ!﴾ (ئیشایا ٤٣: ١٠). بوونی (من هەم) بریتییە لەوەی کە بە تەواوی سەرەتا و کۆتاییە. نە (پێش) و نە (پاش)، تەنیا (من هەم).

خودا ئەم کارەی لە ئیشایا ٤٤: ٦ روون دەکاتـەوە، ﴿خوداوەنـدی پاشـای ئیسـراییل، ئازادکـەر و خوداوەنـدی بـەتوانای گوتوویـەتی: سـەرەتا و کۆتـایی هـەر مـنم، لـە گەردونـدا لـە مـن بـەولاوە هـیچ خودایـەك بـوونی نییـە﴾ و دووبارە لە ئیشایا ٤٨: ١٢ دەڵێت ﴿گوێم لێ بگرە ئەی یاقوب و ئەوەی کە مـن بانگم کردی، ئەی ئیسراییل، ئەوە مـنم، مـن سـەرەتا و مـن کۆتـاییم). ئەمـە ناوی ئەوە: یەهوە؛ واتە، ئەوەی کە تەواوە (موتڵەقە)، هەمیشەییە، ناکۆتایـە و ئەزەلییە. شانازییە ناکۆتاکەی و شکۆ بێ هاوتاکەی کە هەمیشـە هـەیبووە، تەنانەت کاتێك کە هیچ شتێکی تـر بـوونی نـەبووە، هـی ئـەوە. هـیچ شـتێك مانەوەی نیە جگە لە ئەو نەبێت. ئەمە واتای خودا بوون دەگەیەنێت.

ئێسـتا، ئەمـە چ پەیوەندییـەکی بـە مەسـیحەوە هەیـە؛ ئـەوەی کـە بـە عیسای ناسیرەیی ناودەبرێت؟

لە هـەموو لایەنێکـەوە پەیوەنـدی پێـوەی هەیـە. یۆحـەنای قوتـابی لـە کۆتایی بینینەکەیدا، وتەکانی مەسیحی نوسیوەتەوە، دەنووسێت ﴿ئەوەی کە بە زوویی دێم، من ئەلف و ییێم، سەرەتا و کۆتایی، یەکەم و کۆتـاییم.... مـن، عیسـام، فریشـتەکەی خـۆم بۆتـان نـارد، تـا لـەبارەی ئـەم شـتانە بـۆ کۆمـەڵە باوەڕدارەکان شایەتیم بۆ بـدا.﴾ (پەیـدابوون ٢٢: ١٢- ١٣، ١٦). ئەمـە مەسـیحە کە قسە دەکات. نەك خودای باوك. ئێستا، دوو کەس ناتوانن ئـەلفا و ئۆمێگـا بن، مەگەر ئـەوەی کـە دوو دانەکـە لـە کرۆکـەوە یـەك بـن، و روونـە کـە دوو کـەس نـاتوانن بـە شـێوەیەك، سـەرەتا و کۆتـایی بـن، مەگـەر ئـەوەی کـە هەردووکیان لە ناخەوە یەك کەس بن. بەڵام  مەسیح (کە خۆی بە عیسا ناو دەهێنێـت)، هـەمان شـکۆ و شـانازی وەرگرتـووە کـە خـودای گـەورە هەیـەتی. (پەیـدابوون ١: ١٧- ١٨، ٢، ٨) سـەیر بکـەن). تەنانـەت مەسـیح نـاوە شـکۆدارە تایبەتیەکەی خودای (من هەم)یشی، بۆ خۆی بەکار هێناوە (عیسا بە ئەوانی وت: ﴿راستی، راستیتان پێ دەڵێم، پێش ئـەوەی کـە ئیـبراهیم لـەدایك بێـت، مـن هـەم﴾ (یۆحـەنا ٨: ٥٨) ﴿ئێسـتا ئەمـە بـە ئێـوە دەڵـێم﴾، عیسا نزیـك

کۆتـایی ژیـانی بـە قوتابیـەکانی وت: ﴿ئـەوەی روودەدات مـن پـێش روودانـی پێتان دەڵێم، تـاکو کـاتێ روویـدا بـاوەڕ بهێـنن مـن ئـەوم.﴾ (یۆحـەنا ١٣: ١٩) هـیچ مرۆڤێـك ناتوانێـت لەمـە گـەورەتر لـەبارەی خۆیـەوە قسـە بکـات. ئـەم قسەیە یان راستە، یان کفرە، مەسیح یان خودا بوو یان بێ خودا بوو.

یۆحەنا دەیزانی مەسیح کامیانـە. ﴿لـە سـەرەتادا وشـەکە بـوو، وشـەکە لای خودا بوو، وشەکەش خۆی خـودا بـوو؛ وشـەکە بـوو بـە لـەش .... شـکۆی تاقانەی باوك﴾ (یۆحەنا ١: ١، ١٤). عیسـای مەسـیح؛ ئـەو (وشـەکە) و (کـوڕی تاقانە) بوو، دروست نەبووە؛ واتە لە هیچ قۆناغێکی کاتـدا دروسـت نـەبووە، بەڵکو هەمیشەییە، دوو کەس وەکو یەك خـودان، نـەوەك دوو خـودا؛ (کـوڕی تاقانە) لە (باوك) لەدایك بووە، کـە خـاوەن یـەك بنچینەی خـوداین. ئەمـە نهێنیە، ناتوانی چاوەڕانی زیاتر لەمە بکـەیت؛ و ئەمـە شـتێکە کـە خـودا لـە بارەی خۆیەوە روونی کردوەتەوە.

پۆڵۆسـی قوتـابیش لـە شـکۆ بـێ هاوتاکـەی مەسـیح، ئاگـادار بـوو. ﴿هەروەها باو و بـاپیران دەگەڕێنـەوە بـۆ ئـەوان، مەسـیحیش بـە پێـی لـەش لەوان پەیدابووە، خودایە بەسەر هەموو شتێك، پیرۆزە تاهەتایە!﴾ (رومـا ٩: ٥). لەگەڵ ئەوەی کە ﴿ئەوەی لە شێوەی خودا بوو، نەیویست یەکسانیەکەی لەگەڵ خودا بکات بە دەسکەوتێك بۆ خۆی، بەڵکو خۆی کردە هیچ و شـێوەی کۆیلەی وەرگرت﴾ (فلیپی٢: ٦- ٧). لەم روانگەیەوە ﴿خـودا بـە هـەموو پـڕی خۆی لە لەشی مەسیح نیشتەجێ بووە﴾ (کۆڵۆسی ٢: ٩، سەیری فیلیپی ١: ١٩ بکـە)؛ ئێسـتا، ئێمـەی شـوێنکەوتوانی مەسـیح چـاوەڕێین، نـەك تـەنیا بـۆ مرۆڤێـك، بـەڵکو چـاوەڕێی دەرکـەوتنی شـکۆمەندی خـودای مـەزن و عیسـای مەسـیحی رزگارکـەرمانین. (تیتـۆس ١: ١، هـەروەها سـەیری ٢پـەترۆس ١: ١ بکە).

لەبـەر ئەوەیـە کـە نوسـەری نامـەی عیبرانیـەکان بـەم شـێوە ئازایانـە دەڵێـت کـە هـەموو فریشـتەکان، مەسـیح دەپەرسـتن. ئـەو لـە نێـوان ئـەو

فریشتانەی کە خودا دەپەرستن، فریشتەی سەرکردە نیە، ئەو وەکو خودا دەپەرستن. ﴿کاتێك خودا نۆبەرەکەی دەنێرێت بۆ جیهان دەڵێت: (هەموو فریشتەکانی خودا دەبێت کڕنۆشی بۆ ببەن)﴾. (عیبرانیەکان ١: ٦). چونکە ئەو دروستکەری هەمووانە؛ و خۆیشی خودایە: ﴿خودا لەبارەی ڕۆڵەوە دەفەرموێ (تەختی حوکمڕانیت، ئەی خودا هەتاهەتاییە .... تۆ ئەی خوداوەند، لەسەرەتاوە بناغەی زەویت داناوە﴾ (عیبرانیەکان ١: ٨، ١٠)، بەم شێوەیە، باوك شایەتی بۆ خودابوونی کوڕ دەدات. ئەو ﴿تیشکی شکۆمەندی خودایە و وێنەی جەوهەریەتی، بە هۆی وشە بەتواناکەی خۆی گەردونی ڕاگرتووە﴾ (عیبرانیەکان ١: ٣). عیسای مەسیح دروستکەری جیهانە. عیسای مەسیح ئەلفا و ئۆمێگایە. سەرەتا و کۆتاییە. عیسای مەسیح، کەسێکە کە هەرگیز سەرەتاییەکی نەبووە. ئەو ڕاستییەکی تەواوە. شانازیی بێ وێنە و شکۆی بێ هاوتایی بوون، هەر لە سەرەتاوە بۆ هەمیشە، هی ئەوە. ئەو هەرگیز پەیدا نەبوو. لەدایك بوونەکەی هەمیشەییە. باوك لە ئەزەلەوە، چێژی وەرگرتووە لەوەی کە ﴿عیسا تیشکی شکۆمەندی خودایە و وێنەی جەوهەریەتی، بە هۆی وشە بەتواناکەی خۆی گەردونی ڕاگرتووە﴾ (عیبرانیەکان ١: ٣).

بینین و تامکردنی ئەم شکۆمەندیە، ئامانجی ڕزگاری ئێمەیە. ﴿ئەی باوك، دەمەوێ ئەوانەی کە داوتە بە من لەهەر شوێنێکدا بم لەگەڵم بن، تا ئەو شکۆمەندییە ببینن کە داوتە بە من﴾ (یۆحەنا ١٧: ٢٤). خۆشی وەرگرتن لەم ڕاستیە بۆ هەمیشە، ئامانجی دروستبوون و ڕزگاربونمانە.

# نوێژ

*باوکی هەتاهەتایی تۆ هەرگیز سەرەتات نەبووە؛ و هەرگیز کۆتاییشت نابێت. تۆ ئەلفا و ئۆمێگای. ئێمە باوەڕ بەمە دەکەین چونکە تۆ ئەمەت بۆ دەرخستووین. دڵی ئێمە بۆ نرخاندنی ئەمە لێدەدات، کە تۆ چاوی ئێمەت کردوەتەوە، تا ببینین و بزانین کە عیسای مەسیح کوڕی خودایی و هەمیشەیی تۆیە، تاقانەیە و دروستکراو (مەخلوق) نییە؛ و ئەوەی کە تۆ ئەی باوك و ئەوەی کە کوڕتە لە جەوهەردا یەك خودان. لە ترسی ئەوەی کە بە وشەی کاتی و ناپەسەند بێرێزی بە تۆ بکەین ئەندامەکانی جەستەمان دەکەونە لەرزین بەڕادەیەك کە ناوێرین راستییەکی شکۆداری لەم چەشنە بدرکێنین. بەڵام دەبێت قسە بکەین چونکە دەبێت ستایشت بکەین. بێدەنگی شەرمەزارمان دەکات. ئەگەر بێدەنگ بین ئەوا بەردەکان دەکەونە قسەکردن. تۆ دەبێت لەو جیهانەی کە دروستت کردووە لەبەرئەوەی کە هەی ستایش بکرێیت؛ و ئێمە دەبێت شوکرگۆت بین چونکە ئێمەت بەدی هێناوە بۆ ئەوەی شکۆی عیسای مەسیحی رۆڵەت تام بکەین و بیبینین. بەڵێ، بۆ ئەوەی ئەو بناسین!*

*ئەی باوك تامەزرۆی ناسینی ئەوین. بیرو هزرە بێنرخەکان دەربارەی ئەو لە مێشکمان دوور بخەوە. گیانمان بە رۆحی مەسیح و گەورەییەکەی تێر بکە. توانامان فراوان بکە بۆ ئەوەی لە هەموو ئەو شتانەی لە ئەودا بۆ ئێمەت هەیە، دڵشاد بین. لەو شوێنەی کە خوێن و جەستە لەیەکتر دابڕاون مەسیحمان بۆ دەربخە؛ و سەرنج و مەیلمان بۆ راستی و جوانی کوڕی شکۆدارت رابکێشە؛ و پێمان ببەخشە کە دەبێت چیمان هەبێت، هەژار، دەوڵەمەند، نەخۆش، لەش ساغ، با ئەو بمانگۆڕێت؛ و ببینە وێنەی نایابییەکەی ئەو لە جیهاندا. لە ناوی مەسیحدا ئێمە نوێژ دەکەین. ئامین.*

**بەرخێکم بینی راوەستابوو، وەکو ئەوەی سەربڕدرابێت، بەرخەکە حەوت شاخ و حەوت چاوی هەبوو.**

**بینین ٥: ٦**

# 3
# شێر و بەرخ
### *تەواوی (کامڵی) عیسای مەسیح*

شێر دڵڕفێنە بەهۆی هێزی دڕەندەیی و روخساری ترسناکی، بەرخ دڵڕفێنە بەهۆی نەرم و نیانییەکەیەوە و لەبەرئەوەی کە وەکو خزمەتکارێك خوری بۆ جلوبەرگمان دابین دەکات. و تەنانەت لەمەش مایەی شانازیتر بریتییە لە مەڕی شێر ئاسا و شێری مەڕ ئاسا. هەروەك چۆن پێش ٢٥٠ساڵ، جۆناتان ئێدواردز[b] ئاماژەی بەم خاڵە کردووە، ئەوەی کە مەسیح شکۆدار دەکات "پەیوەندی نایابی وشە هەمەجۆرەکانی ئەوە".

بۆ نموونە، ئێمە رێز لە مەسیح دەگرین لەبەر گەورەییەکەی بەڵام لەوە زیاتر، ستایشی ئەکەین چونکە گەورەییەکەی لەگەڵ ملکەچ بوونی بۆ خوداوەند تێکەڵ بووە. سەرمان پێی سوڕماوە، چونکە دادپەروەرییە چەسپاوەکەی لەگەڵ میهرەبانیدا تێکەڵ بووە. پایەبەرزییەکەی، بە ئارامی لەسەرخۆییەکەی شیرین بووە. لە جەوهەردا لەگەڵ خودا یەکە، بەڵام ئەو رێزێکی بێپایانی هەیە بۆ خودا. هەرچەندە ئەو شایانی هەموو چاکەیەکە، ئەو لە بەرامبەر ئازارەکانی شەیتاندا ئارامگر بوو. حوکمڕانی تەواوی بۆ دنیا، بە رۆحێکی ملکەچ و گوێڕایەڵی بۆ خودا داپۆشرابوو. نوسەرە لە خۆرازییەکان بە داناییەکەی، واقیان وڕمابوو، بەڵام ئەوەندەش سادە بوو کە منداڵان خۆشیان دەویست. دەیتوانی بە وشەیەك زریانێك ئارام بکاتەوە؛ بەڵام بە هەورەتریشقە هێرشی نەکردە سامرییەکان؛ و خۆی لەسەر خاچەکە نەهێنا خوارەوە.

شکۆی خودا شتێکی سادە نییە؛ لەیەکدانی سیفەتە لە یەکنەچوەکان، لە یەك کەسدا کۆبوونەتەوە. ﴿ئەو شێرەی کە سەرکەوت ، ئەوەی لە هۆزی یەهوزایە و لە رەچەڵەکی داودە، پەرتوکەکە دەکاتەوە و حەوت بەندەکەی دەکاتەوە﴾ (بینین ٥: ٥). مەسیح وەکو شێری سەرکەوتوو، ئامادەی کردنەوەی تۆماری مێژووە.

بەڵام لە ئایەتی دواتردا چی دەبینین؟ ﴿سەیرم کرد لەنێون تەختەکە و چوار زیندەوەرەکە، لە ناوەڕاستی پیرەکان، بەرخێکم بینیی راوەستا بوو وەك ئەوەی سەر بڕدرابێت، بەرخەکە حەوت شاخ و حەوت چاوی هەبوو، ئەوانەش حەوت رۆحی خودان کە بۆ هەموو زەوی نێردراون﴾ (بینین ٥: ٦). کەواتە ئەو شێرە بەرخە؛ زیندەوەرێکی لاواز و بێ ئازار و بێ داواکارییە، کە بە سادەیی دەبێتە خۆراك بۆ ئەوانی تر؛ خورییەکەی لێدەکرێتەوە، تا جلەبەرگمان بۆ دابین بکات؛ سەردەبڕدرێت تا خۆراکمان دابین بکات. کەواتە مەسیح، بەرخێکی شێر ئاسایە.

شێری یەهوزا سەرکەوت، چونکە حەزی دەکرد نەخشی بەرخێك بگێڕێت. لە رۆژی یەکشەمەی خورمادا، وەکو چۆن پاشایەك بەرەو تەختەکەی دێت، بەو شێوەیە هات بۆ ئۆرشەلیم؛ و لە هەینی باشدا وەکو بەرخێك بەرەو قوربانگە ببرێت بۆ سەربڕین، لە ئۆرشەلیم چووە دەرەوە. ئەو دزەکانی لە پەرستگاکە هێنایە دەرەوە وەکو شێرێك کە نێچیرەکەی بخوات، و دواتر لە کۆتایی هەمان حەفتە، گەردنە شاهانەکەی بە چەقۆ سپارد، و شێری یەهوزایان وەکو بەرخێکی قوربانی سەربڕی.

بەڵام چ جۆرە بەرخێك؟ بینین ٥: ٦ دەڵێت ﴿وەکو بەرخێکی قوربانی کراو وەستابوو، و حەوت شاخی هەبوو.﴾ سەرنجی دوو خاڵ بدە، یەکەم ئەوەی کە ئەو بەرخە (وەستاوە)؛ و وەکو پێشتر لەسەر زەویەکە غەڵتانی خوێن نەبووە. بەڵێ، ئەو کوژرا بوو. بەڵام ئێستا لە نزیکترین شوێنە، لە لای تەختی باوکی ئاسمانیەوە وەستاوە.

دوەم ئـەوەی کـە، ئـەو بەرخـە حـەوت شـاخی هەیـە. شـاخ لـە هـەموو کتێبی بینیندا، نیشانەی هێز و توانایە (١٢: ١٣؛ ١٣: ١؛ ١٧: ٣؛ ١٢)، هەروەها لە پـەیمانی کۆنـدا (دەرچـوون ٣٣: ١٧؛ زەبـور ١٨: ٢؛ ١١٢: ٩)؛ و ژمـارە حـەوت، ئاماژە بە پڕی و تەواوی دەکات. کەواتـە ئەمـە بـەرخێکی ئاسایی نیـە. و لـە نـاو مردووەکـان هەسـتایەوە؛ لـە هێـزی حەوتانـەی خـۆی، تـەواو بـەهێزە، لەڕاستیدا، ئەو بەرخێکی شێر ئاسایە.

کاتێـــك ئـــەم راســـتییە بـــە تـــرس و لـــەرزەوە، لـــە بیـــنین ٦: ١٦ دا دەخوێنینـــەوە؛ کـــە مرۆڤـــەکان بـــە چـــیا و بـــەردەکانیان دەوت ﴿بکـــەون بەسەرماندا، لە تووڕەیی بەرخەکە بمانشارنەوە.﴾ و هـەروەها لـە بیـنین ١٧: ١٤ هـاتووە ﴿ئـەوان لەگـەڵ بەرخەکـە دەجـەنگن، بەرخەکـە سـەردەکەوێت بەسـەریاندا، چونکە ئـەو گـەورەی گەورەکانـە و پاشـای پاشـاکانە﴾. کەواتـە مەسـیح شـێری بـەرخ ئاسـا و بـەرخی شـێر ئاسـایە، ئەمـە شـکۆی ئـەوە؛ ((پەیوەندی نایابی وشە هەمەجۆرەکانی ئەوە)).

ئـــەم پەیوەندییـــە شـــکۆدارە زیـــاتر دەدرەوشـــێتەوە چـــونکە ئەمـــە بەتـەواوەتی لەگـەڵ بێزاریـەکانمان و تامـەزرۆی فراوانمـان بـۆ گـەورەیی رێکدەکـەوێت. عیسا دەفـەرموێت، ﴿وەرن بـۆ لام، ئـەی هـەموو مانـدووان و بارگرانـەکان، مـن دەتانحەسێنمەوە. نـیری مـن هـەڵگرن، لـە منـەوە فێـربن، چونکە من هێمن و دڵنەرمم، ئەوسا حەوانـەوە دەدۆزنـەوە بـۆ دەروونتـان﴾ (مەتا ١١: ٢٨- ٢٩). نەرم و نیانی و لەخۆبوردەیی بەرخ ئاسای ئـەم شـێرە وای لە ئێمە کردووە لە ماندویی و بێتواناییماندا سەرنجمان بۆ خۆی رابکێشێت، و لەبەرئـەوە خۆشمان دەوێـت. ئەگـەر ئـەو تـەنها کەسانی وەکـو سـەربازی دەریایی وەرگرتبا، کە مرۆڤی بەهێزن، ئەو کاتە ئێمە پـاش هاتنمـان بـۆ لای ئەو، بە نائومێدی دەگەڕاینەوە.

بەڵام ئەم شێوازە لە خۆبوردەییە، بە تـەنیا شـکۆ نیـە بـەڵکو نـەرمی و خۆنزمگرییەکەی ئەم بەرخە شێر ئاسایە، لەگەڵ هێـزی ئـەزەلی و بێسنوری

شـێری بـەرخ ئاسـادا دەدرەوشـێتەوە. تـەنها ئـەم حاڵەتـە، لەگـەڵ زۆری تامەزرۆی ئێمە بۆ گەورەییەکەی دەگونجێت. بـەڵێ، ئێمـە مانـدوو و لاواز و بارگرانین. بەڵام لایەنی کەم، هەر مرۆڤێك ناوبـەناو لـە دڵ و مێشکیدا ئـەم خەونە دروست دەکات، کە لە ژیاندا ئامانج و مەبەستێکی گـەورەی هـەبێت. لـەبارەی ئـەم خەونـەوە، عیسـا دەفـەرموێ ﴿هـەموو دەسـەڵاتێکی زەوی و ئاسمانم پێبەخشراوە، کەواتە بڕۆن، هەموو گەلان بکەن بـە قوتـابی. بـەناوی باوك و رۆڵە و رۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵیکێشن. فێریـان بکـەن بـە هـەموو ئـەو شـتانەی رامسپاردون، ئـەوەتا هـەموو رۆژێـك لەگـەڵتانم هـەتا کۆتـایی زەمانە﴾ (مەتا ٢٨: ١٨- ٢٠).

ئەو بەرخـە شـێر ئاسایە، بانگمـان دەکـات کـە بـە هـۆی ئـەو دەسـەڵاتە تـەواوەی کـە بـە سـەر هـەموو جیهانـدا هەیـەتی، دڵشـاد بـین؛ دووبـارە دەیهێنێتەوە بیرمان کە لەگەڵ هـەموو ئـەو هێـزە، تـا کۆتـایی جیهـان لەگـەڵ ئێمە دەبێت. ئەمە ئەو شتەیە ئێمە ئارەزوومانە؛ پاڵەوانێك، سـەرکردەیەکی نەدۆڕاو. لەگەڵ ئەوەی کە تەنها مرۆڤین و دەمرین، بەڵام بـە پێـی پێویسـت ئـاڵۆزین. لەگـەڵ ئـەوەی شـایانی بـەزەیی پێداهاتنـەوەین، بـەڵام یـەك دونیـا خراپەشمان هەیە. لاوازین، بەڵام خەون دەبینین کاری سەرسوڕهێنەر ئەنجام بـدەین. ئێمـە زوو دێـین و زوو دەڕۆیـن. بـەڵام هەمیشـەیی لـە دڵمـان رەگـی داکووتاوە. شکۆی مەسیح رووناکتر دەدرەوشێتەوە، چونکە پەیوەنـدی نایـابی وشـە هەمـەجۆرەکانی ئـەو بەتـەواوی لـە گـەڵ ئاڵۆزییـەکانی ئێمـەدا رێکدەکەوێت.

زیاتر لەمە، شێری بـەرخ ئاسا روبـەڕوی زوڵـم و ئـازار بـووەوە. بـەرەو قوربانگە برا. ﴿وەکو مەڕێکی بێ دەنـگ بـوو بەرامبـەر جـەوبڕەکانی دەمـی نـەکردەوە﴾ (ئیشـایا ٥٣: ٧). بـەڵام ئـەو تـا رۆژی کۆتـایی بـەو شـێوەیە نامێنێتەوە. شێری بەرخ ئـاسا، دەبێتـە بەرخـە شـێر ئـاسا؛ لەگـەڵ گـەورەیی پادشاکەی، لە شوێنەکەی لە لای دەریاچەی ئاگر دەوەستێت، ئەو شوێنەی کە دوژمنە تۆبەنەکەرەکان ﴿ئازار دەچێژن ..... لەبەردەم فریشتە پیرۆزەکـان و لەبەردەم بەرخەکەدا هەتاهەتایە﴾ (بینین ١٤: ١٠- ١١).

# نوێژ

خودای پڕ لە بەزەیی و بەتوانا، ئێمە لە ڕەنگدانەوەی هێز و بەخشندەییت لە کوڕەکەتدا، گەورەمان، عیسای مەسیح شادین. لە هێزی شێر ئاسایی و نەرمی و لەسەرخۆیی بەرخ ئاسای ئەودا دڵخۆشین، ئێمە لە گەورەییە بێ هاوتاکەی ئەودا هیوامان پێدەبەخشرێت. ئەمە دڵنیاییمان پێدەدات لەوەی کە هیچ کەسێك وەکو ئەو نیە؛ و ئەو کەسێکی کاتی نیە وەکو ئەوانی تر، بەڵکو کەسێکی ئەزەلی و هەمیشەییە. تکایە لە پشتگوێ خستنی زانراوماندا، وابکە لەبەردەم شێری یەهوزادا بلەرزێین، و خۆمان لەبەردەم پیرۆزییە گەورەکەی نزم بکەینەوە. وابکە کە لە شکان و ترسماندا، وزە و توانا لە بەرخی شێر ئاسادا وەربگرین، ئای کە چەندە پێویستمان بە هەموو مەسیحە! چاومان بکەوە کە پڕی بێخەوشی ئەو ببینین. تکایە ئەو وێنە ناشیرین و نەگونجاوانە لە بەرچاومان لابدە کە ئەبێتە هۆی لاوازی ستایشمان و گوێڕایەڵیمان سست دەکات. لێت ئەپاڕێینەوە کە هێز و توانای شێرەکە و خۆشەویستی بەرخەکە باوەڕمان نەجوڵاو و بەهێز بکات. هەربۆیە، تکایە بەدوورمان بگرە لە خەیاڵە لاوەکییەکان و بڕیارە ناجێگیرەکان و پلانە بێبنەماکانمان. دلێر و بەجەرگ و بەهێزمان بکە. بە خۆشەویستی زۆر و خۆنزمگرەوە وابکە بەرامبەرمان خۆش بوێت. تکایە لە متمانەی شێرەکەی یەهوزامان بەش بدە کە وای لێکرد ئامادە بێت وەکو بەرخێك گیانی بەخت بکات، و بە خۆشییەکی نەبڕاوەوە هەستێتەوە، هەرووەها لە هەموو ئەمانەدا کارێك بکە هەموو کەسێك شکۆی مەسیح ببینێت، و لە ڕێگەی ئەوەوە تۆ ڕێزدار بکرێیت. لە ناوی مەسیحدا نوێژ دەکەین، ئامین.

**خودا، خودای تۆ، دەستنیشانی کردی، جیا لە هەموو ئەوانی دیکە رۆنی شادی بەسەردا کردی.**

**عیبرانیەکان ١: ٩**

**ئافەرین ئەی کۆیلەی چاك و دەستپاك، .....**

**وەرە ژوورەوە بۆ خۆشی گەورەکەت.**

**مەتا ٢٥: ٢١**

# 4

# دڵشادیی هەمیشەیی

*خۆشی و شادی عیسای مەسیح*

✝

کاتێك مەلەوانی رزگارکەر لە شەپۆلەکانی زەریای ئەتلەسی رزگارت دەکات، هیچ جیاوازیەك دروست ناکات کە ئەو دڵتەنگ بێت، یان دڵخۆش؛ و کاتێك کە لە کەنار دەریا باوەش بە خێزانەکەتدا دەکەیت، دووبارە هیچ جیاوازیەك دروست ناکات کە مەلەوانەکە حاڵەتی رۆحی چۆنە. بەڵام دەبارەی ئەو رزگارییەی کە عیسا دەیبەخشێت، بارودۆخەکە زۆر جیاوازە. عیسا لەبەر خێزانەکانمان ئێمە رزگار ناکات. بەڵکو لەبەر خۆی رزگارمان دەکات. ئەگەر ئەو دڵتەنگ بێت، رزگارکردنی ئێمە دڵتەنگ دەبێت. و رزگارکردنی لەو چەشنە، رزگارکردنێکی گەورە نییە.

خودی عیسا و ئەوەی کە خودا لە ئەودا، بۆ ئێمەیە؛ دیاریی گەورەی ئێمەیە، نەك شتێکی کەمتر ﴿من نانی ژیانم، ئەوەی بێتە لام برسی نابێت ..... گەر یەکێ تینووی بوو با بێت بۆ لای من و ئاو بخواتەوە﴾ (یۆحەنا ٦: ٣٥؛ ٧: ٣٧). رزگارکردن، بە شێوەیەکی سەرەکی تەنها بەخشینی گوناهەکان نییە؛ بەڵکو لەوە زیاترە، بەشداریکردنە لەگەڵ عیسا (١ کۆرنسۆس ١: ٩). بەخشین هەموو کێشەکان لەسەر رێگا لادەبات، بۆ ئەوەی ئەم بەشداریکردنەی بتوانێت ببێتە راستی. ئێستا ئەگەر ئەم بەشداریکردنە، بەتەواوی دڵخۆشکەر نەبێت، کەواتە رزگارییەکی گەورە روینەداوە. ئەگەر مەسیح دڵتەنگ یان تەنانەت لەوپەڕی ئارامیدا بێت، ژیانی هەتاهەتایی ئێمە، حەسرەتێکی زۆر زۆر درێژ دەبێت.

بەلام شکۆ و بەرەکەتی عیسا ئەوەیە کە ئەو خۆشییەکی ناکۆتای هەیە؛ و هەمیشەش دڵخۆش دەبێت. من دەڵێم ئەمە شکۆی ئەوە؛ چونکە تاریکی شکۆ نییە؛ و دەڵێم ئەمە شکۆی ئەوە، چونکە باشترین شت کە بە ئێمەی بەخشی بێت، دڵخۆشییەکەی خۆیەتی. ﴿ئەم شتانەم پێ وتن تا خۆشی من تیاتان بچەسپێ و خۆشیتان بە تەواوی بێت﴾ (یۆحەنا ١٥: ١١ و هەروەها لە ١٧: ١١ دا دەتوانیت بیبینیت). لە بەخشندەیی تەواوی راستی عیسا بەدوور دەبین کاتێك سنووری شادی ئێمە تا ئەوپەڕی فراوان بکات، و دواتر ئێمە لە خۆشی خۆی بێبەش بکات. توانای ئێمە بۆ دڵشاد بوون، زۆر سنووردارە. هەربۆیە مەسیح، نەك تەنها خۆی وەکو ئامانجێکی خودایی خۆشحاڵی ئێمە دەبەخشێت، بەڵکو توانای شادی خۆی لە ئێمەدا پڕ دەکات، بۆ ئەوەی ئێمە خۆشحاڵ بین، و بتوانین خۆشی لەوپەڕی خۆشی خودا وەربگرین. ئەمەیە شکۆ و ئەمەیە بەرەکەت.

دڵتەنگ بوون شکۆ نیە. لەم رووەوە، مەسیح هەرگیز غەمگین نەبووە؛ ئەو هەر لەسەرەتاوە وێنەی خۆشحاڵییە بێ ئەندازەکەی خودا بووە. دانایی خودا، لە پەندەکان ٨: ٣٠ دەفەرموێت ﴿لەبەردەمیدا پیشەدار بووم، رۆژ بە رۆژ شادومان دەبووم، هەمیشە لەبەردەمیدا دڵخۆش دەبووم﴾. مەسیحی هەمیشەیی، خودای خۆشحاڵ و بریکاری یەکسانی بەدیهێنانە. هەمیشە لە رووی خودا دڵخۆشی دەنواند؛ و هەمیشە دڵخۆشی خودا بووە. ئەم خۆشحاڵییە دوو ئەوەندە زیاتر لە پەیمانی نوێدا دەبینرێت.

لە عیبرانیەکان ١: ٨- ٩خودا لەگەڵ کوڕە تاقانەکەی قسە دەکات، نەك لەگەڵ فریشتەکاندا: ﴿تەختی حوکمڕانیت بۆ هەتاهەتایە، گۆچانی حوکمڕانیت راست و دروستە، تۆ راست و دروستیت خۆش ویست و رقت لە گوناهەیە، بۆیە خودا، خودای خۆت دەستنیشانی کردی جیا لە هەموو ئەوانی دیکە رۆنی شادی بەسەردا رژاند﴾. عیسای مەسیح خۆشحاڵترین

کەسی جیهانە، و خۆشحاڵی ئەو لە هەموو فریشتەکانی ئاسمان زیاترە. مەسیح وێنەی خۆشحاڵی سازگار و پیرۆز و بێسنورەکەی باوکیەتی.

بێجگە لەوە، لە کرداری نێردراوان ٢: ٢٥- ٣١، پەترۆس زەبوورەکان ١٦ ی بۆ مەسیح بەکارهێنا: ﴿هەمیشە خوداوەندم لەبەرچاوە، ئەو لە لای دەستی راستمەوەیە نەوەك باوەڕم لاواز بێت. بۆیە دڵشادم و زارم هاواری خۆشی دەکات .... چونکە تۆ گیانم لە دونیای مردووان بە جێ ناهێڵی و رێگە ناهێڵیت کە دەقی پیرۆزی خۆت گەندەڵی ببینێت .... دڵت پڕ کردووم لە شادی بە بینینی روخسارت﴾. مەسیح لە ناو مردواندا هەستاوەتەوە، تا سێبەری مەرگ لەناو بەرێت؛ و بە هەمان شادومانی خودا، خۆشحاڵ دەبێت. شکۆی مەسیح، خۆشحاڵی لەناو نەچوو، هەتاهەتایی و بێسنوری ئەوە لە لای خودا.

بەلاّم ئەگەر دڵتەنگ بوون شکۆ نییە ئەوا کەمتەرخەمیش شکۆ نیە. خۆشحاڵی و کەمتەرخەمی لە هۆڵی گەورەی میوانی، لەگەڵ خۆشحاڵی لەڕادەبەدەری زیندانییەکی سیاسی، یەك شت نیە. یەکێك بێ پێکهاتە و بێ تام، ئەوی تر پیرۆز و گەورە، یەکێك زۆربڵێ، ئەوەی تر پڕ شکۆ. یەکێك پێکەنینێکە کە لە دەرد و ئازار بێ ئاگایە؛ و ئەم پێکەنینە دەستکردانە، ناتکات بە قەشەیەکی باش یان رزگارکەرێکی باش، بەلاّم خۆشحاڵی مەسیح، خۆشحاڵیەکی دەستکرد نیە؛ کە ئاگای لە دەرد و ئازار نەبێت. لەبەر ئەوەیە کە مەسیح بەڕاستی رزگارکەرێکی گەورەیە.

لەم رووەوە ئەم پیاوە خاوەن خۆشیە ئەزەلییە؛ ﴿خاوەن ئێش و ئازار﴾ بوو (ئیشایا ٥٣: ٣). ﴿ئەوەندە دڵم تەنگە تا مردن، لێرە بمێننەوە و لەگەڵم شەوارە بگرن﴾ (مەتا ٢٦: ٣٨). ئەم ((کاهینە بەرزە))، لە هاوخەمی کردنی لەگەڵ ئێمە و لاوازیەکانی ئێمە بێ توانا نیە؛ چونکە هەروەکو مرۆڤێك وەکو ئێمە، بە هەموو رێگایەك تاقیکراوەتەوە. (عیبرانیەکان ٤: ١٤- ١٥). گریا لەگەڵ ئەوانەی کە دەگریان (یۆحەنا ١١: ١٥). خۆشحاڵ بوو لەگەڵ

ئەوانەی کە خۆشحاڵ بوون (لۆقا ١٠: ١٧، ٢١). برسی بوو (مەتا ٤: ٢)، ماندوو بوو (یۆحەنا ٤: ٦)، وازی لێ هێنرا (مەتا ٢٦: ٥٦)، خیانەتیان لێکرد (مەتا ٢٦: ٤٥)، شەلاقیان لێدا (مەتا ٢٦: ٢٧)، گاڵتەیان پێکرد (مەتا ٢٧: ٣١)، لە خاچ درا (مەتا ٢٧: ٣٥).

خۆشحاڵیی نەگۆڕ ئەوە ناگەیەنێت کە تەنها خۆشی و شادی بێت. کەواتە ئایا ئەو لە نێوان شادی و خەم دا کەوتبوە کێشمەکێشەوە؟ ئایا گیانێکی شکۆدار کە هەمیشەییە، دەکرێت لە ئازاردا بێت؟ بەڵێ، ئازار؛ بەڵام نەك بڕین و جیابوونەوە. عیسا ئاڵۆز بوو، بەڵام سەرلێشێواو نەبوو. ئاوازی جیاوازی میوزیك لە ناو رۆحیدا هەبوو، بەڵام ئەنجامەکەی سامفۆنیایەك بوو. فەرماندەیەك کە هونەری تێکەڵ لە جەنگدا بەکاردەهێنێت، لەوانەیە رێگە بدات کە دوژمن بە سەرکەوتنی رووکاری و کاتی بگات، بەڵام بزانە کە ئەم دەرفەتە، ئەوەیە کە ئەو فەرماندەیە لە کۆتاییدا خۆی بە سەرکەوتنێکی گەورەتر بگەیەنێت؛ ئەمە نیشانەی تێکەڵی مێشکی ئەو نیە. بەڵکو بۆ کەسانێك تێکەڵ دەردەکەوێت کە تەنها بەشێکی جەنگەکەیان بینیوە. بەڵام ئەم تێکەڵبونە، رووکارییە، بریتییە لە راستگۆیی و شانازی ئەو فەرماندەیە. زەریایەکی هێمن لەوانەیە تووشی هەزارەها لافاو بێت، بەڵام لە دووری سەدان میل لە ئاسمانەوە، قوڵی و ئارامی پڕشکۆی ئاو دەبینرێت کە گوایە هەرگیز تەواو نابێت.

دڵشادیی ئەزەلی، عیسای بەدرێژایی ئازاری باخی جەتسیمانی و گردی جەڵجتا هێشتەوە. ﴿ئەوەی لە پێناوی ئەو خۆشیەی چاوەڕێی دەکرد، دانی بە خۆی گرت کاتێ لە خاچیان دا، شەرمەزاری پشگوێ خست، دوایی لەلای دەستە راستی خودا دانیشت﴾ (عیبرانیەکان ١٢: ٢)؛ و ئەو شادییەی کە ئەوی بە هەموو شێوەیەك لەسەر پێ دەهێشتەوە، چی بوو؟ ئەو خۆشییە، خۆشی وەرگرتنی پەرەستن بوو لەلای ئەوانەی کە ئەو لە پێناویان لەسەر خاچ گیانی سپارد، بۆ ئەوەی ئەوان رزگار بکات، و لە خودا خۆشحاڵیان بکات. ئەو

شوانە باشەیە کە بۆ دۆزینەوەی بەرخێك خۆشحاڵی دەردەبڕێت (مەتا ١٨: ١٣)، زۆر زیاتر بۆ دەستەیەکی گەورە و نەژمێراوی رزگارکراوەکان ئەم خۆشحاڵیە دەردەبڕێت!

ئایا لەم راستیەدا، هیچ وانەیەکی شاراوە هەیە کە فێری ئێمەی بکات چۆن دەبێت رەنج ببینین؟ تا ئێستا سەرنجتان داوە کە ئێمە نەك تەنیا پێویستە وانە لە رەنجی خودا وەربگرین، بەڵکو لە شادی خوداوەندیش؟ پۆڵۆس بۆ کلیسای سالۆنیکی دەنوسێت ﴿ئێوە لە تەنگانەیەکی زۆردا وشەی خوداتان بە خۆشیەوە لە رۆحی پیرۆز وەرگرت﴾ (١ سالۆنیکی ١: ٦). ئەوە خۆشحاڵی خوداوەند بوو کە لە کاتە سەختەکاندا، ئەو کلیسا گەنجەی پڕ کرد.

لە رۆژگاری ئێستاماندا، ئەم رەنج و ئازارە، بانگ کردنێکە. ئایا بە هۆی مەسیحەوە رەنج و ئازار دەگرینە خۆمان؟ نەك خۆشی و شادی، بەڵکو رەنج و ئازار. ئایا گوێ لە عیبرانیەکان ١٣: ١٣ دەگرین، ﴿بەشداری رسوایی ئەو بکەین، ئەوەی لە پێناو ئێمە بەسەری هات؟﴾ وەڵامی ئەمە پەیوەستە بەوە کە ئایا شاری خودا گرنگترە، یان شاری مرۆڤەکان؟ ئایا ئێمە وەڵام دەدەینەوە، ﴿لەسەر ئەم زەویە هیچ شارێك نیە بۆمان بمێنێتەوە، با هەوڵ بدەین بۆ شاری داهاتوو﴾ (عیبرانیەکان ١٣: ١٤) ئایا دڵ بە خۆشییە کاتییەکانی میسڕ دەبەستیین؟ (عیبرانیەکان ١١: ٢٥- ٢٦)

ئەو کەسانەی کە تامی شادی خودایان کردووە، بە دڵنیایەوە هیچ شتێك باشتر نیە لەو ئومێدەی کە لە کۆتاییدا لەوەوە گوێت لێیان لێدەبێت، ﴿باشت کرد ئەی کۆیلەی چاك و دەست پاك ..... وەرە ژوورەوە بۆ خۆشی گەورەکەت﴾ (مەتا ٢٥: ٢١). شاری خودا شاری خۆشحاڵییە، و ئەو خۆشحاڵییە، خۆشحاڵیەکی بێ کۆتایی مەسیحە.

# نوێژ

***ئـەی بـاوك، ئـەوە دڵ ئارامییـەكی زۆرە بـۆ ئێمـە كـە تـۆ و كوڕەكەت، هەرگیز دڵتەنگ نابن و هەرگیز فێڵتان لێناكرێت. ئێمـە بەوە دڵمان بـەو راستیە زۆر خۆشـە كـە تـۆ دەتوانیـت بـێ ئەنـدازە دڵخۆش بیت بە بێ ئـەوەی بـەدوور بیت لـە ئازارەكانمـان. سـەرمان لەوە سوڕماوە كە رووناكی خۆشی مەسیح پەلكە زێڕینەیـەك لـەناو فرمێسكی روخساری دروست دەكات. بە حەسرەتی ئەو رۆژەین بـەو شێوەیەمان لێبێت. دەمانەوێ لە خۆشی باوەڕماندا بەهێز و جێگیر بـین. بـەڵام نامانـەوێت خـەمی گونـاهی خۆمـان و رەنـج و ئـازاری بەرامبەرمان پشتگوێ بخەین. ئەی پەروەردگار، مەبەستی كوڕەكەت لـە ئێمـەدا بـەدی بێنـە كـە پـەیمانی داوە خۆشـی و شـادییەكەی لـە ئێمـەدا دەبێـت و خۆشـی ئێمـە پـڕ دەبێت. تكایـە میـوەی رۆحـی پیرۆز؛ خۆشی؛ لـە ژیانمانـدا بگەشـێنەوە. بـەیانیان، بـە میهرەبـانی بـەهێزت دڵخۆشمـان بكـە، بۆ ئـەوەی لـە تـۆدا دڵخـۆش و شـاد بـین. گیانـە خـەوتووەكانی ئێمـە لـە خـەوی سسـتیی و پشـتگوێ خسـتن بەئاگا بێنەوە و نامیهرەبانی لە دڵمان دووربخـەوە. گـڕی پـەرۆشمان بۆ شكۆی ناوت بگەشێنەوە. با مەسیح بە خۆشییە هەمیشەییەكەی لە دڵمانـدا نیشتەجێ بێت كە رۆژ لـەدوای رۆژ زیـاتر و زیـاتر بـبین بـە وێنـە خۆشـحاڵەكەی مەسـیح و بـەو هۆیـەوە ببینـە پەنـاگـە و حەسانەوەی هەمیشەیی بۆ دنیای خـەڵكی بێهیوایان و دونیـای ئـەو كەسانەی بە دوای شـادومانیدا وێڵـن، كـە نـازانن تامـەزرۆی شـكۆی خۆشی خودان لە عیسای مەسیحدا. بە ناوی مەسیح نوێـژ دەكـەین، ئامین.***

**((ئەمە کێیە کە تەنانەت رەشەبا و**

**دەریاش ملکەچن بۆی؟))**

**مەرقۆس ٤: ٤١**

# 5
# شەپۆل و بایەکان هێشتا دەنگی دەناسنەوە

## *هێز و توانای عیسای مەسیح*

✝

لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٩٥، من و هاوسەرەکەم، نوێل، و دووان لە منداڵەکەمان لەسەر رێگای راستەوخۆی رەشەبای ئارینی شاری پنسیکلای فلۆریدا بووین، دوور لە پەنجەرەکا کەوتبوینە سەر زەویەکە، دار سنەوبەرێکی گەورە شکایەوە و گۆشەیەك لە ژووری نوستنەکەمانی روخاند. لە ساتەوەختی رەشەباکەدا، زۆر بە ئارامی لە ماڵ هاتینە دەرەوە. نزیکەی بیست خولەك دواتر، بە هۆی بەردەوام بوونی رەشەباکەوە، دووبارە خۆمان پەنا دا، کە رێك لەو ساتەدا رەشەباکە دوکەڵکێشی دەخستە خوارەوە، و ئۆتۆمبێلەکانی ژێر لقەکانی دار بەڕووەکە کە بە گەورەیی دارە کۆنە سەد ساڵەکان بوون، پان دەکردەوە.

لە کاتی رەشەباکەدا، ساتێکی پڕ لە پەرستنم بەسەربرد، سەرەڕای ئەوەی کە نیگەران بووم لە بەرامبەر توانای روخساری ترسناك و نەوەستاویدا. لەدەست چوونەکان بەئازار بوون، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ وێرانکاری رەشەباکەی میچ لە ساڵی ١٩٩٨، لە هندوراس نەبوو؛ کە ١٠٠٠٠ کەسی لەناو برد، و بچوکتر بوو لە رەشەباکەی مانگی نیسانی ١٩٩١، کە ١٣١٠٠٠ کەسی لە بەنگلادش لەناوبرد، و نۆ ملیۆنی دیکەشی ئاوارە کرد، ئێوە لە ناو گەردەلولێکی لەم چەشنەدا، دوو هەڵبژاردن زیاترتان نیە، یان ستایشکردن یان نەفرەت کردن.

ئەوە با بوو کە دە منداڵی ئەیوبی کوشت. ﴿بایەکی بەهێز لە چۆڵەوانییەوە هات و لە هەر چوارگۆشەی ماڵەکەی دا، کەوت بە سەر خزمەتکارەکاندا و مردن﴾ (ئەیوب ١: ١٩). کاتێك دوومەڵەکانی جەستەی پێ

زیاد بوو، هاوسەری ئەیوب وتی، ﴿نەفرەت لە خودا بکە و بمرە!﴾ (ئەیوب ٢: ٩). ئەیوب بە شێوەیەکی جیاواز بیری لە مەرگی منداڵەکانی دەکردەوە: ﴿ئەیوب هەستا و کەواکەی دادڕی و سەری خۆی تاشی و کەوت بەسەر زەویدا و کڕنۆشی برد و وتی: (بە رووتی لە سکی دایکمەوە دەرچووم و بە رووتیش دەگەڕێمەوە ئەوێ. خوداوەند دای و خوداوەند بردییەوە. با ناوی خوداوەند پیرۆز بێت)﴾ (ئەیوب ١: ٢٠- ٢١)؛ و کاتێ کە دوومەڵەکە بۆ خەمەکانی زیاد بوون، بە هاوسەرەکەی وت: ﴿ئایا چاکە لە خودا پەسەند بکەین بەڵام خراپە پەسەند نەکەین﴾ (ئەیوب ٢: ١٠).

هەم چاکە، هەم رەنج و زەحمەت، نەك تەنها یەکێکیان بەڵکو هەردووکیان کاری خودایە، و بانگی ئێمە دەکات بۆ ئەوەی خودا بپەرستین. دواتر، ئەلیهو لە کتێبی ئەیوبدا بە روونی باسی ئەمە دەکات: ﴿لە باشورەوە گەردەلول دێت ....... هەروەها هەورەکان بە شێ بار دەکات و هەورە بروسکەکەی پەرت دەکات. بە گوێرەی خواستی ئەو دەگەڕێن تا هەموو ئەوە بکات کە فەرمانی پێدەکرێت لەسەر رووی زەوی ئاوەدان. ئەگەر بۆ تەمێکردن بێت .... یان بۆ خۆشەویستی نەگۆڕ بێت، هەستە و لەکارە سەرسوڕهێنەرەکانی خودا وردبەرەوە﴾ (ئەیوب ٣٧: ٩- ١٤).

لە زەبورەکان ٢٩، زۆر بەجوانی و گەورەیی باس لە هەورە تریشقە و گەردەلول دەکات. ﴿خودای شکۆمەندی تریشقە دەدات ..... دەنگی خوداوەند بەشکۆیە. دەنگی خوداوەند داری ئورز دەشکێنێت. دەنگی خوداوەند دار بەڕوو لوول دەدات و دارستانەکان رووت دەکاتەوە. لە ناو پەرستگاکەیدا هەموو هاواری شکۆمەندییەکەی دەکەن﴾ (زەبورەکان ٩٢: ٣- ٥، ٩).

ئەوە شکۆی خودایە کە دەستە بەهێز و بەتواناکەی لە رەشەبا و بروسکە دەخاتە روو. ﴿خوداوەند مەزنە ..... هەرچی پێی خۆش بێت دەیکات؛ لە ئاسمان و لەسەر زەوی ...... بروسکە بۆ باران دروست دەکات؛ و لە گەجینەی خۆی با دێنێتە دەرەوە﴾ (زەبورەکان ١٣٥ :٥- ٧). ﴿ستایشی

خوداوەند بکەن لە زەوییەوە، ئەی دێوی دەریا و هەموو قوڵییەکان، ئاگر و تەرزە، بەفر و تەم، رەشەبا کە وشەی خۆی جێبەجێ دەکەن﴾ (زەبورەکان ١٤٨: ٧- ٨) پێی ئیسحاق واتز[C] لە سەر زەوی و رۆحی لە ئاسمان بوو؛ کاتێ کە نوسی، "هەورەکان بەرزبونەوە، گەردەلولەکان بونیان نەما؛ بە یەك فەرمانی تەختەکەی تۆ".

کەواتە، بە پشت بەستن بەو شتانەی کە ئاماژەمان پێدا، ملکەچ بوونی سروشت لە بەرامبەر هێزی مەسیح لە کاتی هاتنی بۆ ئەم جیهانە، شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە. ئەو فەرمانی بە رەشەبا کرد، رەشەباکەش پەیڕەوی کرد؛ کاتێك قوتابییەکانی ئەمانەیان بینی، واقیان وڕما و پاشان ئەویان پەرست. ﴿ئینجا رەشەبایەکی توند هەڵیکرد، شەپۆلەکان بە توندی لە بەلەمەەیان دەدا .... کاتێك عیسا هەستا و لە بایەکەی راخوڕی و بە دەریاچەکەی وت: (بێ دەنگ بە! هێمن بە!) بایەکە وەستا و بووە هێمنییەکی تەواو .... قوتابیەکانی تۆقین و بە یەکتریان وت: (ئەمە کێیە، تەنانەت با و دەریاش بە قسەی دەکەن!﴾ (مەرقۆس ٤: ٣٧- ٤١).

ئاو لە حاڵەتێك زیاتر ملکەچی فەرمانی مەسیح بوو. کاتێ عیسا فەرمانی کرد، ئاوەکە لە ژێر پێیدا "رەق" بوو، ئەوسا عیسا بەسەریدا تێپەڕ بوو. کاتێك قوتابیەکانی ئەمەیان بینی، ﴿ئەویان پەرەست، و وتیان (بەڕاستی تۆ رۆڵەی خودای)﴾ (مەتا ١٤: ٣٣). لە کاتێکی تردا، لە ئاهەنگێکی هاوسەرگیری، لە دێی قانا، فەرمانی بە ئاو کرد، بوو بە شەراب. یۆحەنا لە کاتی بینینی ئەمەدا دەڵێت ﴿ئەو شکۆمەندی خۆی دەرخست و قوتابیەکانی باوەڕیان پێ هێنا.﴾ (یۆحەنا ٢: ١١). با و ئاو، هەرچی خوداوەند عیسا پێیان بڵێت، ئەنجامی دەدەن، ئارام بەرەوە. بەرگەی قورسایی بگرە. ببە بە شەراب! ، یاساکانی سروشت لە لایەن مەسیحەوە دروست کراون، و ئەو یاسایانە تەنیا بە فەرمانی ئەو دەگۆڕدرێن.

مەسیح نەك تەنیا پێكهاتەی هەموو شتێكی دروست كرد (یوحنا ۱:۳؛ كۆلۆسی ۱:۱٦؛ عیبرانیەكان ۱:۲). بەڵكو بوونی ئەوانە لە دونیادا، سات لە دوای سات بە ویستی ئەو دەپارێزرێن. ئەو ﴿دەستی گرتووە بەگەردوون، بەهۆی وشە تواناداەرەكەی خۆی﴾ (عیبرانیەكان ۱: ۳). ﴿لە ئەودا هەموو شتێك دەبێت﴾ (كۆلۆسی ۱: ۱۷). عیسای مەسیح، سەرەتا مانای بە راستی بەخشیوە، و لە هەر چركەیەدا شێوەی پێدەدات.

مەرگ، تا (بەرزبوونەوەی پلەی گەری)، ماسی، خۆراك، دار هەنجیر. سەیری هەر شوێنێك بكەیت، مەسیح گەورەی تەواوی هەموو پێكهاتە مادییەكانە. بە یەك وشە فەرمان دەدات كە دووبارە زیندو بێتەوە. ﴿لەعازر وەرە دەرەوە﴾ (یۆحەنا ۱۱: ٤۳). ﴿ئەی كوڕی گەنج، بە تۆ دەڵێم، هەستە﴾ (لۆقا ۷: ١٤). ﴿ئەی كیژۆڵە، پێت دەڵێم هەستە﴾ (مەرقۆس ٥: ٤١). سەرزەنشتی تای كرد، و خەسوی پەترۆس تای نەما (لۆقا ٤: ۳۹). كارێكی كرد كە ماسیەك چوار درهەم بخوات و دوایی بكەوێتە ناو تۆڕەكەی پەترۆسەوە (مەتا ۱۷ :۲۷). پێنج نانی وەرگرت و نانی بە پێج هەزار كەس دا (مەتا١٤: ۱۹-۲۱). و نەفرەتی لە دار هەنجیر كرد و وشكی كرد (مەرقۆس ۱۱: ۲۱).

ئێستا، تەنیا یەك هەڵبژاردنمان هەیە، پەرەستن یان نەفرەتكردن. هەموو ئەوانەی كە لە لای گۆڕەكەی لەعازر راوەستابوون، قسەكانیان راست بوو، بەڵام دڵیان راست نەبوو، ئەوان وتیان ﴿ئایا نەیدەتوانی ئەمەی كە چاوی كوێری چاك دەكردەوە، نەیدەهێشتایە لەعازر بمریێ؟﴾ (یۆحەنا ۱۱: ۳۷). بەڵێ دەیتوانی، بەلام عیسا، هاتنی بۆ ماڵی لەعازر بەجۆرێك رێكخستبوو كە بهێڵێت لەعازر بمرێت، ئەو دوو رۆژ چاوەڕێی كرد، ئەو كاتە فەرمووی ﴿لەعازر مردووە، بەلام لەبەر ئێوە من دڵشادم كە لەوێ نەبووم، تا باوەڕ بهێنن، با برۆین﴾ (یۆحەنا ۱۱: ١٤- ۱٥). بەڵێ دەیتوانی رزگاری بكات. رێك وەكو ئەوەی دەیتوانی منداڵەكانی ئەیوب رزگار بكات، و دەیتوانی بە

فەرمان دان بە گەردەلوول (میچ) بگەڕێتەوە بۆ دەریا، زیاتر لە دە هەزار کەسی لە هەندوراس و گواتمالا رزگار بکات، هەر بەو شێوەیەی کە لە جەلیلدا کاری کرد.

ئایا فەرمانڕەوای جیهان، دەپەرستین یان نەفرەتی دەکەین؟ ئایا گوناهکارەکان فەرمان دەردەکەن کە پێویستە کێ زیندو بێت، کێ بمرێت؟ یان بە حەنا دەڵێین ﴿خوداوەند مرۆڤ دەمرێنێت و زیندووشی دەکاتەوە، بۆ جیهانی مردووانی شۆڕ دەکاتەوە و سەریشی دەخاتەوە﴾ (١ ساموئێل ٢: ٦). ئایا پێویستە ئێمە، بە سەر خۆڵاوییەوە، لەگەڵ ئەیوب ستایشی خودا بکەین (شکۆ بۆ ناوی خوا) (ئەیوب ١: ٢١). ئایا لە یاقوبەوە فێردەبین کە لە هەموو ئەم سەختیانەدا، مەبەستێك باش بوونی هەیە ﴿دانبەخۆگرتنی ئەیوبتان بیستوە و دەزانن چۆن خوداوەند پاداشتی دایەوە چونکە خوداوەند دڵنەرمە و بەزەیی زۆرە﴾ (یاقوب ٥: ١١). ئەو کاتەی کە لەگەڵ رەشەباکە روبەڕو دەبینەوە، لە شەپۆلی سەختیدا رادەوەستین، ئایا نابێت لەگەڵ کاترینا ڤان شلێگل گۆرانی بلێین،

*ئارام بە، گیانی من، خودا بەڵێنی داوە کە*

*لە داهاتودا رێبەریمان بکات، هەروەك چۆن لە رابردودا کردویەتی؛*

*رێگە مەدە هیچ شتێك هیوا و متمانەکەت بلەرزێنێت؛*

*هەموو شاراوەیەکی ئێستا لە کۆتاییدا روناك دەبێت.*

*ئارام بە، گیانی من! شەپۆل و بایەکان هێشتا دەنگی ئەو کەسە دەناسنەوە*

*کە فەرمانڕەوایی دەکردن ئەو کاتەی لە سەر زەوی نیشتەجێ بوو.*

## "ئارام بە گیانی من"

# نوێژ

***ئـەی خـودا، لـەم دونیایـەدا، دەردی زۆر، و ڕەنجـی زۆر گـەورە هەیـە! بـەزەییت پێمانـدا بێتـەوە؛ ملیۆنـەها ڕۆح کـە لـە ڕەنـج و ئـازارن بـە هیـوای کـەمێك ئـارامی لـە کـاتی ئێستـادا، و بـەرزترین خۆشـی داهـاتوو بـە ئاگـایی بهێڵـەوە. خودایـە، کڵێسـاکەت بنێـرە؛ لەگـەڵ بـەزەیی و وشـەی ئینجیلـدا بینێـرە؛ بـۆ ئـەوەی بەخشـینی گوناهـەکان ڕابگەیـەنێت، بـە هـۆی باوەڕهێنـان بـە مەسـیح شـتێکی دڵنیاییە و ڕەنجی ئێستا شایەنی هەیە چونکە شکۆ بۆ کوڕەکانی خودا دەردەکەوێت. ئەی باوك، کڵێساکەت بەرامبەر ئـەو بێدەگییـە بپارێزە، بەرامبەر ئـەو نەهامەتییـەی دەبێتـە هـۆی هـەژار کـردن و بێدەسەڵات کردنی ملیۆنەها کەس، هەروەها کڵێساکەت بپارێزە لـە لاوازکـردن و متمانـە نـەکردن وەکـو چـۆن هاوسـەرەکەی یـاقوب لەوپەڕی نەهامـەتی و بەدبەختیدا متمانـەی بـە دەسـەڵات و باشـی مەسیح نەکرد. ئای خودا، یارمەتی بێباوەڕیمان بـدە. دڵمـان ملکـەچ بکە بۆ وشەکەت و بۆ ئەو بەڵێنەی کە تۆ "هـەموو شـتێك بـە پێـی ویسـتی خـۆت ئـەنجامی دەدەیـت" و "کـەس ناتوانێـت ڕێگـری لـە مەبەستی تۆ بکات" و هـەروەها دڵمان ملکەچـی ئـەوە بکـە کـە تـۆ شتەکان بە باشی ئەنجام دەدەیت و دانایانە هەڵسوکەوت دەکەیت بە شـێوەیەك کـە ئێمـە تەنانـەت نـاتوانین خەونیشـی پێـوە ببینـین. ئاشتیمان پێببخشە. ئەی پەروەردگار، ڕێگە مەدە گلەیی و بۆڵـەبۆڵ بکـەین. لـە ژێـر دەسـتی بـاڵای تـۆدا دڵێکـی بێفیـز و ملکەچمان پێببەخشە. فێرمان بکە کە بۆ مەبەستی هەمیشـەیی و پیرۆزی تـۆ لـە هـەموو کارێکـدا، چاوەڕێ و وریـا بـین. پێمـان ببەخشـە "بـە ئومێدەوە دڵشاد بین" تەنانـەت ئەگـەر بارودۆخی ئێستامان ببێتـە هـۆی ڕشـتنی فرمێسـکەکانمان. چـاوی دڵمـان بکـەوە بـۆ ئـەوەی گـەورەیی سـامان و بـەشمان لـە مەسـیحدا ببیـنین و بـە دەسـتێکی کـراوەوە بمـانێرە بـۆ ئـەوەی بـە میهرەبانییـەوە نەهامەتییـەکانی جیهان کەم بکەینەوە. بە ناوی مەسیح، ئامین.***

((ئەی خوداوەند، تۆ هەموو شتێك دەزانیت.))

یۆحەنا ٢١: ١٦

((ئەوەی ڕوودەدات من پێش ڕوودانی پێتان دەڵێم،

تاکو کاتێك ڕوویدا باوەڕبهێنن من ئەوم.))

یۆحەنا ١٣: ١٩

# 6

# کەسێك لە سلێمان مەزنتر، لێرەیە

## *دانایی عیسای مەسیح*

زۆرێك لەوانەی کە دەیانویست عیسا بێدەنگ بکەن، لە کۆتاییدا وتیان ﴿هەرگیز کەس وەك ئەو قسەی نەکردووە﴾ (یۆحەنا ٧: ٤٦). یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم دانپێدانانە، دانایی و زانیاری بێهاوتای عیسایە.

شاژنی شەبا ئەوەندە لە دانایی و زانیاری سلێمان سەری سوڕمابوو بە جۆرێك کاتێك هەموو ماڵەکەی ئەوی بینی، و گوێبیستی وەڵامەکانی بوو، ﴿واقی وڕما﴾ (١ پاشایان ١٠: ٥)؛ و بە تەواوی سەری سوڕمابوو. کەواتە مەبەستی عیسا چی بوو کاتێك فەرمووی: ﴿شاژنی باشووور لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا لەگەڵ ئەم نەوەیە ڕادەوەستێ و تاوانباری دەکات، لەبەر ئەوەی لەوپەڕی زەمینەوە هات بۆ گوێگرتن لە داناییەکانی سلێمان. ئەوەتا لە سلێمان گەورەتر لێرەیە﴾ (مەتا ١٢: ٤٢)؟

تەنانەت داناترین پاشاکانیش، وەکو ئەم پیاوە قسەیان نەکردوە. کەسێکی بێ هاوتا لە زانیاری و دانایی، هاتبووە سەر دیمەنی مێژوو. عیسا تا ماوەیەکیش دەیویست لەگەڵ پیاوە گەورەکانی سەردەمی خۆی گفتوگۆ بکات؛ بەڵام کاتێك کە ساتی گەیشت ئامادە بوو بۆ کار، بەیەك ڕستەی تەواو کۆتایی بە قسەکردن هێنا لەگەڵ ئەواندا ﴿ئەگەر داود پێی بڵێ خوداوەند، ئیتر چۆن دەبێ بە ڕۆڵەی؟﴾ (مەتا ٢٢: ٤٥). ﴿جا کەسیان نەیانتوانی تەنانەت بە وشەیەکیش وەڵامی بدەنەوە. ئیتر لەو ڕۆژەوە کەس نەیدەتوانی هیچ پرسیارێکی لێبکات﴾ (مەتا ٢٢: ٤٦). زانست و داناییش، ئەوی کردە گەورەی هەموو بارودۆخێك. یەکێك لە هۆکارەکانی پەرستنی عیسا و باوەڕ

بە ئەو، بەرزتر لە هەموو کەسێك، ئەوەیە گەورەتر لە دانایی و زانیاری ئەو بوونی نیە.

ئەو بە تەواوی هەموو کەسێك دەناسێت، و لە دڵ و بیری ئێمە ئاگادارە. یۆحەنا ستایشی ئەم داناییە گەورەییەی کرد، کاتێك کە وتی؛ عیسا باوەڕی بە خۆی نیە وەکو مرۆڤێك چونکە، ﴿ئەو هەموو خەڵکی دەناسیّ، پێویستی بە کەس نەبوو شایەتی بۆ بدات لەبارەی مرۆڤ، چونکە ناوەڕۆکی مرۆڤی دەناسی﴾ (یۆحەنا ٢: ٢٤- ٢٥ ). ئەو ئاگای لە هەموو بیر و هرزێکمانە، تەنانەت پێش ئەوەی باسی بکەین. مەسیح ئەو شتانە دەبینێت کە کەس توانای بینینی نییە. هیچ شتێك لە چاوی مەسیحەوە شاراوە نیە. ﴿عیسا زانی بیر لە چی دەکەنەوە لێی پپرسین: (بۆچی لە دڵتان بە خراپە بیردەکەنەوە؟﴾ (مەتا ٩: ٤). لەم روەوە، دانپێدانانی کڵێسا سەرەتاییەکە بەم شێوەیە بوو: ﴿ئەی خوداوەند، کە ئاگاداری دڵی هەمووانی﴾ (کرداری نێردراوان ١: ٢٤).

هیچ کەسێك توانای ئەوەی نییە سەر لە عیسا بشێوێنێت. هیچ کارێك یان بیرێك بۆ ئەو نادیار نیە. ئەو لە سەرەتا و کۆتایی ئەو بیرە یان ئەو کردارە بەئاگایە. نەخۆشی دەروونی ئاڵۆز و بلیمەتەکان لە بەرامبەر تێگەیشتنی ئەودا، روون و بێنهێنین. ئەو لە هەموو نهێنییەکی مێشك تێدەگات.

عیسا نەك تەنها هەموو ئێمەی بەو شێوەی کە ئەمرۆ بوونمان هەیە، دەناسێت بەڵکو لە بیرکردنەوە و کارەکانی سبەینێش ئاگادارە. ئەو لە هەموو ئەو رووداوانەی کە روودەدەن، ئاگادارە. ئینجیلی یۆحەنا ئەمەی دڵنیاکردوەتەوە، چونکە یۆحەنا ئەم سیفەتە بە بەشێکی شکۆی خودابوونی عیسا دەبینێت. ﴿عیسا دەیزانی کەچی بەسەر دێت﴾ (یۆحەنا ١٨: ٤). لە سەر بنەمای هەمان هەواڵ بوو کە عیسا، ژمارەیەك رووداوی زۆر کە بڕیار بوو بەسەر هاوڕێ و دوژمنەکانیدا بێت، پێشتر پێشبینی کردبوو. ﴿عیسا لە

سەرەتاوە دەیزانی کێن ئەوانەی باوەڕی پێناکەن، هەروەها کێیە ئەوەی دەیدا بە دەستەوە﴾ (یۆحەنا ٦: ٦٤). (لە ئێستا بە دواوە)، ئەو فەرمووی، ﴿ئێستا بە ئێوە دەڵێم، پێش ئەوەی کە رووبدات، تا ئەوەی کە روودەدات، باوەڕ بکەن کە من هەم﴾ (یۆحەنا ١٣: ١٩، وەرگێڕانی نوسەر).

بە شێوەیەکی تر، مەسیح ئەو کارانەی پێشبینی کرد بۆ ئەوەی ئێمە باوەر بێنین کە (ئەو هەیە). چی هەیە؟ کە ئەو کوڕی خودایە. (من هەم)، ناوی خودایە لە کتێبی دەرچوون ٣: ١٤؛ و ناوێکە کە لە کتێبی ئیشایا ١٠: ٤٣ بە شێوەیەکی تایبەت بۆ خودا بەکارهاتوە، بە شیمانەیەکی زیاد، ئامانجی عیسا لەو ناوە هەمان شت بوو، کە ئەو بە شێوەیەکی تەواو فەرمووی: ﴿ڕاستی راستیتان پێدەڵێم، پێش ئەوەی کە ئیبراهیم لەدایك بێ، من هەم﴾ (یۆحەنا ٨: ٥٨). عیسا دەیەوێت ئێمە باوەڕ بێنین کە ئەو خودایە. لەبەر ئەم هۆیەیە کە دەفەرموێت، ﴿ئەوەتا من پێشتر ئاگادارتان دەکەمەوە﴾ (مەتا ٢٤: ٢٥). پێشبینی کردنی ئەو، پێویستی خودا بوونی ئەوە.

فراوانی دانایی عیسا، هۆکارێکی باوەڕپێکراوە بۆ باوەڕهێنان بە بنیادی خودا بوونی ئەو. لەم روەوە، قوتابیەکانی وتیان، ﴿ئێستا دەزانین تۆ هەموو شتێك دەزانی، پێویست بەوە ناکات کەس پرسیارت لێبکات، لەبەر ئەوە باوەر دەهێنین تۆ لە خوداوە هاتوویی﴾ (یۆحەنا ١٦: ٣٠). عیسا لە رۆژەکانی کۆتایی ژیانیشی لەسەر ئەم دونیایە، سێ جار لە پەترۆسی پرسی، ﴿ئەی شەمعونی کوڕی یۆحەنا، منت خۆش دەوێت؟ پەترۆس دڵگران بوو، لەبەر ئەوەی سێ جار لێی پرسی بوو کە ئایا منت خۆش دەوێت؟ بۆیە پێی وت ئەی خوداوەند تۆ هەموو شتێك دەزانی. تۆ دەزانیت کە خۆشم دەوێیت﴾ (یۆحەنا ٢١: ١٧). پەترۆس ئەنجامی لەوە وەرنەگرت کە عیسا بە هۆی داناییەوە هەموو شتێکی دڵی پەترۆس دەزانێ بەڵکو ئەنجامی لەوە وەرگرت کە عیسا دانایی تەواوی هەیە بۆیە هەموو شتێکی دڵی دەزانێت. ﴿تۆ هەموو شتێك دەزانێت﴾ دەربرینێکی گشتی و تەواوی ناو ئینجیلی

یۆحەنایە، عیسا هەموو شتەکانی ئێستا و ئەوانەی لە داهاتوودا روودەدات دەزانێت.

بەڵام لە ئینجیلی (مەتا ٢٤: ٣٦) لەبارەی دووبارە گەڕانەوەی بۆ سەر زەوی دەفەرموێ: ﴿کەس ئاگاداری ئەو رۆژ و کاتە نیە، تەنانەت فریشتەکانی ئاسمانیش، جگە لە من و باوك نەبێت﴾. هەرچەندە کە ئەم ئایەتە لەگەڵ ئەو بانگەشەی کە عیسا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، زۆرترین جیاوازی هەیە؛ بەڵام بە بۆچوونی من، عیسا لە سروشتی خودابوونی دا نەبوو، بەڵکو لە سروشتی مرۆڤبوونیدا، لە گەڕانەوەی دووبارەی خۆی ئاگادار نەبوو. بوونی سروشتی مرۆڤی و خودایی عیسا لە یەك کەسدا، یەکێکە لە گەورەترین نهێنیەکانی جیهان.

گەورەترین شت کە لەبارەی دانایی عیساوە کە دەتوانرێت باسبکرێت، ئەوەیە کە ئەو بەتەواوی خودا دەناسێت. ئەو بەتەواوی خودا دەناسێت چونکە ئەو بۆ خۆی خودایە، ئێمە خودا بە ناتەواوی دەناسین، عیسا بە جۆرێك خودا دەناسێت کە هیچ کەسێکی تر بەو شێوەیە نایناسێت. ئەو بە شێوەیەك خودا دەناسێت کە کەسێك بە داناییەکی تەواوەوە، خۆی دەناسێت. ﴿باوکم هەموو شتێکی پێسپاردوم، کەس ڕۆڵە ناناسێت باوك نەبێت، کەسیش باوك ناناسێت ڕۆڵە و ئەو کەسانە نەبێت کە ڕۆڵە دەیەوێ بۆیانی دەربخات﴾ (مەتا ١١: ٢٧). تەنها عیسا، باوکی ئاسمانی بە بێخەوش و دەستبەجێ و بەتەواوی دەناسێت. زانیاری ئێمە دەربارەی خودا بە تەواوی پشت دەبەستێ بە دەرخستنە میهرەبانییەکانی مەسیحەوە. دانایی ئێمە لاوەکییە و هەڵەیە و بە هۆی گوناهەکانیشمانەوە ناتەواوە.

دەربارەی دانایی مەسیح، هیچ شتێك لەمە گەورەتر ناکرێت بوترێت، کە ئەو خودای بەتەواوی دەناسی. هەموو راستییەکان لە دەرەوەی خودا، بە بەراورد لەگەڵ راستییە ئەزەلییەکاندا، کە خودایە، لاوەکی دەبێت. ئەوەی خودا بەدی هێناوە، بە بەراورد لەگەڵ قووڵی و ئاڵۆزی ئەوەی کە خودا

کێیە، وەکو یاری منداڵانە. هەموو زانستەکان کە تەنها لێکۆڵینەوە لەسەر رووی زەوی دەکەن، وەکو ئەلفبێ وایە، بە بەراورد لەگەڵ گەورەیی دانایی مەسیح کە لەسەر دونیای دروستکراو هەیەتی و تەنانەت ئەم ناسینەی دونیای دروستکراو وەکو دڵۆپێك شەونمی سەر گەڵای روەکێك وایە بە بەراورد لەگەڵ زەریای دانایی مەسیح کە لەسەر بوونی خودا هەیەتی. هەرچەندە جیهان کاتییە بەڵام خودا ئەزەلییە. دانایی تەواوی ئەزەلییەت بریتییە لە ئەزەلییەت. کەواتە، ئەگەر بتەوێت وەکو مەسیح خودا بناسی، ئەوا دەبێت دانایی ئەزەلیت هەبێت.

با سەرمان نەوی بکەین و عیسای مەسیح بپەرستین. ئەگەر تەنانەت سەرمان بسوڕمێ بە دانایی مرۆڤ و دەستکەوتە زانستییەکانی، با ئەم جریوە جریوە بچووکانە جارێ نەدەین، و بەو کارەمان وەکو گێل خۆمان نیشان نەدەین، لەکاتێکدا بانگی هەورە بروسکەی زانستی تەواوی مەسیحمان پشتگوێ خستووە. تەنها عیسا شایانی گەورەترین ستایشی ئێمەیە. تەنها مەسیح شایانی ئەوەیە متمانەی پێبکەین. ئەو ئەتوانێت خودامان پێ بناسێنێت (مەتا ١١: ٢٧). ئەو دەتوانێت دانایەکی لە بن نەهاتوومان بداتێ (لۆقا ٢١: ١٥). ئەو دەتوانێت ئەوە ببینێت کە چۆن هەموو شتەکان پێکەوە بۆ چاکی ئێمە کار دەکەن (رۆما ٨: ٢٨). تا ئێستا هیچ کام لە حوکمەکانی دەربارەی هیچ شتێك هەڵە نەبووە (یۆحەنا ٨: ١٦). ئەو رێگەی خودا بە راستییەکی چەسپاو فێری خەڵکی دەکات (مەتا ٢٢: ١٦). متمانەی پێ بکە. لەگەڵی بەردەوام بە، شوێنی بکەوە. چونکە ﴿لە ئەوا هەموو گەنجینەی دانایی و زانیاری شاردراوەتەوە﴾ (کۆلۆسی ٢: ٣).

# نوێژ

*باوکە، لەگەل زەبوور نـووس دەریـدەبڕین کـە دانایـیەکی لـەم جـۆرە بـۆ ئێمـە زۆر جێگـای سەرسـوڕمانە، ئەوەنـدە گەورەیـە کـە ناتوانین بەدەستی بێنین. ئێمە بە ترس و سامەوە لەبەردەم دانـایی و زانیاری ئەزەلی تۆدا راوەستاوین. ئێمە پڕین لە پرسیار بـەڵام تـۆ پڕیت لە وەڵام. هیچ راز و نهێنییەك بۆ تۆ بوونی نییە. راستییەك بوونی نییە کە تۆ ئاگاداری نەبیت؛ کێشـەیەك بـوونی نییـە کـە تـۆ توانـای چارەسـەرکردنیت نـەبێت. رووداوێـك بـوونی نییـە کـە تـۆ نەتوانیت روونکردنەوەی لەسەر بدەیت؛ هیچ دوڕوییەك نییە کە تۆ نەتوانیت بیبینیت. پێمان ببەخشە کە بینین و هەست بەوە بکەین کە بیری دانایی تەواوت لەگەڵ دەسەڵات و شکۆتدایە، بەو هۆیەوە دەتـوانین بـە تـەواوی پشتت پـێ ببەسـتین. ئامۆژگـاری تـۆ هـەموو شـتێك لەبەرچـاو دەگرێـت، بـە رابـردوو و داهاتووشـەوە. پلانـی باشـی تـۆ، هـەرگیز لـە ئـەنجامی پێشـهاتە چـاوەڕوان نەکراوەکانـدا؛ گۆڕانکـاری بەسـەردا نایـەت. دەتـوانین پشـتت پـێ ببەستین، کاتێك پشتت پێ دەبەستین؛ ئەی باوك نوێژ دەکـەین کـە دانایی و زانیاری خۆت تـا ئـەو رادەیـە نیشانی ئێمـە بـدە کـە ژیـان بکـەین و خۆشەویسـتی ببەخشـین؛ و لـە کۆتاییـدا بـە شـێوەیێك بمرین کە بۆ خەڵکی دیکە ژیانبەخش بێت و گیانمان ئاسوودە بکات و تۆ شکۆدار بکات. لێوی دانا، کانی ژیانە؛ ئەی خودا، خۆت دەزانـی کـە چـەندە تامـەزرۆی ئـەوەین کـە ببینـە سەرچـاوەی ژیـان بـۆ لەناوچووان. دانایی خۆتمان پێببەخشە بەو رادەیەی کـە بتـوانین بەرگەی بگرین. بە ناوی مەسیح، ئامین.*

**((ئەمە پیاوێکی زۆر خۆر و مەستە، هاوڕێی باجگران و گوناهبارانە.))**

**مەتا ١١: ١٩**

# 7

# هەژاریەکی شکۆداری ناوبانگ خراپ

## *سووکایەتی کردن بە عیسای مەسیح*

✝

ئەگەر ناوبانگی باش لە دەوڵەمەندی باشتر بێت (پەندەکان ١: ٢٢)، ئەوا عیسا دوو ئەوەندە هەژار بوو. نەك تەنها ﴿خۆی کرد بە هیچ﴾ بەڵکو دەستبەرداری دەوڵەتی شکۆدارەکەی ئاسمان بوو (فیلیپی ٢: ٧- ٨) بۆ ئەوەی لە نێوانماندا بژی وەکو یەکێك کە ﴿هیچ جێگایەکی نەبووە سەری بخاتە سەر﴾ (لوقا ٩: ٥٨) بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا جار لە دوای جار ناوبانگی پەڵەدار کرا. بوختانەکان کەم نەدەبوونەوە. قسە و قسەلۆکەکان راست نەدەکرانەوە. راستیە دەستکاریکراوەکان ئەوەندە نادروست بوون کە نەدەکرا وەڵام بدرێنەوە؛ و لە کۆتاییدا "ناوبانگە باشەکەی" گەورەترین مرۆڤ لە قودس روخێنرا. هەر ئەو ئاپۆڕایەی کە بە پاشا بانگیان کرد وەکو تاوانبارێك لەخاچیاندا.

بەڵام ئای چ شکۆیەك لە پشت هەریەك لەو رسواییانەوە خۆی حەشارداوە! سەیری سەربەرزییەکانی پاشاکەمان بکە لە هەموو ئەو بوختانانەی کە بەرگەی گرت.

بوختانەکان لە رۆژی لە دایکبوونیەوە دەستی پێکرد. بوختانەکە شایانی قبوڵکردن نەبوو؛ و خودا ئەمەی دەزانی. دایکی عیسا، بەرلەوەی مارە بکرێت سکی پڕ بوو. یوسف، باوکی عیسا نەبوو. لەم بارەیەوە مەتا دەڵێت: ﴿یوسفی دەزگیرانی، کوڕێکی چاك بوو نەیویست ئابڕووی ببات، بۆیە بڕیاری دا بە نهێنی وازی لێبێنێت﴾ (مەتا ١: ١٩). بەڵام ئەمە پلانی خودا نەبوو. بنبڕکردنی شەرمەزاری لە ئەجێندای کاری ئەودا نەبوو.

ئێمە نازانین کە مریەم چ ئازارێکی چەشتووە, بەڵام بۆ ساتێك دەتوانین ئەوە ببینن کە عیسا بەرگەی چی گرت. کاتێك کە هێزی راستی دژی دوژمنەکانی بوو، ئەوان هەمیشە ئەم کارتی سەرکەوتنەیان هەبوو و دەیانتوانی بیخەنە روو. لە ئینجیلی یۆحەنا ٨ دا, عیسا دووڕوویی و کۆیلایەتی ئەوان بە گوناە دەخاتەڕوو؛ تەنانەت ئەوەش رادەگەیەنێت کە شەیتان باوکی ئەوان بوو. کاتێك عیسا وتی: ﴿ئێوە ئەوە دەکەن ئەوەی باوکتان کردی﴾, ئەوان کارتەکەیان خستە روو ﴿ئێمە لە کاری بێڕەوشتیەوە لە دایك نەبووین, تا یەك باوکمان هەبێت کە خودا بێت﴾ (ئایەتی ٤١). تۆمەتبارکردنەکە پەردە پۆش نەکرا, عیسایان بە حەرامزادە ناوزەند کرد. تەنانەت تا سەدەی سێیەمیش, ئۆریجن[d] هێشتا وەڵامی ئەو بوختانانەی دەدایەوە کە لە نووسینەکانی سێلسوسدا[e] هاتبوو.

بەڵام چ رێزێك لە پشت ئەو بوختانەوە خۆی حەشارداوە! بەڵێ, مریەم بەر لە مارەکردنی سکی پڕبوو و یوسف باوکی جەستەیی عیسا نەبوو. بەڵام نەخێر, عیسا حەرامزادە نەبوو. راستیەکی تر لە ئارادایە ﴿فریشتەکە وەڵامی مریەمی دایەوە، رۆحە پیرۆزەکە لە پڕێکەوە بۆت دێت و هێزی زۆرترین بەرزایی سێبەری تۆ دەکات, بۆیە ئەو منداڵەی لە دایك دەبێت بە منداڵێکی پیرۆز- کوڕی خودا, بانگ دەکرێت﴾ (لوقا ١: ٣٥). لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هیچ لەدایکبوونێکی تری لەم چەشنە بوونی نەبووە. چونکە تەنها یەك کوڕی خودا بوونی هەیە. یەك مرۆڤی بێگەرد, یەك کەس کە هەم خودا بوو هەم مرۆڤ. یەك بەرخی تەواو کە هەموو گوناهی دونیا دەسڕێتەوە. ئای چ راستیەکی جوان لە ژێر هەموو درۆیەکانی دوژمنەکانی عیسا خۆی حەشارداوە. کاتێك کەسێك رقی لە ئامانج و مەبەستی تۆ بێت ئەوا هەموو ستراتیجیەکانی پڕ خۆشەویستی تۆ و تەنانەت ئەو ستراتیژیانەش کە پێچەوانەی خۆشەویستی دەردەکەوێت، بوختانی بۆ دروست دەکات. عیسا لەم بارەیەوە لە نەوەی خۆی سەرسام بوو. ﴿ئەم

نەوەیە لە چی دەچن؟ لەو منداڵانە دەچن کە لە گۆڕەپانی بازاڕەوە دانیشتوون﴾ (مەتا ١١: ١٦). ئەوانە نە بە بلوێر سەما دەکەن و نە بە شیوەنیش دەگرین. چونکە مۆسیقای راستی هەرگیز خۆش ئاواز نەبووە. یەحیای لەئاوهەڵکێش سرودی شیوەن بوو، عیساش بلوێر. نەوەکەی سەردەمی ئەوان هیچیانی نەدەبیست. چۆن ئەو دووانە بێدەنگ کران؟ بە بوختان.

چونکە یەحیا بە بێ خواردن و خوارنەوە دەهات، بۆیە دەیانوت ﴿رۆحی پیسی تێدایە﴾ کوڕی خودا بە خواردن و خواردنەوە دەهات و دەیان وت ﴿سەیر کەن، زۆر خۆر و مەستە, هاوڕێی باجگران و گوناهبارانە!﴾ (مەتا ١١: ١٨- ١٩) راستی لە قاڵبی یەحیای لەئاو هەڵکێش کە پێستی وشتری لەبەردەکرد هات، کوللەی دەخوارد و لە بیابان دەژیا؛ و پاشاکان بە داوێنپیس ناوزەندیان کرد. یەحیا هیچ پەرجوێکی ئەنجام نەدا و بە هۆی کچێکی سەماکار گیانی لەدەستدا. ئەمەش شایانی پەسەندکردن نییە.

ئەمەش بەو مانایە دەهات کە شێوە و حاڵەتی راستی، بەردی ساتمە نەبوو بەڵکو خودی راستی بەردی ساتمە بوو. بۆیە تاکە رێگەی دەربازبوونی دوژمنانی راستی، بریتی بوو لە زیادەڕەوی کردن و وتنی راستی ناتەواو. عیسا زۆر خۆر و مەستە هەربۆیە لەگەڵ باجگران و تاوانباران نان دەخوات. بەڵام لە پشت ناشرینی ئەم بوختانەدا شکۆیەکی میهرەبان هەیە. بۆچی لەگەڵ باجگران و تاوانباران نانی خوارد؟ خۆی وەڵامی دایەوە: ﴿مرۆڤی لەش ساغ پێویستی بە پزیشك نییە بەڵکو نەخۆش، من نەهاتووم بانگی ئەوانە بکەم کە خۆیان بە چاك دەزانن بەڵکو گوناهباران بۆ ئەوەی تۆبە بکەن﴾ (لۆقا ٥: ٣١، ٣٢). لە پشت بووختانی زۆر خۆری، میهرەبانیەکی نایاب هەیە. عیسا لە پێناو دانیشتن و رزگارکردنی تاوانباران ناوبانگە باشەکەی خۆی کردە قوربانی.

ئەوە شکۆی تواناکەی بوو کە خەڵکی لە رۆحی پیس رزگار کرد. چۆن ئەو چاکە مەزنە لەناودەچێ؟ ئەو راستییەی کە عیسا خەڵکی لە ستەمی شەیتان رزگاردەکرد نکۆڵی لێ نەدەکرا. ئەوە راستی بوو. بەڵام راستییەکان بەو سادەییە نابێتە هۆی ئەوەی کە نەفرەت لە راستی لەناوبچێت بەڵکو راستییەکان بە ئاسانی دەکرێت مەبەستەکەی بە هەڵە دەرببڕدرێت؛ هەر بەم هۆیەشەوە راستییەکان شێوەی فێڵیان بەخۆیانەوە بینی. ﴿رۆحی پیس بە سەرۆکی رۆحە پیسەکان دەردەکات﴾ (مەتا ٩: ٣٤). ﴿تۆ سامریت و رۆحی پیست تێدایە﴾. (یۆحەنا ٨: ٤٨). ﴿رۆحی پیسی تێدایە و وڕێنە دەکات، بۆچی گوێی لێبگرم؟﴾ (یۆحەنا ١٠: ٢٠). ئەمە باشترین کار بوو کە دەیانتوانی بیکەن. شەیتان، شەیتان دەردەکات.

بەڵام لە وەڵامی ئەم بوختانەدا خودا چ راستیەکی ئاشکراکرد! ﴿هەر شار وماڵێك دووبەرەکی تێدا بێت ئەوا خۆی راناگرێت﴾ (مەتا ١٢: ٢٥). هەربۆیە تەنانەت بوختانەکەش هەواڵێکی خۆشە. بەڵام راستی باشترە. ﴿پاشایەتی خودا دەچەسپێ بەسەرتان ئەگینا چۆن کەسێك دەتوانێت بچێتە ماڵی کابرایەکی بەهێزو شتەکانی تالان بکات؟ گەر یەکەم جار نەیبەستێتەوە, ئینجا ماڵەکەی تالان بکات﴾. (مەتا ١٢: ٢٨، ٢٩). ئەوسەری بوختان کردن بە مەسیح دەرکەوتنی پاشایەتی خوداوەندە. "کەسە بەهێزەکە" لە لایەن کەسێکی زۆر لەو بەهێزتر کۆت و زنجیر کرا. ماڵ و سامان بە تالان دەبرێن؛ دیلەکانیش ئازاد دەکرێن.

لەم بارەوە شەیتانەکان لە فەریسیەکان باشتر دەزانن: ﴿پیاوێك هەبوو کە رۆحی پیسی تێدا بوو هاواری کرد، عیسای ناسیری، چیت دەوێ لێمان؟ .... دەزانم تۆ کێی؛ پیرۆزەکەی خودا﴾. (مەرقۆس ١: ٢٣، ٢٤). عیسا شەیتانی لە رێگەی سەرۆکی شەیتانەکانەوە دەرناکات. عیسا وەکو پیرۆزەکەی خودا حوکم بە سەر شەیتاندا دەدات.

بوختانەکان بە بێ وەستان بەردەوامن. ﴿ناشێ ئەم پیاوە لە خوداوە بێت، چونکە سەرپێی یاسای شەممە دەکات﴾ (یۆحەنا ٩: ١٦) ﴿ئەم پیاوە گوناهبارە﴾ (یۆحەنا ٩: ٢٤). ﴿شێتە﴾ (مەرقۆس ٣: ٢١). ﴿خەڵکی دیکەی رزگار کرد بەڵام ناتوانێ خۆی رزگار بکات﴾ (مەتا ٢٧: ٤٢). ﴿گوێمان لێبوو دەیوت، ئەم پەرستگایەی دەست دروستی کردووە دەیڕوخێنم، دوایی بە سێ رۆژ پەرەستگایەك دروست دەکەم کە بە دەست دروست نەکرابێت﴾ (مەرقۆس ١٤: ٥٨). بەڵام هەرچۆنێك بێت ﴿راستی دانایی بە بەرووبومی دەردەکەوێ﴾ (مەتا ١١: ١٩) ﴿ئەگەر ئەم کەسە لە خودا نەبووایە، ئەوا نەیدەتوانی هیچ کارێك بکات﴾ (یۆحەنا ٩: ٣٣ ) ﴿هیچ کەسێك لە منی ناسێنێت، بەڵکو من بە ئارەزووی خۆم پێشکەشی دەکەم. دەسەڵاتی پێشکەش کردن و بردنەوەیم هەیە (یۆحەنا ١٠: ١٨).

لە کۆتاییدا، تەنیا ناوبانگی باشەیە کە گرنگە، ئەوە گرنگ نییە کە ئایا خەڵکی دەربارەی ئێمە چۆن بیر دەکەنەوە بەڵکو ئەوە گرنگە کە ئایا بۆچوونی خودا بەرامبەر ئێمە چۆنە. بوختانە بنچینەیەکە لە سەر خاچ روویدا. ﴿ئەگەر بەڕاستی خودا ئەمی بوێت ئەوا رزگاری دەکات﴾ (مەتا ٢٧: ٤٣). ئەگەر؟ شتێك بە ناوی ئەگەر بوونی نییە. گوومان لەوەدا نییە ﴿ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی زۆر پێی دڵشادم﴾ (مەتا ٣: ١٧). لە کۆتاییدا ئەوە تەنیا ئەم ناوبانگە باشەیە کە گرنگە ﴿من بەو دڵشادم﴾ ئەوە سامانی راستەقینەیە. ئەوە گەورەیی مەسیحە.

# نوێژ

***باوکی ئاسمانی، تۆ تاکە کەسی کە بڕیارەکانت لە کۆتاییدا گرنگە. روانینی خەڵکی بەرامبەرمان لەوانەیە رۆژگاری ژیانمان گەشتر یان دژوارتر بکەن؛ بەڵام ئەمە لە کۆتاییدا گرنگییەکی ئەوتۆی نابێت. ناوبانگیەکی باش لە نێو خەڵکدا باشترە لە سامانی ئێستا؛ بەڵام نە ناوبانگ، نە سامان ناتوانن لە بەرامبەر گڕی تاقیکردنەوەی تۆدا خۆیان رابگرن. راستی، تاکە شتێکە کە گرنگە. نەك پارە یان بۆچوونی مرۆڤ. ئەم شتە لە عیسای کوڕتەوە فێربووین. ئای، چەندە ئەم کەمتەرخەمیە بەردەوامەیمان خۆشدەوێ لە پەسەندکردنی مرۆڤەکاندا. ئێمە ستایشت دەکەین هەروەکو ئەشتێرەیەکی جەمسەری، کە چاوی لەسەر تۆیە. بۆچوونەکانی مرۆڤ نەیتوانی بەرەو راست یان چەپ لاری بکاتەوە. قیبلەنماکەی لەسەر تۆ جێگیربووە. ئێمە بەوە دڵگرانیین کە مرۆڤەکان بە سروشتی گوناهباریان، وەکو ئێمە، تا ئەو رادەیە بە خراپی باسی ئەویان کرد. ئێمە فەسادی خۆمان لە بوختانەکەی ئەواندا بینیوە. بمانبەخشە لەوەی کە بەشداربووین لە خراپ باسکردنی کوڕی خودا؛ یان لەوەی کە هیچ قسەیەکمان وەکو بەرگری نەکردووە. ئەی پەروەردگار، مێشك و زارمان پڕبکە لە راستی مەسیح کە بە باشی باسی بکەین. رێگە مەدە هیچ قسەیەك زیاد بکەین بۆ ئەو هەمووە قسە نارەوایەی بەرامبەر مەسیح لە دونیادا دەکرێت. با زارمان نیشانەکانی سەر شەقامی ژیان بێت کە عیسا مەسیحە، کوڕی خودایە. جەستە و خوێن ئەوەمان فێرناکەن؛ ئەی باوکی ئاسمانی ئەمە لە لایەن تۆوە ئاشکرا دەکرێت. خوداوەند، لە رێگەی وشەی نووسراوت، لە رێگەی ئەو وشە نوسراوەی کە هێزی بەرد لەتکردنی هەیە، قسە بکە؛ یارمەتیمان بدە راستیەکەی عیسا لە هەموو شوێنێك ببینین. سۆزمان بەرامبەری نزیك بکەوە. لە هەر شوێنێك کە باسی عیسا دەکەین، خراپ باسکردن لەو شوێنە دوور بخەوە. با کوڕەکەت لە هەموو شتێکدا کە ناوی دێنین شکۆدار بێت! بەناوی ئەو نوێژ دەکەین، ئامین.***

**کاتێ جنێوی پێدەدرا، بە جنێو وەڵامی نەدەدایەوە، یاخود کاتێ ئازار دەدرا، هەڕەشەی نەدەکرد.**

**١ پەترۆس ٢: ٢٣**

# 8

# ئازارە بێوێنەکان

## *دڵتەنگی عیسای مەسیح*

✝

ئەشکەنجەکانی کوڕی خودا بێوێنە بوون. هیچ کەسێك تا ئیستا وەك ئەم پیاوە ئازاری نەچەشتووە. ئێمە هەتاهەتایە یادی کوشتنی کوڕی خودا دەکەینەوە و گۆرانی بۆ دەڵێین، ﴿بەرخە سەربڕاوەکە شایستەیە﴾ (ئاشکراکردن ٥: ١٢).

کۆنت زینزێندۆرف[f] (١٧٠٠ – ١٧٦٠) و گروپی مۆراڤیان[g] لەسەر ئازارو خوێنی عیسا خواناسییەکیان بنیات نا کە بناغەکەی لەسەر خوێن و برینەکانی مەسیح بوو. هەندێك خەڵك پێیان وایە کە ئەم خواناسییە بە هۆی ئەو پێداگرییەی کە لەسەر "پێنج برینەکەی" مەسیح هەیانبوو هاوسەنگییان نەدەپاراست. بەڵام ئێمە ئەمڕۆ سەبارەت بە ڕەنج و ئازاری مەسیح لە مەترسی سەرقاڵکردنی ئەو چەشنە زێدەڕۆییە فیکرییەدا نین. کەواتە وەرە؛ لەبەر شکۆی ڕەنج و ئازارەکانی مەسیح، پێکەوە بیپەرستین.

کەسێك کە شایەنی هیچ ئازارێك نەبوو، زۆرترین ئازاری چەشت. مۆری خودا لە سەر ئەم ژیانە لە دوو وشەدا دەبینرێت ﴿بێ گوناه﴾ (عیبرانییەکان ٤: ١٥). تاکە کەس لە مێژوودا کە شایەنی ئەشکەنجە و ئازار نەبووە زۆرترین ئەشکەنجەی بینی. ﴿هیچ گوناهێکی نەکردبوو، فرووفێڵ لە لێوەکانی نەهاتبوونە دەرەوە﴾ (١ پەترۆس ٢: ٢٢). هیچ کام لە ئازارەکانی عیسا، سزای گوناهەکانی نەبوو؛ چونکە ئەو هیچ گوناهێکی نەبوو. بۆیە لەم ڕووەوە هیچ کەسێك وەك ئەو بوونی نییە کە زۆرترین مافی قەرەبوکردنەوەی هەبێت و ئەو مافەش بەکارنەهێنێت. مەزنترین هێزی هەبوو بۆ ئەوەی لە هەرکاتێکدا بە هۆی ئەو ئازارەی کە دەیچەشت تۆڵە

بکاتەوە. ﴿ئایا وادەزانیت ناتوانم داوا لە باوکم بکەم زیاتر لە دوازدە لەشکر فریشـتـەم بـۆ بنێـریٚ؟﴾ (مـەتا ٢٦: ٥٣)، بـەڵام وای نـەکرد. کاتێـك هـەموو بڕیارێکی دادگا لە جیهاندا هاواری "نادادپەروەرییان" دەکرد، عیسا بێدەنگ بوو. ﴿لە وەڵامی (پیلاتۆسدا)، تەنانەت بە وشـەیەکیش وەڵامـی نەدایـەوە﴾ (مەتا ٢٧: ١٤). هەروەها وەڵامی هیچ گاڵتەکردنێکی درۆی نەدایـەوە ﴿کاتێـك جنێوی پیٚ دەدرا بە جنێو وەڵامی نەدەدایەوە یـاخود ئـازار دەدرا هەڕەشـەی نـەدەکرد﴾ (١ پـەترۆس ٢: ٢٣). لـە وەڵامـی ئـەو هـەموو لێپرسـینەوەی هێرۆدس هیچ بەرگرییەکی لـە خـۆی نـەکرد. ﴿هـیچ وەڵامێکـی نەدایـەوە﴾ (لوقا ٢٣: ٩) تـا ئێستا هـیچ کەسێك ئـەم هـەمووە نادادپەروەرییـەی بـە بـیٚ تۆڵەکردنەوە قبوڵ نەکردووە.

ئەمە بە هۆی ئـەوە نـەبوو کـە ئەشکەنجەکان بـە شێوەیەك بـوون کـە دەکـرا بەرگـەی بگرێـت. ئەگـەر ئێمـە ناچـار بـە بینینـی ئـەو ئەشکەنجانە بکرابـاین ئـەوا بـە شـیمانەیەکی زۆر دەبورایـنـەوە. لـە باخەکـەدا, ﴿ئارەقـەی لەشی وەك دڵۆپەی خوێن دەڕژایە سەر زەوی﴾ (لوقا ٢٢: ٤٤). لە نیوە شەودا لــە پــێش گــەورەی کاهینەکانــدا, ﴿تفیــان لــە رووی کــرد و لێیانــدا. هەندێکیشـیان زللـەیان لێـدەدا﴾. (مـەتا ٢٦: ٦٧). لەبـەردەم فەرمانڕەواکـەدا ﴿بە قامچی لێیانـدا﴾ (مـەتا ٢٧: ٢٦). یوسـبیوس[h] (نزیکـەی ٣٠٠ سـاڵ پـێش لـەدایك بـوون مەسـیح) بـەم شـێوەیە باسـی لـە قامچـی لێـدانی رۆمـەکان لـە مەسیحیەکان دەکات: "شەلاقەکان، دەمار و شادەماری هەناویان دەپچڕاند، بە جۆرێـك کـە نـاوەڕۆکی شـاراوەی جەسـتەیان، دەمـار و هـەناویان بـە چـاو دەبینـران."

سەربازەکان لە کاتی ئازاردانی عیسادا، گاڵتـەیان پێـدەکرد. بـە شـێوەی گاڵتەجاڕانـە عـەبای پاشـایان کـردە بـەر عیسـا. ﴿دەمووچـاویان داپۆشـی و پیایـــان دەکێشـــا, پێیـــان دەوت (هـــەڵی بهێنـــە، کییـــە؟) دوای ئەمـــە پاسـەوانەکانیش بـە زللـە پێیـان کێشـا وەریانگرتـەوە﴾ (مـەرقۆس ١٤: ٦٥).

تاجێکی دڕکاوییان خستە سەر سەری؛ و حاڵی خراپتر بوو بە هۆی ئەو لێدانانەی لە سەریان دا. ﴿ئینجا بە قامچی کێشان بە سەریدا و خۆیان بۆ چەماندەوە و چۆکیان بۆ دادا و تفیان لێکرد﴾ (مەرقۆس ١٥: ١٩). لەم حاڵەتەدا توانای هەڵگرتنی خاچەکەشی نەبوو (مەتا ٢٧: ٣٢).

شەرم و ئەشکەنجەدان بەردەوام بوو. بە رووتی دەست و پێیان بە خاچەکەوە بزمارکرد (کرداری نێردراوان ٢: ٢٣، زەبوور ٢٢: ١٦). گاڵتەپێکردنەکە بەردەوام بوو تا بەیانی. ﴿سڵاولە تۆ، ئەی پاشای جوولەکە!, ئەی رووخێنەری پەرستگا و دروستکەرەوەی لە سێ رۆژدا، خۆت رزگار بکە. ئەگەر راستە تۆ رۆڵەی خودای لە خاچەکە وەرە خوارەوە﴾ (مەتا ٢٧: ٢٩، ٤٠). تەنانەت یەکێك لە تاوانبارەکان ﴿قسەی پێ وت﴾ (لوقا ٢٣: ٣٩).

مردنی سەر خاچ، مردنێکی ترسناك بوو. ئینسایکلۆپیدیای نێودەوڵەتی ستانداردی کتێبی پیرۆز [i] بەم شێوەیە باسی کەسی لە خاچ دراو دەکات: "برینەکانی دەوروبەری بزمارە گەورەکان ئاوسابوون؛ و دەمار و ماسولکە دڕا و پارچە پارچە بووەکان دەبوونە هۆی ئازارێکی لەڕادەبەدر سەخت. خوێنبەرەکانی میشك و گەدە تەقیبوون، کە سەرئێشەیەکی بێئەندازە سەختی لەگەڵ خۆی هێنا. قوربانیەکەی خاچ، رێك هەزار جار مردنی دەبینی. ئەشکەنجە و ئازاری لەخاچدان ئەوەندە بەئازاربوو کە تەنانەت لە ناو جەرگەی جەنگدا کاتی وا هەبووە کە بەزەییان بە حاڵی لەخاچ دراوەکان دەهاتەوە."

ئەمەش هەمووی بەسەر "هاوڕێی تاوانبارانـدا" هات؛ نەك تەنیا براکانی لە لای نەبوون بەڵکو بە تەواوی بەجێیان هێشتبوو. یەهوودا بە ماچێك خیانەتی لێکرد ( لوقا ٢٢: ٤٨). پەترۆس سێ جار نکۆڵی لێکرد ( مەتا ٢٦: ٧٥). هەموو قوتابیەکانی بەجێیان هێشت و رایان کرد ( مەتا ٢٦: ٥٦). لە تاریکترین کاتژمێری مێژوویی جیهاندا, خودای باوك لە جێگەی

ئـەوەی ئیمـە سـزا بـدات لـە کوڕەکـەی خۆیـدا. ﴿ئێمـە وامـانزانی گـورزی بەرکەوتووە و لە لایـەن خـوداوە لێـی دراوە و زەلیلـە﴾ (ئیشـایا ٥٣: ٤). تاکـە کەسێك کە لە دونیادا بەڕاسـتی خـودای دەناسـی (مـەتا ١١: ٢٧)، هـاواری کـرد ﴿خودای من، خودای من، بۆچی وازت لێهێنام؟﴾ (مەتا ٢٧: ٤٦).

لە رابردوودا یان تاوەکو ئێستا هـەرگیز رەنـج و ئـازارێکی لـەو چەشـنە بوونی نەبووە، چونکە سەرەڕای سـەختی و ترسـناکی ئازارەکـەی، ئازارەکـەی پێشوەخت دانرابـوو. خـودای بـاوك داینـابوو و خـودای کـوڕ بـەوە رازی بـوو. ﴿ئەوە خواستی خودا بوو کە ورد و خاشی بکات و تووشـی خـەم و پـەژارەی بکات﴾ (ئیشایا ٥٣: ١٠). عیسا ﴿بە پێی خواست و رەزامەنـدی بڕیـار لەسـەر دراوی خـۆی کـە لـە پێشـا دەیزانـی تەسـلیمی خـودا بـوو﴾ (کـردار ٢: ٢٣). هیرۆدس، پیلاتۆس، سەربازەکان و جوولەکەکان ئەوەیان بە عیسـا کـرد ﴿بـۆ ئـەوەی هـەموو ئـەوەی لـە پێشـا دەسـتت و خواسـتت نەخشـەی بـۆ کێشـابوو روبـدات﴾ (کـردرای نێـردراوان ٤: ٢٨) رەنـج و ئازارەکـانی کـوڕ بـە هـەموو وردەکارییەکەوە، لـە کتێبـی پیرۆز ئامـاژەی پێدرابوو. ﴿دوای ئـەوەی عیسـا بینی هەموو شتێك تەواو بوو، وتی: (تینوومـە) تـا ئـەوەی لـە کتێبـی پیرۆز باس کراوە بێتە دی﴾ (یۆحەنا ١٩: ٢٨).

ئەمە نەك تەنیا رەنج و ئازارێکی داڕێـژراو بـوو، بـەڵکو بـە گوێڕایـەڵی بوو. عیسا ئازارەکەی پەسەند کرد. ئەو هەڵیبژارد؛ ﴿ملکەچ بـوو تـا مـردن، مـردن لەسـەر خـاچ﴾. (فیلیپـی ٢: ٨)؛ و بـە متمانـەکردنی بـە بـاوك، گوێڕایەڵییەکـەی پاراسـت. ﴿کاتێـك جنێـوی پێـدەردا، بـە جنێـو وەڵامـی نەدەدایـەوە، یـاخود ئـازار دەدرا، هەڕەشـەی نـەدەکرد، بـەڵکو دەیدایـە دەسـت ئـەوەی حـوکمی دادپەروەرانەیـە﴾ (پـەترۆس ٢: ٢٣). ﴿ئـەی بـاوك، رۆحـی خۆم بە دەستی تۆ دەسپێرم﴾ (لوقا ٢٣: ٤٦).

هەر بەو باوەڕەوە ﴿بڕیاریدا بڕوات بۆ قـودس﴾ (لوقـا ٩: ٥١). بۆچـی؟ ﴿چـونکە پێغەمبـەر لـەناو نابرێـت لـە قـودس نـەبێت﴾ (لوقـا ١٣: ٣٣). ئـەو

بڕیاری دابوو کە بمرێت. ﴿چی بڵێم؟ ئەی باوك، رزگارم بکە لەو کاتە سەختەی چاوەڕێم دەکات؟ نەخێر! لە پێناوی روودانی ئەم کاتە هاتووم﴾ (یۆحەنا ١٢: ٢٧). عیسای مەسیح ژیا، بۆ ئەوەی بمرێت.

لەم روەوە, ئەشکەنجە و لاوازی عیسا، کاری هێزی دەسەلاتەکەی بوو. ﴿کەس ژیانم لێناستێنێت , بەڵکو من بە ئارەزووی خۆم پێشکەشی دەکەم﴾ (یۆحەنا ١٠: ١٨). بەسەربەستی دەربارەی رەنج و مەرگی خۆی بڕیاری دا بۆ ئەوەی بچێتە پاڵ پلانەکەی باوکیەوە.

ئەو پلانە چی بوو؟ کە ببێتە جێگرەوەی ئێمە بۆ ئەوەی ئێمە بژین. ﴿رۆڵەی مرۆڤ نەهاتووە بۆ ئەوەی خزمەت بکرێ، بەڵکو هاتووە بۆ ئەوەی خزمەت بکات و خۆی پێشکەش بکات و خۆی بەخت بکات لە پێناوی خەڵکێکی زۆر﴾ (مەرقۆس ١٠: ٤٥). ﴿ئەو گوناهەکانی هەڵگرتین لە لەشی خۆی لە سەر دار﴾ (١ پەترۆس ٢: ٢٤). ﴿خوداوەند هەموو تاوانەکانی ئێمەی خستە سەرشانی ئەو﴾ (ئیشایا ٥٣: ٦).

ئامانجی هەموو ئەمانە چی بوو؟ ﴿هیچ کەس خۆشەویستی لەمە مەزنتری نییە کە ژیانی خۆی لە پێناو دۆستەکانی بکاتە قوربانی﴾ (یۆحەنا ١٥: ١٣). بەڵێ, بەلام، لەبەرچی؟ خۆشەویستی دوای چی دەکەوێت؟ لەئازار و ئەشکەنجەی عیسادا دوو ئامانجی مەزن هاتنەدی؛ کە لە راستیدا یەك ئامانجن. یەکەم ئەوەیە کە ﴿چونکە مەسیح لە پێناوی گوناە جارێك بۆ هەمووان مرد, واتە بێتاوان بۆ تاوانباران مرد تا لە خودامان نزیك بکاتەوە﴾ (١ پەترۆس ٣: ١٨). ئازار و رەنجی مەسیح ئێمەی بردە لای ئەو خودایەی کە تاهەتایە پڕە لە خۆشی و شادی. دووەم ئەوەی کە, رێك لە هەمان کاتی مردنی رۆڵەدا, باوك و کوڕ شکۆدار بوون. ﴿ئێستا رۆڵەی مرۆڤ شکۆدارە و باوك تێیدا شکۆدارکرا﴾ (یۆحەنا ١٣: ٣١). شادیمان لەبەردەم خودا، و شکۆی ئەو لە رزگاری ئێمەدا، هەردووکیان یەکن. ئەمەش شکۆی رەنج و ئەشکەنجە بێسنوورەکانی مەسیحە.

# نوێژ

***باوکە، ئەتوانین چی بڵێین؟ ئێمە هەست بە بێ نرخییەکی تەواو دەکەین لە بەرامبەر ئەشکەنجە و ئازارە بێ سنوورەکانی مەسیح دا. زۆر بەداخین. بە هۆی گوناهی ئێمەوە عیسا تووشی ئەو ڕەنج و دەردە بوو. ئەوە ئێمە بووین کە لێماندا؛ و تفمان لێکرد و گاڵتەمان پێکرد. ئەی باوک، ئێمە زۆر بەداخین. ئێمە سەرمان دادەنەوێنین؛ و زاری ڕۆحی گوناهبار و بچووک و تاریک و تاوانبارمان دەبەستین. ئەی باوک بە باوەڕێکی نوێوە بەسەرمان بکەوە. بۆ ئەوەی باوەڕ بە شتە باوەڕ پێنەکراوەکان بکەین. هەمان ئەو ئازار و ڕەنجەی مەسیح کە خەمبارمان دەکات، ڕزگاری ئێمەیە. دڵە ترسنۆکەکانمان بکەوە بۆ ئەوەی ئینجیل؛ مزگێنی ڕزگاربوون لە مەسیحدا وەربگرین. بەشە مردووەکانی دڵمان بەئاگابێنە بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە پێشتر هەستیان پێنەکردووە. ئەو هەستە بەئاگا بێنەوە کە ئێمە بە پاکترین و بەهێزترین و قووڵترین خۆشەویستی دونیا خۆش دەویسترێین. ئەی خودا، ئەوەندە هێزمان بدەرێ کە توانای ئەوەمان هەبێت لەگەڵ هەموو پیرۆزەکان، بەرزی و قورسی و درێژی و پانی خۆشەویستی مەسیح کە لە سەرووی ئاستی تێگەیشتنەوەیە، هەست پێبکەین؛ و با پڕبین لە پڕی خوداوەند. ئەی خوداوەند، شەڕمان بۆ بکە بۆ ئەوەی ڕانەکێشرێین بەرەو بێهۆشی و کوێری و گێلی بێهودە و خۆشییە پووچەکان. ژیان کورت تر، بەنرختر، و بە ئازارترە لەوەیە کە بەو بڵقە دونیایانەی کە دەتەقنەوە بەفیڕۆی بدەیت. بەهەشت خۆشتر، دۆزەخ سامناکتر، و ئەزەلییەت زۆر لەوە درێژترە کە لە هەیوانی ئەبەدییەت دا کات بەفیڕۆ بدەین. ئەی خوداوەندند،***

چاوەکانمان بکەوە بۆ بینینی گەورەیی ئەشکەنجەکانی مەسیح، و بۆ ئەو مەبەستەی کە ئەو ئازار و ئەشکەنجانە بۆ گوناە و پیرۆزی و ئومێد و بەهەشت هەیانبوو. لە گرنگی دانمان بە شتی پڕووپوچ دەترسین. بە نرخی شکۆمەندی؛ شکۆمەندی ئەشکەنجە بێسنوورەکانی مەسیح بە ئاگامان بێنە. بە ناوی پیرۆز و مەزنی ئەو نوێژ دەکەین، ئامین.

**رۆحە پیسەکانیش ملکەچن بۆی کاتێك فەرمانیان بەسەردا دەدات.**

**مەرقۆس ١: ٢٧**

**ئەویش لە خوێن و جەستەدا هاوبەشی کردین، تا بە مردنی خۆی، لە ناوی ببات ئەوەی دەسەڵاتی مردنی هەیە، واتە شەیتان.**

**عیبرانیەکان ٢: ١٤**

# 9

# شكۆی رزگاركردنی گوناهباران،

# نەك لەناوبردنی شەیتان

***قوربانی رزگاركەری عیسای مەسیح***

✝

شكۆمەندی مەسیح، لە ماف و هێزی تەواوی لە لەناوبردنی یان لاوازكردنی شەیتان و هەموو رۆحە پیسەكان دەبینرێت. بەلام هۆی دووركەوتنەوەی لە وێرانكردن و لەناوبردنیان بە تەواوی بۆ نیشاندانی جوانی و بەها بەرزەكەیەتی بە شێوەیەكی روونتر. راستە كە مەسیح ئەگەر ئیستا هەموو شەیتانەكان و رۆحە پیسەكان لەناوببات، (كە بێگومان دەتوانێ ئەو كارە بكات)، ئەوا هێزە تەواوەكەی بە مەزنی دەبینرێ، بەلام جوانی و بەها بەرزەكەی كاتێك دەدرەوشێتەوە كە مرۆڤ دەست بەرداری شەیتان ببێت و چێژ لە شكۆمەندیە گەورەترەكەی مەسیح وەربگرێت.

شەیتان و فریشتەكانی رزگار ناكرێن. عیسا ئەوە رادەگەیەنێت كاتێك دەڵێت ﴿دۆزەخی هەتاهەتایی بۆ شەیتان و فریشتەكانی ئامادەكراوە﴾ (مەتا ٢٥: ٤١)؛ و نامەی یەهوزاش ئەمە دووپات دەكاتەوە كاتێك دەڵێت ﴿ئەو فریشتانەی شوێنەكانی خۆیان نەپاراست، خودا بە كۆتی هەتاهەتایی تا رۆژی مەزنی لێپرسینەوە لە قولایی تاریكیدا دەیانهێڵێتەوە﴾. (ئایەتی ٦). بۆیە ئیستا هۆكاری ناسەپاندنی بڕیاری مەسیح بەسەر ئەواندا لەبەرئەوە نییە كە دەرفەتێكیان بداتێ بۆ ئەوەی تۆبە بكەن و رزگاریان بێت.

ئەی كەواتە بۆچی هەموویان پێكەوە لەناونابات، یان لانی كەم كاریگەرییە تێكدەرەكەیان پووچەڵ بكاتەوە؟ ئایا ئەمە لەبەر ئەوەیە كە

ئەوان ویستی سەربەستیان هەیە ( واتە بڕیار بەدەست خۆیانە) و مەسیح ناتوانێت بیانوەستێنێت؟ نەخێر، کۆمەڵێ ئایەتی زۆرمان هەیە کە ماف و هێزی مەسیح بۆ لەناوبردنی شەیتان و ڕۆحە پیسەکان دەردەخات. بۆ نموونە: ١- ﴿مەسیح فەرمان بە ڕۆحە پیسەکان دەکات و ئەوانیش ملکەچی دەبن﴾ (مەرقۆس ١: ٢٧) ٢- کاتێك شەیتان بە ئازادی هەڵسوکەوت دەکات ئەوا ئازادییەکە بە ویستی خودایە. ﴿شیمۆن, شیمۆن, ئەوەتا, شەیتان داوای کردوون بۆ ئەوەی وەك گەنم لە بێژنگتان بدات, بەڵام من نوێژم بۆ کردیت تاوەکو باوەڕت بەفیڕۆ نەڕوات﴾ (لوقا ٢٢: ٣١- ٣٢). ٣- هەرچەندە ﴿دڕك لە جەستەی﴾ پۆڵۆسدا ﴿فریشتەی شەیتانە﴾, لەگەڵ ئەوەشدا, مەسیح وادەکات ئەوە خزمەتی خۆ بە کەم زانینی پۆڵۆس بکات و هێزی خودی مەسیحیش نیشان بدات. (٢ کۆرنسۆس ١٢: ٧- ١٠). لە کۆتاییدا, خودا بۆ ماوەی هەزار ساڵ بەندی دەکات, پاشان فڕێی دەداتە نێو دەریاچەی ئاگرەوە (بینین ٢٠: ٢، ١٠). هەربۆیە، بڕیاری پشتگوێ خستنی شەیتان لەم دونیایەدا لەبەر ئەوە نیە کە مەسیح ماف و هێزی لەناوبردنی ئەوی نیە, ئەی کەواتە هۆکارەکەی چیە؟

بۆ بەردەوامی مانەوەی شەیتان لەم جیهانەدا، پێویستە مەسیح سەنەدێکی زۆر گەورەی هەبێت, چونکە هەرچەندە ئێستا ماف و هێزی لە ناوبردنی ئەوی هەیە, بەڵام لە قۆناغەکانی تری ژیانیدا بە نرخی خوێنی خۆی شکستی دەدات. ﴿هۆی دەرکەوتنی کوڕی خودا بۆ لەناوبردنی کارەکانی شەیتان بوو﴾ (١ یۆحەنا ٣: ٨). بەڵام چۆن ئەم لەناوبردنەی ئەنجامدا؟ نامەی عیبرانیەکان ٢: ١٤ وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە: ﴿لەبەرئەوە مەسیح خۆی بوو بە مرۆڤ, تا بەشداری سروشتی مرۆڤایەتیمان بکات تا بە هۆی مردنی خۆی لەناویببات ئەوەی دەسەڵاتی مردنی هەیە, ئەویش شەیتانە﴾. ئەمە ئەو دەگەیەنێت کە مەسیح بوو بە مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت بمرێت؛ و بە مردنەکەی، شەیتان "لەناوببات".

ئەمـەش مانـای وایـە کـە مەبەسـتی مەسـیح لـە شکسـتدانی شـەیتاندا دەبێت شتێکی جیاوازتر بێت لە تەنیا لابردنی کاریگەرییـە بکوژەکـانی. ئـەو بە یـەك فـەرمان دەیتـوانی ئـەوە بکات: "بـڕۆ بـۆ دۆزەخ!" و شـەیتان دەبوا گوێڕایەڵی بوایـە؛ هـەروەك چۆن ڕۆژێـك دیـت کـە گوێڕایـەڵی دەبێـت! ئـەی کەواتە مەسیح چۆن بەسەر شەیتاندا سەرکەوت؟ و بۆچـی ئـەو سـەرکەوتنە لە سەرووی لابردنی شەیتانە بە تەواوی لە لاپەڕەی مێژوودا؟

مەبەسـتەکە ئەوەیـە کـە شـەیتان، بـە مردنـی عیسـا شکسـتی خـوارد. پۆڵۆس بـە ئامـاژەدان بـە مـەرگی مەسـیح بـەم شـێوەیە باسـی ئـەوە دەکـات ﴿سـەرۆك و حوکمڕانـەکانی چـەك کـرد و بـە ئاشـکرا کردنـی بـە پەنـد و لەخاچدا بەسەریاندا سەرکەوت﴾ (کۆلۆسی ٢: ١٥). ئـەو لـە چ ڕوانگەیەکـەوە سـەرکردە و حوکمڕانـــەکانی شـــەیتانی چـــەك کـــرد؟ شـــەیتان لـــە لایـــەنی ڕۆحییەوە هێشتا خەڵکی کوێر دەکات (٢ کۆرنسۆس ٤: ٤)، تـاقی دەکاتـەوە (١ سالۆنیکی ٣: ٥) هەڵدەخڵەتێنێت (بینین ٢٠: ٣)؛ بەند دەکـات (٢ تیمۆسـاوس ٢: ٢٦)، جەسـتە دەفـەوتێنێت (اکۆرنسـۆس ٥: ٥). پێناچـێت شـەیتان چـەك بکرێت یان لە ناوبچێت. ئەی کەواتە چۆن بە مردنی عیسا چەك کرا؟!

وەڵامەکە ئەوەیە کە مردنی عیسا کاریگـەری بـەهێزی گونـاهی لەسـەر هەموو ئەوانە پووچەڵ کردەوە کە باوەڕیان بە مەسیح هەیـە. چەکی گونـاە و تـاوان کـە لەناوبـەری ڕۆحـە، لـە دەسـتی شـەیتاندا نـەماوە. ئـەو لـە تـەنها چەکی مەحکووم کەری ئێمە ، کە بریتیە لە گوناهی نەبەخشراو، چەك کرا. ئەمە لە (١ کۆرنسۆس ١٥: ٥٥- ٥٧) دا دەبینین ﴿ئەی مردن, کوا سەرکەوتنت؟ ئـەی گـۆڕ, کـوا پێوەدانـت؟ پێـوەدانی مـردن گوناهەیـە, وە هێـزی گوناهـەش شەریعەتە. بەڵام سوپاس بۆ خودا، ئەوەی سەرکەوتنی بە ئێمە بەخشیوە بە هۆی عیسای مەسیحی خواوەند﴾. بۆچـی تـاوانی مـردن، گوناهەیـە؟ چونکە تەنیا گوناهی نەبەخشراو دەتوانێت گیانمان مـەحکوم بکـات؛ و مـردن بکاتـە دەرگای دۆزەخ نـەك بەهەشت. بۆیە، شەیتان بە بانگکردنی ڕۆحـە پیسـەکان،

نەخۆشی یان دەرد و جەفا ناتوانێت گیانمان لەناو ببات، بەڵکو تەنها بە مەحکووم کردنمان بە تاوانی گوناهەکانمان. پۆڵۆس دەڵێت ﴿سوپاس بۆ خودا، ئەوەی سەرکەوتنی بە ئێمە بەخشیوە بە هۆی عیسای مەسیحی خواوەند﴾.

﴿چونکە مەسیح لەبەر گوناه تەنها جارێك بۆ هەمووان مرد، واتە بێتاوان بۆ تاوانباران مرد تا لە خودامان نزیك بكاتەوە، مردوو بە لەش، زیندوو بە رۆح﴾ (١ پەترۆس ٣: ١٨). ئەگەر بە هۆی مەسیحەوە گوناهەکانمان ببەخشرێت, ئەوا شەیتان هیچ چەکێکی حوکمدەری دژی ئێمە پێنابێت. دەتوانێت ئازارمان بدات یان بمانکوژێت بەڵام ناتوانێت مەحکوومان بکات. مەبەستی عیبرانیەکان ٢: ١٤ ئەوەیە کە دەڵێت بە مردن مەسیح ﴿خاوەنی هێزی مردنی لەناوبرد﴾. شەیتان لەو روانگەیەوە خاوەنی ﴿هێزی مرنە﴾ کە ژەهری کوشندەی مردنی هەبوو. بەڵام ئێستا گوناهەکانمان، بە خوێنی مەسیح بەخشراون؛ و هێزی شەیتان کە لەناوبردنی رۆحە، بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە مەسیح هەیە پوچەڵکراوەتەوە. هیچ مەحکووم کردنێك بوونی نییە؛ نە لە لایەن شەیتانەوە نە لە لایەن هیچ کەسێکی دیکەوە.

جارێکی دیکە دەتوانین ئەم راستییە لەم وشانەدا ببینین، ﴿پێوەدانی مردن گوناههیە, و هێزی گوناه شەریعەتە﴾ (١ کۆرنسۆس ١٥: ٥٦). ئەگەر پێوەدانی مردن گوناهە بێت, ئەوا بەم هۆیەوە شەریعەت، بۆ گوناه سزایەکی هەمیشەیی بۆ دیاری دەکات. ﴿کرێی گوناه مردنێکی بێ کۆتاییە﴾ (رۆما ٦: ٢٣). بەڵام کاتێك مەسیح هەروەکو جێگرەوەیەکی بێ خەوشی ئێمە گیانی خۆی سپارد, پۆڵۆس دەڵێت کە خودا ﴿ئەو شکاتنامەیەی لەسەرمان نووسرابوو، ئەوەی دژی ئێمە بوو، عیسا سڕییەوە و بەخاچەوە بزمارکوتی کرد﴾ (کۆڵۆسی ٢: ١٤). بەم شێوەیە چەکی شەریعەت لە دەست شەیتان

هێنرایە دەرەوە. ئەو ناتوانێت بۆ مەحکووم کردنی گەلی خودا بەکاری بێنێت.

ئێستا شەیتان بە بێ بوونی گوناه و شەریعەت، کە بە هۆیەوە مەحکووم و تاوانباری دەکردین و دەیخستینە ژێر دەسەڵاتییەوە، دوژمنێکی بەزیوە. ئەو چەك کراوە. مەسیح بەسەریدا سەرکەوتووە؛ نە بە شێوەیەك کە لەناوی ببات بەڵکو ئیزنی ئەوەی دەداتێ کە ژیان بکات و سەیری ملیۆنەها لە پیرۆز کراوەکان بکات کاتێك گوناهەکانیان دەبەخشرێن و بەهۆی شکۆمەندی گەورەتری بەرەکەتی مەسیح، پشت دەکەنە شەیتان و روویان لێی وەردەگێڕن.

ئەمە سەرکەوتنێکی گرانبەها بوو؛ بەڵام بەهاکانی خودا هەروا بە ئاسانی نایەنە دی. ئەگەر خودا بە ئاسانی شەیتانی لە ناوبردبا، ئەوا ئەو کاتە، ئەوەندە ئاسان دیار نەدەبوو کە خودا لە شەیتان بەهێزترە؛ هەروەها شایستەی ئەوەیە کە لە رادەبەدەر ئارەزووی بکەین. ویستی خودا ئەوەیە کە نەك تەنیا هێزە فیزیاییەکەی دەرخەری شکۆمەندیەکەی بن، بەڵکو هێزە رۆحی و مەعنەوییەکانیشی؛ ئەم هێزانە جوانی بەرەکەتەکەی بە رەنگاوڕەنگی دەردەخەن. فیداکاری و قوربانی کردنی مەسیح بۆ رزگارکردنی گوناهبارەکان لە دەست شەیتان، و جێبەجێکردنی شەریعەت بۆ ملکەچ بوونی بەرامبەر فەرمانەکەی باوکی؛ سەرکەوتنێکی زۆر بەرزتربوو لە تەنها لەناوبردنی دوژمنەکان.

# نوێژ

***باوکی ئاسمانی، ئێمە کەوتووینەتە ژێر کاریگەرییەوە، کە تۆ شکۆی کوڕەکەت ئەوەندە بە بەرز دەزانی، کە شایانی ئەوەی هەیە کە شەیتان بەردەوام بێت لە ژیان بۆ ئەوەی ئەو شکۆیە بە تەواوی بناسێنرێت. ئێمە شەرمەزارین کە دەربارەی شەڕەکانی ژیان گلەییمان کردووە، لەکاتێکدا کە دەبوا هەوڵی تەواومان بخستایەتە گەڕ بۆ بەرزتر راگرتنی ئەو مەبەستانەی کە ناوی تۆی پێ بەرز دەکرێتەوە بۆ ئەوەی دەمی دوژمنی پێدابخەین. لێمان خۆشبە کە نەمانتوانی مەبەستە پیرۆزەکانت ببینین؛ و ئێستاش خوداوەند، بە خوێنی کوڕەکەت رزگاری و سەرکەوتنمان بە سەر شەیتاندا پێببەخشە. بینینی نرخی بەرزی و گەورەیی مەسیحمان پێببەخشە بۆ ئەوەی تامی بکەین. رێگەمان پێبدە بە خزمەتکردنی زیاتری مەسیح شەیتان شەرمەزار بکەین. شانازیمان لە رێگای کارکردن بۆ خاچ پێببەخشە. یارمەتیمان بدە کە کارە تەواو کراوەکەی مەسیح بەرز بنرخێنین، کە بریتی بوو لە چەك کردنی شەیتان؛ و لە پێوەدانی مردنیش رزگاری کردین. فێرمان بکە چۆن لە رێگەی باوەڕەوە دژی گوناە شەڕبکەین، بەو متمانەیەی کە مەسیح لێمان خۆشبووە؛ و سەرکەوتنی هەموو ئەوانەی کە بڕوایان پێیە مسۆگەر کردووە. ئەی خوداوەند، هەموو پلانە خراپەکانی شەیتان بگۆڕە بۆ پلانی پاك و پیرۆزی خۆشەویستی. لە فێڵکردنی شەیتان رزگارمان بکە. جوانی مەسیح لە ناو چاوی دڵمان بە درەوشاوەیی بهێڵەوە. بمانکە ئامرازی شکستدانی شەیتان تا ئەو کاتەی خۆت دێیت و بە هەناسەی زارت لەناوی دەبەیت. بە شمشێری رۆح و بە وشەی خودا و بە ئینجیلی پیرۆز دلێر و بەجەرگمان بکە بۆ رزگارکردنی خەڵکی دیکە. بە ناوی عیسای مەسیح نوێژ دەکەین، ئامین.***

**بەڵام خودا کە دەوڵەمەندە لە بەزەیی، لەبەر ئەو خۆشەویستییە مەزنەی بۆ ئێمەی دەربڕیوە، زیندووی کردینەوە لەگەڵ مەسیح دوای ئەوەی مردووبوین بە هۆی گوناهەکانمان خودا رزگاری کردین**
**بە بەرەکەتی خۆی.**
**ئەفەسۆس ٢: ٤ – ٥**

**با بەبێ ترسی و بە دڵنیایی، بەرەو تەختی پاشایی بەرەکەت بڕۆین، تا بەزەیی وەرگرین و بەرەکەت بدۆزینەوە بۆ یارمەتیدانمان لەکاتی پێویست.**
**عیبرانیەکان ٤: ١٦**

# 10

# سامانی بە جەستە بوونی سۆزی خودا

## *میهرەبانییەکانی عیسای مەسیح*

✝

خودا دەوڵەمەندترین کەسی جیهانە. ئەو نەک تەنها زیاتر لە هەموو کەسێکی هەیە بەڵکو خاوەنی هەموو کەس و هەموو ئەو شتانەشە کە خەڵک خاوەنیەتی. کاتێک شتێک دروست دەکەی, ئەو شتە دەگەڕێتەوە بۆ تۆ (دەبێتە هی تۆ)، خوداش هەموو شتێکی دروست کردووە بە ئێمەشەوە. ﴿ئێمە خۆمان دروست نەکردووە, بەڵکو ئەو ئێمەی دروست کردووە, ئێمە خەڵکی ئەوین, مەڕین لە وەرگای ئەودا﴾ (زەبوور ١٠٠: ٣). یەک خاوەنی کۆتایی لەم جیهانەدا هەیە؛ ئەویش خودایە. ئەوانی دیکە هەموو ئەمانەتدارن. نە ئێمە و نە سامانەکانمان لە کۆتاییدا هی ئێمە نییە. هەموو ئەو شتانە کۆمەڵێ ئەمانەتن کە بۆ مەبەستی خاوەنداریێتی بەکاردێن. بە جۆرێکی دیکە ئەتوانن بڵێین کە هەموو گوناهەکان دزیکردنە لە سامانی خودا.

بەڵام پەیمانی نوێ، سامانی خودا، بە تایبەتی و بە ئەنقەست، لە روانگەی ئەوەی کە بەدی هێناوە و خاوەنییەتی، باس ناکات؛ بەڵکو دەوڵەمەندبوونی خودا لە رووی ئەو شکۆمەندیەی کە لە ئەزەلەوە هەیەتی، باس دەکات. چەندین جار ﴿سامانی شکۆمەندیەکەی﴾ یاخود ﴿سامانەکەی لە شکۆمەندیدا﴾ دەخوێنینەوە؛ (بۆ نموونە, ئەفەسۆس ٣: ١٦؛ فیلیپی ٤: ١٩؛ کۆلۆسی ١: ٢٧). ئەگەر خودا تەنها لەبەر ئەوەی کە هەموو شتێکی دروست کردووە و خاوەنی هەموو شتێکە دەوڵەمەند بێت، دەی کەواتە دەبێت پێش بەدی هێنان هەژار بووبێت؛ و ئەوەش مانای وایە کە لە بەر پێویستی، ئەو

شتانەی بەدی هێناوە، و پەیوەستە بە دروستکراوەکەیەوە. بەڵام ئەمە وێنەی ئەو خودایە نییە کە ئێمە لە ئینجیل دەیدۆزینەوە. خودا دروستکراوەکانی بەدی نەهێنا تاوەکو پێی دەوڵەمەند بێت؛ بەڵکو بۆ ئەوەی دەوڵەمەندی ئاشکرا بکات؛ دەوڵەمەندی شکۆکەی، بەمەبەستی خۆشی وەرگرتنی گەلەکەی، ئەو شتانەی بەدی هێناوە. (ئەفەسۆس ١: ٦، ١٢، ١٤).

بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی تر, پەیمانی نوێ جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە دەوڵەمەندی شکۆی خودا لە لوتکەدا؛ لە راستیدا دەوڵەمەندی بەزەییە. دونیا ﴿دەوڵەمەندی نەرم و نیانی و دانبەخۆگرتن و ئارامی خودا بە چاوی سووك سەیر دەکات﴾ (ڕۆما ٢: ٤). خودا دونیای بەدی هێنا، و رزگاری کرد؛ بۆ ئەوەی ﴿دەوڵەمەندی شکۆی خۆی ئاشکرابکات لە جامی بەزەیی حۆیدا کە لە پێشەوە ئامدەی کردبووە بۆ شکۆمەندی﴾ (ڕۆما ٩: ٢٣). یان بە شێوەیەکی تر, ئەو گەلەکەی بەدی دێنێت، و رزگاریان دەکات؛ ﴿تاکو لە سەردەمی داهاتوودا دەوڵەمەندی بەرەکەتی بێسنووری خۆی، بە نیانی لەگەڵمان لە عیسای مەسیح دەربکەوێ﴾ (ئەفەسۆس ٢: ٧). لە بنەڕەتدا، جیهان بەمەبەستی نیشاندانی شکۆی بەزەیی خودا بوونی هەیە بۆ خۆشی خەڵکە رزگارکراوەکەی کە لە هەموو هۆز و زمان و خەلك و نەتەوەیەکە.

دادپەروەری، لە نێوان کامڵییەکانی شکۆی خودا، بابەتێکی سەرەکی و بنچینەییە. بەڵام میهرەبانی، لە سەرووی هەموویانەوەیە. ﴿خوداوەند رقی لە بێتاوانکردنی تاوانبار و تاوانبارکردنی بێتاوان دەبێتەوە﴾ (پەندەکان ١٧: ١٥). بەڵێ. لەم لایەنەوە دادوەری بابەتێکی سەرەکییە. بەڵام راستییەکی دیکەش لە ئارادایە ﴿شانازییە بۆ مرۆڤ کە لە خراپە دەبووریێت﴾ (پەندەکان ١٩: ١١). لە ئەنجامدا, ئەگەر دادپەروەری بپارێزرێت, ئەوا پیشاندانی میهرەبانی، لوتکەی شکۆمەندی خودایە.

عیسای مەسیح لەبەر ئەم هۆیە هاتە ئەم دونیایە. عیسا، میهرەبانی جەستەیی و بینراوی خودایە، هەروەها دادپەروەری جەستەیی خودایە؛ بەڵام دادپەروەرییەك كە خزمەتكاربوو. ﴿خودا ڕۆڵەی نەنارد بۆ تاوانباركردنی جیهان بەڵكو ناردی تا جیهان ڕزگار بێت بە هۆی ئەوەوە﴾ (یۆحەنا ٣: ١٧). خودای باوك، كوڕی خۆی پێشكەشی مەرگ كرد، ﴿بۆ دەرخستنی دادپەروەرییەكەی لە كاتی ئێستا تاكو ڕاست و دروست بێت و ئەوانە بێتاوان بكات كە باوەڕیان بە عیسا هەیە﴾ (ڕۆما ٣: ٢٦) . عیسای مەسیح، لە جێگەی خەڵكی دیكە، لە سەر خاچ گیانی سپارد؛ لەم ڕێگەیەوە دادپەروەری خودای باوك چەسپا. ئەم دادپەروەرییە زەمینەییەكی جوانی فەراهەم كرد، كە لەو زەمینەیەدا بەزەیی خودا بە گەورەییەكی بێهاوتا دەدرەوشێتەوە؛ چونكە ئەم جۆرە بەزەییە، مرۆڤی گوناهكار لە تاوانەكانی پاك دەكاتەوە. هەربۆیە، مەبەستی گەورەیی میهرەبانی خودا، هاتنی مەسیح بوو. ئەم مەبەستە لە نامەكەی ڕۆما ١٥: ٨- ٩ دا ڕوون و ئاشكرایە؛ مەسیح هاتە دونیا ﴿بۆ دووپات كردنەوەی ئەو پەیمانانەی بە باوك درابوون, وە بۆ ئەوەی ناجوویەكان خودا شكۆدار بكەن بۆ میهرەبانیەكەی﴾. مەبەستی ئەم لە جەستە دەركەوتنە، گەورە دەرخستنی میهرەبانی خودا بوو بۆ خۆشی وەرگرتنی نەتەوەكان.

لە ئینجیلی لۆقا ١: ٥٤ دا، لە وتەكەی مریەم و لەوەی كە زەكەریا بە بۆنەی لەدایكبوونی یەحیای لەئاو هەڵكێش پێشبینی كرد (لۆقا ١: ٧٨)، هۆكاری هاتنی مەسیح، ﴿یادكردنەوەی بەزەیی خودا بوو؛ بەهەمان شێوە كە پۆڵۆسی نێردراو دەڵێت: ئەو كارەی كە مەسیح كردی لەسەر خاچ، بە هۆی بەزەیی خودا بوو (ئەفەسۆس ٢: ٤). هەمووی لەبەر دەوڵەمەندی بەرەكەتی خودایە﴾ (ئەفەسۆس ١: ٧) ﴿دەوڵەمەندە بۆ هەموو ئەوانەی لێی دەپاڕێنەوە﴾ (ڕۆما ١٠: ١٢).

ئـەو میهرەبانیـەی عیسا دەرخـەری بـوو و لەگـەڵ خـۆی دەیهێنێـت، بەتـەواوی بێبەرامبـەرە. نـەك لەبەرئـەوەی بـێ بـەها بـوو، بـەڵکو عیسا بەهاکەی بەنرخی ژیانی دایەوە. ﴿ئێمە لە مەسیح کڕاینەوە بە وێنـی ئـەو، گوناهمـان بەخشـرا، ئەمـەش بـەپێی دەوڵەمەنـدی بەرەکـەتی خـودا بـوو﴾ (ئەفەسۆس ١: ٧). بەڵام ئێستا، بۆ گوناهبارە هەژار و شکاوەکان، بە تـەواوی بێ بەرامبـەرە. لـەم بارەیـەوە خـودا دەفـەرموێت ﴿بـەزەییم دێتـەوە بـەوەی دەمـەوێ بـەزەییم پێـی بێتـەوە، دڵنیـایی ئـەوە دەکـەم کـە دەمـەوێ دڵنیـایی بکەم. کەوتە شتەکە پشت نابەستێت بـە ویستی مـرۆڤ یـان کۆشـش، بـەڵام تەنها پشت بە میهرەبانی خودا دەبەستێت، کەواتە خودا بەزەیی بـەو کەسـە دێتەوە کە خۆی دەیـەوێ، دڵـی ئـەو کەسـە رەق دەکات کـە خـۆی دەیـەوێ﴾ (ڕۆمـا ٩: ١٤- ١٦، ١٨). ئێمـە میهرەبـانی بەدەسـت نـاهێنین. بـەڵکو وەکـو دیارییەکی بێبەرامبەر، لە ڕێگەی باوەڕەوە بە دەست دێنین نەوەك بە کـاری دەسـتمان (کـاری بـاش). ﴿کـە رزگـاری کـردین، ئەمـە بـەهۆی کـاری راسـت و دروستی خۆمان نەبوو بەڵکو بە پێی بەزەیی خۆی﴾ (تیتۆس ٣: ٥).

تەنانەت باوەڕ بۆ وەرگرتنی ئەم میهرەبانیە، خۆی دیاری میهرەبانیـە. ﴿بـێ بەرامبـەر بـەتۆ دراوە، لەبـەر خـاتری مەسـیح؛ بـۆ ئـەوەی بـاوەڕی پێبکەی﴾ (فیلیپی ١: ٢٩، وەرگێڕانی نووسەر)؛ ئەی ئـەوانی دیکـە؟ بـا راسـت بکەینـەوە ﴿هەڵـەکانی دوژمنـەکانمان بەنـەرم و نیـانی. لەوانەیـە خـودا پەشیمانیان بکاتەوە و بەرەو راستیان ببات﴾ (٢ تیمۆساوس ٢: ٢٥؛ هـەروەها سەیری ئەفەسۆس ٢: ٨؛ یۆحەنا ٦: ٤٤؛ کردار ١٣: ٤٨ بکەن). لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایی، ئەوە خودایە کە رزگارمان دەکات، ﴿نەك لەبەر کردەوەکانمان بەڵکو ئەوە خواست و بەرەکەتی خودایە بۆ ئێمە کە لە سەرەتاوە بـە هـۆی عیسای مەسیح داویەتی پێمان﴾ (٢تیمۆساوس ١: ٩). میهرەبانییـە سـەرکەوتووەکەی ئەو، بە تەواوی بێبەرامبەرە.

لەبەرئـەوەی مەسـیح، وێنـەی ئاشـکرای دەوڵەمەنـدی میهرەبانییـەکانی خودایـە، سـەیر نییـە کـە ژیـانی ئـەو لـەم دونیایەشـدا، دەرخـەری بـەربڵاوی میهرەبانیەکان بـوو بـۆ هـەموو جـۆرە مرۆڤێـك. میهرەبانیـەکانی عیسـا لـەو چەند ساڵە کەمەی ژیانی لەم دونیایەدا، هەموو جـۆرە ئـازار و پێویسـتیەکی بەسەرکردەوە.

کاتێك سوالکەرە نابیناکە هـاواری کـرد، ﴿عیسـا، کـوری داود، بـەزەییت پێمـدا بێتـەوە!﴾ زۆر کـەس تـورە و شـپرزە بـوون. بـەڵام ﴿عیسـا پێـی وت، ببینە، چونکە باوەڕت رزگاری کردی﴾ (لوقا ١٨: ٣٨، ٤٢).

کاتێــك پیــاوە گوولــەکان هاواریــان کــرد و وتیــان، ﴿ئــەی عیســای پەروەردگار، بەزەیت پیامان بێتەوە، عیسا راوەستا و بەزەیی پێیاندا هاتـەوە و وتی، ﴿بڕۆن و خۆتان نیشانی کاهینەکان بدەن، لە کاتی رۆشتنیان خـاوێن بوونەوە﴾ ( لوقا ١٧: ١٣، ١٤).

تەنانەت لەمـە سـەیرتر، مـەرقۆس ئـەو کاتـەی بیردێتـەوە کـە گـولێکی ترسناکی دیکە کەوتبووە سەر ئـەژنۆکانی و لـە عیسـا دەپاڕایـەوە بـۆ ئـەوەی خاوێنی بکاتەوە؛ عیسـا نـەك تـەنها قسـەی لەگـەڵ کـرد، بـەڵکو دەسـتی لێـدا ﴿بە بەزەییەوە دەستی درێژ کرد و دەستی لێداو پێی وت، دەمەوێت، خاوێن بەرەوە﴾ (مەرقۆس ١: ١٤).

کاتێــك عیســا بێــوەژنێکی بینــی کــە نــەك تــەنها هاوســەرەکەی لەدەستدابوو، بەڵکو کوڕە تاقانەکەشی لەدەستدا، لوقا پێمان دەڵێت، ﴿عیسا دڵی پێی سووتا و پێی وت، مـەگری﴾ (لوقـا ٧: ١٣). پاشـان کوڕەکـەی زینـدوو کردەوە؛ و لەوحاڵەتەدا، هیچ وشەیەك دەربارەی باوەڕی ژنەکە نەوترا. ئەوە شاڵاوێکی بێبەرامبەری بەخشندەیی و میهرەبانی خودا بـوو، تەنانـەت پـێش باوەڕ هێنانیش.

ئەوە میهرەبانی بـوو کـە عیسـای راکێشا بـەرەو ئەوانـەی کـە بـە هـۆی رۆحی پیسەوە ئازاریان دەچەشت. پیاوێك دوای چەندین ساڵ لـە مەینـەت و

چەرمەسەری، کوڕەکەی هێنایە لای عیسا. کوڕەکە نەیدەتوانی قسە بکات؛ و ڕۆحی پیس چەندین جار کوڕەکەی خستبوە نێو ئاگرەوە. باوکەکە لە عیسا پاڕایەوە, ﴿بەزەییت پێماندا بێتەوە، یارمەتیمان بدە﴾ (مەرقۆس ٩: ٢٢). لەگەڵ ئەوەی کە پیاوەکە دەیتوانی تەنها بە ئەندازەی دەنکە خەردەلێك باوەڕی هەبێت؛ ﴿باوەڕم هەیە ئەی خوداوەند، یارمەتی بێباوەڕیم بدە﴾ (مەرقۆس ٩: ٢٤). عیسا وەڵامی داواکاری بەزەیی دایەوە؛ ڕۆحەکەی سەرزەنشت کرد و دەریکردە دەرەوە.

تەنانەت کاتێك ئەو پیاوەی ڕۆحە پیسەکەی تێدا بوو، هیچ کەسی نەبوو بۆ ئەوەی پارێزگاری لێبکات؛ و نەیدەتوانی باوەڕ بە عیسا بکات یان دان بە عیسادا بنێت؛ بەڵام خوداوەند ڕزگاری کرد و پاشان بۆی ڕوونکردەوە کە ئەم ئازادییە بۆ هۆی میهرەبانی تەواوی خوداوەیە: ﴿بگەڕێوە بۆ ناوماڵ و کەسوکارت, بۆیان بگێڕەوە کە خوداوەند چی بۆ تۆ کردووە و چۆن بەزەیی پیاتدا هاتەوە﴾. (مەرقۆس ٥: ١٩). سەرنجتاندا کە ئەم پیاوە یەهودی نەبوو؛ ڕێك وەکو ژنە کەنعانییەکە، ژنەکە هاواری کرد, ﴿ئەی خواوەند, کوڕی داود, بەزەییت بە مندا بێتەوە, کچەکەم بە شێوەیەکی زۆر خراپ ڕۆحی پیسی تێدایە﴾ (مەتا ١٥: ٢٢). ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە، گەورەیی بەزەیی مەسیح زیاد دەکات؛ چونکە نە ڕۆحە پیسەکان، نە دووری ناهەیودییەکان، نەیانتوانی ڕێگری لە بەزەیی و میهرەبانی مەسیح بکەن.

تەنها ڕەنج و دەرد نەبوو کە بەزەیی مەسیحی دەرخست بەڵکو گوناهیش بەزەیی و میهرەبانی مەسیحی داگیرساند. کاتێك کە عیسا لەگەڵ ﴿باجگران و گوناهباران﴾ نانی خوارد, فەریسیەکان و مامۆستایانی شەریعەت ڕەخنەیان لێگرت. بەڵام عیسا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو کارانەی سێ چیرۆکی گێڕایەوە. یەکەم، چیرۆکی کوڕە دەست بڵاوەکە بوو. مەبەستی هەرە گرنگی ئەم چیرۆکە، وێنەی خودا دەکێشێت, پڕ لە دڵسۆزی بۆ کوڕە گەڕاوەکەی خۆی ﴿کاتێك باوکی لە دوورەوە بینی دڵی پێی سووتا و ڕایکرد

بۆ لای و دەستی کردە ملی و بە گەرمییەوە ماچی کرد﴾ (لوقا ١٥: ٢٠). بەجۆرێکی دیکە، عیسا لەگەڵ باجگران و گوناهبارەکان نانی خوارد، چونکە ئەو دەرخەری جەستەیی میهرەبانی باوك بوو بۆ گوناهباران.

عیسا ئەم دڵسۆزییەی تەنها نیشانی ئەوانە نەدا کە گوناهیان دەکرد؛ و ئازاریان دەچەشت, بەڵکو نیشانی هەمووانی دا. مەسیح بە سووکی یان بە شێوەیەکی کەمتەرخەمی سەیری کۆمەڵانی خەڵکی نەدەکرد. جارێکیان کاتێك ئاپۆڕایەکی مەزنی خەڵك هاتن بۆ لای، و بە باشی پلانیان دانەنابوو بۆ خواردنیان, مەسیح سەیری کردن وتی, ﴿من بەزەییم بەو خەڵکەدا دێتەوە, چونکە سێ ڕۆژە لەگەڵ مندان و شتێکی وایان نیە بیخۆن﴾ (مەرقۆس ٨: ٢). لە شوێنێکی دیکەدا، ئەوە برسیەتییەکەیان نەبوو کە مەسیحی پڕ کرد لە سۆز و بەزەیی بەڵکو بریتی بوو لە پێویستی ڕۆحییان بۆ ڕاستی. ﴿مەسیح خەڵکێکی زۆری بینی و بەزەیی پێیاندا هاتەوە، چونکە وەك مەڕی بێ شوان وابوون؛ دەستی کرد بە فێرکردنی زۆریان﴾ (مەرقۆس ٦: ٣٤).

یەك لە فەرمایشتە هەرە گرنگ و بنچینەییەکان دەربارەی سۆز و میهرەبانی خودا، کە عیسا تا ئەو کاتە دەرینەبڕیبوو لە (هۆشەع ٦: ٦) هاتووە. ئەوە بۆچوون و شێوازی عیسا بوو کە لە جێگەی یاسا سنووردار و بەرتەسکەکان، هەموو بۆنە و یاسا ئاینیەکانی پەیمانی کۆنی لە ژێر ئاڵای میهرەبانی خۆی دانابوو. کاتێك ڕەخنەی لێگیرا سەبارەت بە نان خواردنی لەگەڵ باجگران و گوناهباران لە ماڵی مەتا, مەسیح ڕەخنەکەی بۆ خۆیان گەڕاندەوە و وتی ﴿بڕۆن و فێربن ئەوە چ مانایەکی هەیە, میهرەبانیم دەوێ نەك قوربانی﴾ (هۆشەع ٦: ٦). ﴿چونکە من بۆ ئەوە نەهاتووم بانگی ڕاست و دروستان بکەم بەڵکو گوناهبارەکان﴾ (مەتا ٩: ١٣). کاتێك قوتابییەکانی مەسیح لە لایەن فەریسیەکانەوە هەڕەشەیان لێکرا بۆ چنینەوەی دانەوێڵە و خواردنیان لە ڕۆژی پشوودا, عیسا وتی: ﴿بەڵام

ئەگەر واتای ئەوەتان بزانیبایە, (من میهرەبانیم دەوێ نەك قوربانی), ئەوا بێتاوانتان تاوانبار نەدەکرد﴾ (مەتا ١٢: ٧). بە شێوەیەکی دیکە، تەواوی خزمەتی عیسا بەو چەشنە بینین و بۆچوونە دروست بوو کە میهرەبانی، مەبەستی تەواوی شەریعەتی خودایە، چونکە عیسا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایە نەهات بەڵکو بۆ جێبەجێکردنی. (مەتا ٥: ١٧), ئەو دەرخەری جەستەیی و گەورە نیشاندانی دەوڵەمەندی میهرەبانی خودا بوو.

ئەمڕۆش راستی دەربارەی مەسیح هەمان راستییە. لەم لایەنەوە ﴿عیسا مەسیح وەك خۆیەتی، دوێنێ و ئەمڕۆ و تاهەتایە﴾ (عیبرانیەکان ١٣: ٨). هەر لەبەر ئەمەیە کە خودایەك کە پێی دەوترێت ﴿باوکی میهرەبانی﴾ (٢ کۆرنسۆس ١: ٣), داوامان لێدەکات لە رێگەی عیسا مەسیحەوە، کە دەتوانێت ﴿هاوخەمی لاوازییەکانی ئێمە بێت﴾ ئازایانە بەرەو تەختی پاشایی ئەو بێین (عیبرانیەکان ٤: ١٥). عیسا کاهینی گەورەی بێتاوانی ئێمەیە کە لە هەموو لایەنێکەوە بە پێی پێویستی ئێمەیە. ئەو بەوپەڕی ملکەچی و بە قوربانی بێخەوشی لە سەر خاچ، خۆی وەکو جێگرەوەمان پێشکەش کردووە. هەموو میهرەبانیەکانی باوك دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی کە لە رێگەی باوەڕیان بە عیسا بەرەو خودا دێن. ﴿با بە بێ ترس و بە دڵنیایی بەرەو تەختی شاهانەی بەرەکەت بڕۆین, تا بەزەیی وەربگرین و بەرەکەت بدۆزینەوە بۆ یارمەتیدانمان لە کاتی پێویست﴾ (عیبرانیەکان ٤: ١٦).

تەختی شاهانەی خودا، شوێنی میهرەبانی و بەزەییە. ئەمەیە سامانی ئەزەلی و هێزی ئەزەلی و دانایی ئەزەلی؛ و لە رێگەی عیسای مەسیح؛ کە دەرخەری میهرەبانی خودایە، دەتوانین ببینە خاوەنی هەموو ئەم بەرەکەتانە. جا ئیتر ئەگەر ئەمە لە رێگەی خۆشی و چێژەوە فێری بیت یاخود وەکو ئەیوب لە رێگەی دەرد و ئازارەوە, هەرچی دەکەیت بیکە بەڵام فێری ئەوە بە کە ﴿خوداوەند دڵنەرمی و بەزەیی زۆرە﴾ (یاقوب ٥: ١١).

# نوێژ

*ئەی باوکە، چەندە پێویستیمان بە بەزەییتە. ئێمە هەموو ڕۆژێك گوناه دەکەین. لە فەرمانەکانت دادەبڕێین کە دەبێت تۆمان خۆشبوێت بە تەواوی دڵ و گیان و بیرو و هێزمان. ئێمە لە دڵسۆزیماندا سستین. هەموو مەبەستەکانمان، تەنانەت باشترینیشیان ئاڵۆز و ناڕوونە. خەمی سبەی دەخۆین. بۆڵە بۆڵ دەکەین. زۆر زوو تووڕە دەبین. تامەزرۆی شتێکین کە نابێت ببین. لە هەڵسوکەوتێکی بەرامبەرمان نیگەران دەبین کە خۆمان پێنج خولەك پێشتر بەرامبەر خەڵکی دیکی ئەنجامان داوە. ئەگەر بەزەییت بە ئێمەدا نەیەتەوە ئەوا لەناودەچین. ئەی باوك، ڕێگەمان پێبدە میهرەبانی مەسیح ببینین و تامی بکەین. هێزمان پێببەخشە بۆ ئەوەی لە خۆشەویستیەکەی تێبگەین. ئارەزوومان پێبدە بۆ ئەوەی چیرۆکی میهرەبانیەکانی عیسا بخوێنینەوە کە لە ئینجیلی پیرۆزدا نووسراوە. ڕێگەمان پێبدە بە ڕادەیەك ڕێز بۆ کارەکانی دابنێین کە لاسایی بکەینەوە و هەوڵدەین وەکو ئەو بین. بەڵام تکایە با لاسایی کردنەوەکەمان لە بواری جەستەیی زۆر زیاتر بێت. با لاسایی کردنەوەکەمان لە دڵێکەوە سەرچاوە بگرێت کە بە هۆی گوناهەکانمان شکاوە، و گەیشتبێتین بە قۆناغێك کە خۆشەویستیمان بۆ بەزەییەکەی هەبێت؛ و لەگەڵ بەزەیی و میهرەبانیدا ژیان بەسەر ببەین؛ وهیوامان بە میهرەبانی بێت؛ و تامەزرۆی بین. وا لە میهرەبانی مەسیح بکە، لە بەرچاومان ببێتە گەورەترین جوانی ڕزگارکار. ڕێگەمان پێبدە بڕوانین و لە ڕوانیندا وەکو ئەومان لێبێت؛ و ئەم تامکردنەی میهرەبانی لە ڕووی دەرەوەماندا نیشاند بدە. ئەوەندە لە میهرەبانیدا پڕمان بکە کە بتوانین میهرەبانییەکەی دەربخەین. دادپەروەر بوون و*

***خۆشويستنى ميهرەبانيمان تێيدا جێبەجێ بكە. با نيشاندانى ميهرەبانيمان خۆشبوێت. بەڕادەيەك ميهرەبانى بكە بە بەشێك لە ئێمە كە خۆمان ببين بەو ميهرەبانييە. بەڕادەيەك لەگەڵ مەسيح بمانكە بە يەكێك، كە ميهرەبانى ئەو ميهرەبانى ئێمە، و ميهرەبانى ئێمە ناساندنى مەسيح بێت. ئەو هەموو ئەو شتەيە كە لە كۆتاييدا دەتوانين پێشكەشى بكەين. باوكە، لە باوەڕ و ئارامگرى ئێمەدا، ميهرەبانى ئەو شكۆدار بكە. سوپاسگوزارتين، ئاى كە چەندە سوپاسگوزارين بە هۆى مەسيح و بەزەيى تۆ لە مەسيحدا بۆ ئێمە! لە ناوى مەسيح نوێژ دەكەين، ئامين.***

((مامۆستا ئێمە دەزانین کە تۆ گوێ نادەیتە هیچ
کەسێك،
هەوڵدانت تەنها بۆ فێرکردنی راستی خودایە.))
لـۆقا ۲۰: ۲۱

((ئەی باوك، خوداوەندی ئاسمان و زەوی، چونکە ئەم
کارانەت لـە دانا و زایان شاردوەتەوە،
بۆ منداڵانت ئاشکراکردووە.
لـۆقا ۱۰: ۲۱

# 11

# لایەنی دژوار

## *پێداگریی عیسای مەسیح*

شکۆمەندی عیسای مەسیح لەوەدایە کە هەمیشە لەگەڵ جیهاندا ناساز بووە، هەربۆیە هەمیشە لە بەردەستی جیهاندا بووە. ئەگەر بە جوانی و بە باشی لەگەڵ دنیادا بگونجابا ئەوا خزمەتکردنەکەی سوودی کەمی دەبوو. کاتێک کە هەوڵدەدەین ئەو عیسایەی کە کتێبی پیرۆز بۆ ئێمەی دەرخستووە، بە شێوەیەك دروستبکەینەوە کە لەگەڵ رۆحی نەوەیەکدا بگونجێت، ئەم دروستکردنەوەیە، عیسایەکی لاواز و بێ توانا بۆ نەوەی داهاتوو نیشان دەدات. باشتر وایە کە لێگەڕێین عیسای مەسیح ئەو کەسە بێت کە هەیە، چونکە ئێمە زیاتر پێویستمان بە لایەنە رەنجێنەرییەکەی مەسیحە.

شێوازی دەربڕینی خۆشەویستی عیسا، کە توند و راست و سەخت بوو، بە تایبەتی بۆ جیهانی رۆژاوا و دنیای ئەمڕۆ، رەنجێنەرە. زۆربەی کات، زمانە توندەکەی ئەو، خەڵکی دڵناسکی ئازار دەدا. ئەو خەڵکەی کە کەسایەتییەکی نەرم و نیان و وشە و ڕێگای ناسك و خۆشەویستیان هەبوو، و ئەگەر لە نزیکەوە گوێیان لە قسەکانی عیسا بگرتبا، ئەوا زۆربەی کات بە هۆی قسە تاڕادەیەك تەندوتیژەکانی خوداوەند تووڕە دەبوون.

ئەوە تاکە ڕێگای قسەکردنی ئەو نەبوو. ئێمە لە بەشی دە میهرەبانیەکانی ئەومان بینی کە چەندە ئارام و بەسۆز و لێبوردە بوو. هەربۆیە ناتوانین لە ژێر ناونیشانی رەفتاری ناشیرین، یان زوو توڕەبوو، یان بێ هەست یان لەسەر شێوازی قسەکردنی توندی مەرج دابینرێت. ئەوەی

دەبینین کە زمانە توندەکەی مەسیح شێوازێکە لـە خۆشەویستی، کـە لەگـەڵ دونیای گەندەڵ و تاریکی دڵمان و ئەنجامە گەورەکانی هەڵبژارنە خراپەکانی ئێمە، دەگونجێت. ئەگـەر هـیچ ناپاکییـەکی مـەزن و هـیچ دڵێکی بـێ گـوێ و هـیچ ئاکـامێکی نـەمر نەبووایـە، ئـەوکات لەوانەیـە شـێوازە گونجاوەکـانی خۆشەویستی تەنها ڕەفتاری نەرم و وشەی جوان بێت. بـەڵام دونیایـەك، کـە کوڕی خودا نەکوژێت و ڕقی لە قوتابیەکانی نەبێت بوونی نیە.

پێویستە گوێ لە توندوتیژیە جوانە میهرەبانەکەی عیسا بگـرین. ئـەم شـێوازی هەڵسوکەوتە بـووە هـۆی سەرسـام بـوونی خـەڵکی سـەردەمەکەی. تەنانــەت دوژمنەکانیشــی ســەریان ســوڕما بــوو کــە ئــەو بــە شــێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، بێ منەت بوو لە پەسەندکردنی قسەکانی لەلایەن خەڵکەوە. بەڵام ئێمەی مرۆڤ زۆر حەزدەکەین کە قسەکانمان لەلایـەن دەوروبەرمانـەوە پەسەند بکرێت. ﴿مامۆستا، ئێمە دەزانـین کـە تـۆ لەسـەر ڕاسـتی دەڕۆیت و ڕاستیش فێری خەڵکی دەکەیت، گوێ نادەیتە هیچ کەسێك، هەوڵدانت تـەنها بـۆ فێرکردنــی ڕاســتی ڕێگــای خودایــە﴾ (لۆقــا ٢٠: ٢١). کاتێــك فەریســیە نەیارەکان داوایان لە ئەفسەرەکان کـرد کـە عیسا دەسـتگیر بکـەن، بـە دەسـت بەتاڵی گەڕانەوە، و وتیان: ﴿هـەرگیز هـیچ کەسـێك وەکـو ئـەم پیـاوە قسـەی نەکردوە!﴾ (یۆحەنا ٧: ٤٦).

ئەمە گەواهیدانی تەواوی نەوەیـەك بـوو. هـەرگیز هـیچ کەسـێك وەکـو ئەم پیاوە قسەی نەکردوە. ئەم گەواهیدانە کاتێك دەستی پێکرد کە عیسا بە گەنجی، لە پەرستگا ئامـادە بـوو: ﴿هـەموو ئەوانـەی گوێیـان لێبـوو، سەرسـام بــوون بــە وەڵامــەکانی﴾ (لۆقــا ٢: ٤٧). کاتێــك خزمەتــە گشــتییەکەی لــە کەنیشتی شاری ناسیرە دەسپێکرد، لـە سـەرەتادا، ﴿هـەموو بـە باشـی باسـیان کرد و سـەریان سوڕما لـەو وشـە بەرەکەتدارانـەی لـەدەمی دەهاتـە دەرەوە﴾ (لۆقا ٤: ٢٢). بەڵام کاتێك کـە بـە ڕوونـی و دانەپۆشراوی، چینی ناشیرین و خۆپەرسـتییەکانی جیـا کـردەوە (ئایـەتی ٢٤- ٢٧)، هـەمان (خەڵکـە داخ لـە

دڵـەکان بـوون) (ئایـەتی ٢٨) کـە دەیانویسـت عیسـا لـە شـاخەکەوە بخەنـە خوارەوە (ئایەتی ٢٩). بەڵام لە کۆتایی خزمەتەکەی عیسا لـەم دونیایـەدا، و لـە حەفتـەی کۆتـایی ژیانیـدا ، بـە وەڵامـە تونـدەکانی کـە دەیدایـەوە، دەمـی نەیارەکانی دادەخست؛ لەگەڵ ئەوەی کە هاواری تاوانبار کردنیشی هەر بەرز بوو. ﴿کەسیان نەیانتوانی تەنانـەت بـە وشـەیەکیش وەڵامـی بدەنـەوە، ئـیتر لەو ڕۆژەوە کەس نەیدەتوانی هیچ پرسیارێکی لێبکات﴾ (مەتا ٢٢: ٤٦).

بارودۆخی دونیایەك کە گەڕانەوەی مەسیحی بە گـرنگ دانـا، ئەوەنـدە خـراپ بـووە کـە عیسـا بـۆ ئـەوەی سـەرنجی دنیـا بـۆ کۆتـایی بارودۆخەکـە رابکێشێت، شێوازی قسەکردنێکی جوڵێنـەری بـەکارهێنا، کاتێـك کـە خـەڵك داوای هێمـای ئاسمانیـان لێکـرد، وەڵامـی دایـەوە ﴿نەوەیـەکی ناپـاك و بەدرەوشـت داوای نیشـانە دەکـات﴾ (مـەتا ١٦: ٤). ئـەو کاتـەی قوتابیـەکانی نەیانتوانی ڕۆحی پیس لە خەڵکەکە دەربکەن، پێی وتـی: ﴿ئـەی نـەوەی بـێ باوەڕ، تاکەی لەگـەڵتان بم؟ تاکـەی بارتـان بـۆ هـەڵگرم؟﴾ (مـەرقۆس ٩: ١٩). کاتێك فێری نوێژکردنی کردن، وتی: ﴿ئەگەر ئێوەی خراپ بزانن شتی بـاش بە مندڵەکانتان بدەن، ئایا دەبێت باوکی ئاسمانیتان چەندە شتی باشتر بدات بەوانـەی داوای لێدەکـەن!﴾ (مـەتا ٧: ١١). بـەو گریمانـەی کـە ئـەوان خـراپن دەستی پێکرد، هەر واشی پێ وتن.

عیسا نەك تەنیا جیهانی بە ناپاك و زیناکەر و بێباوەڕ تۆمـەتبار کـرد، بـەڵکو وتـی کـە هـەموویان لـە ڕووی ڕۆحیـەوە مـردوون. کاتێـك یـەکێك لـە قوتابیەکانی داوای لێکرد کە ئایا دەتوانێت بـڕوات و بـاوکی بنێـژێت، عیسـا بەم قسانە سەرسامی کرد، ﴿دوام کەوە، واز لە مردووان بێنـە مردووەکانیـان بنێژن﴾ (مەتا ٨: ٢٢). حاڵەتی زیندوەکان کە لە لایەنی ڕۆحیەوە مردبـوون، ئەوەندە ترسـێنەر بـوو کـە قسـەیەکی لـەم شـێوەی پێویسـت بـوو. دەربـارەی فەریسیەکانیش بـە هـەمان شـێوە بـوو ﴿قـوڕ بەسـەرتان ئـەی مامۆسـتایانی شەریعەت و فەریسیە دووڕووەکان! کە لە گۆڕە ون بووەکان دەچـن﴾ (لۆقـا ١١:

٤٤). ﴿وەکو گۆڕە بە گەچ سواخ دراوەکان وان، کە لە دەرەوە جوان دیارە، بەڵام ناوەوەی پڕ لە ئێسقانی مردوودوانە و پڕە لە هەموو پیسیەك!﴾ (مەتا ٢٣: ٢٧).

مردنی رۆحی، لە شەیتانەوە سەرچاوە دەگرێت؛ چونکە شەیتان هەر لە سەرەتاوە بکوژی رۆحی مرۆڤەکان بووە. عیسا تووڕە بوو کە هەندێ خەڵك خۆیان بە کەسێکی ئایینی باش دەزانن لە کاتێکدا بێباوەڕن، هەربۆیە بەم وتانە تاوانباری کردن ﴿ئێوە رۆڵەی شەیتانی باوکتانن، دەتانەوێ ئارەزووەکانی باوکتان جێبەجێ بکەن، ئەو هەر لە سەرەتاوە مرۆڤکوژ بووە، نەیتوانی لە ناو راستیدا بچەسپێ﴾ (یۆحەنا ٨: ٤٤)؛ کاتێك کە پەترۆس، قوتابیە دڵسۆزەکەی قارەمانانە قسەی کرد کە رێگە نادات عیسا بکوژرێت، ئەو ڕووی تێکردو و وتی: ﴿ون بە لەبەرچاوم ئەی شەیتان، ئێستا تۆ کۆسپی لەبەردەمم﴾ (مەتا ١٦: ٢٣). تەنیا یەك ڕێگەچارە هەبوو بۆ مردنی ڕۆحی، ئەویش بریتی بوو لە مردنی عیسا لە جیاتی مرۆڤەکان. هەر چەشنە کۆسپێك لە بەرامبەر ئەو چارەسەرە، کاری شەیتانی بوو. ئەو قسانەی کە خەڵکی بە دەمیاندا دەهات، ئەوەندە هێزی نەبوو کە ئەو رێگا چارەسەرە بپارێزێت.

حاڵەتی دڵی مرۆڤەکان، توشی سزادانی هەمیشەییان دەکات، و کەسانێك کە دووچاری ئەم سزادانە هەمیشەیە دەبن، سوود لەو چارەسەرە وەرناگرن کە مەسیح لەگەڵ خۆی هێنای. لەبەرئەوەیە کە کاتی ئاگادارکردنەوەیان لەبارەی دۆزەخەوە، تێبینی هەست ناسکەکانی نەکرد. هیچ کەسێك وەکو عیسا، لە ئینجیلی پیرۆزدا زیاتر لەجارێك بە ترسناکی باسی دۆزەخی نەکردوە: ﴿فریشتەکان دێن، بەدکاران دەردەهێنن لە ناو راست و دروستاندا و فڕەیان دەدەنە ناو تەنووری گڕدارەوە. جا لەوێ دەبێ بەگریان و چرکە چرکی ددان﴾ (مەتا ١٣: ٤٩- ٥٠). کاتێك قوتابیەکانی هەوڵیاندا عیسا ناچار بکەن کە لەبارەی شوێنی دادوەری کردنەکەوە وەڵام

بداتــەوە، بــە رونــی وەڵامــی دایــەوە ﴿لــە کــوێ کــەلاك هــەبێت، داڵ لێــی کۆدەبێتەوە﴾ (لۆقا ١٧: ٣٧). هەندێ ڕاستی هەیە کە ئەوەنـدە ترسـناکە کـە پێویستی بە رونکردنەوەیـەکی خێـرا نیـە، بڵکو وێنەیـەکی ترسـناکی لـەوان پێویستە.

عیسا وتی دۆزەخ شوێنێکە کە ﴿لەوێ کرمـەکانیان مردنیـان بـۆ نیـە و ئاگریـان ناکوژێتــەوە﴾ (مــەرقۆس ٩: ٤٨). شــوێنی ﴿تاریکـایی دەرەوەیــە﴾ (مــەتا ٨: ١٢، ٢٢: ١٣، ٢٥: ٣٠). ﴿ئــاگری هەمیشــەیی تێــدا ئامــادەکراوە بــۆ شەیتان ودەست و پێوەندەکانی﴾ (مەتا ٢٥: ٤١) ﴿ئاگرێ کوژانەوەی بۆ نیە﴾ (مەرقۆس ٩: ٤٣). ﴿سزای هەتاهەتایی﴾ (مەتا ٢٥: ٤٦).

بۆیە، عیسا بە ڕێگایـەك کـە دەیتـوانی دڵـی ئێمـە بوەسـتێنێت، ڕوونـی دەکاتەوە کە ڕووداوە مەترسیدارەکانی دونیا؛ وەکو کوشتن! هەرگیز بـەراورد نــاکرێن لەگــەڵ مەترســیەکانی دۆزەخ ﴿لەبەرئــەوە ئــەی خۆشەویســتانم، مەترسن لەوانەی بە لەش دەتانکوژن، چونکە لەوە زیاتر ناتوانن هیچ بکەن. بەڵام من پێتان دەڵێم لە چی بترسن، لەوە بترسن کە توانـای هەیـە بتانخاتـە دۆزەخەوە، بەڵێ پێتان دەڵێم لـەوە بترسـن!﴾ (لۆقـا ١٢: ٤- ٥). بـە مانایـەکی دیکە، مەترسن قوتابیەکانم, تەنیا ئەگەری ئەوە هەیە کە بتانکوژن.

ئــەنجامی ئــەم ڕاســتییە، واتــە ئــەوەی کــە بەدڵنیاییــەوە هەرچــەندە ڕووداوی مەرگ هێنەری ئەم دونیایە، بە ئازار بێت بەڵام هێشـتا گـەورەترین نەهامــەتی نیــە. گــەورەتر لــەو نەهامەتییــە ئەوەیــە کــە مرۆڤــەکان بــەناوی عیسـای مەسـیح تۆبـە نەکـەن و بـاوەڕی پێنـەهێنن؛ و بـەم شـێوەیە، ڕێگـای ڕزگار بوون لە دۆزەخ لە خۆیان ببەستن. کاتێك عیسا دەربارەی ئەم ڕاستییە بەژیان پەیوەستەوە، لەگـەڵ خـەڵك قسـەی دەکـرد کـە دەبێـت بەڕاسـتی لـەو شتە بترسن، نەدەترسان، زۆر بە جدی بوو، و دوور لە هەسـت و سـۆز قسـەی دەکــرد. بــۆ نموونــە، گروپێــك ترســابوون لــەوەی کــە پیلاتــۆس خــوێنی جەلیلیــەکانی لەگــەڵ خــوێنی قوربانیــەکانی تێکــەڵ کردبــوو. ئــەوان ئــەو

کارەساتەیان بە عیسا ڕاگەیاند؛ کە دەبێت لە ڕادەبەدەر ترسابێتن، کاتێ کە وتی: ﴿ئایا بەڕای ئێوە، ئەو جەلیلیانەی کوژراون گوناهیان زیاتر بوو لەو خەڵکەی تری جەلیل، بۆیە وایان بەسەرهات؟﴾ (لۆقا ١٣: ٢- ٣). لە جیاتی سەرسام بوون بەوەی کە خەلکە تاوانبارەکان لەناودەچن، سەرسام بن بەوەی ئێوە لەناونەچوون.

مەسیح ڕێگای بەهەشتمان نیشان دەدات. جا ئەگەر توانای بەرگە گرتنیمان هەبێت یان نەبێت. ﴿ئەگەر هاتوو چاوی ڕاستت دووچاری گوناهی کردی، دەری بهێنە و فرێیدە. چاکتر وایە ئەندامێکی لەشت نەمێنێ، لەوەی هەموو لەشت بخرێتە دۆزەخەوە. ئەگەر دەستی ڕاستت تووشی گوناهی کردی، بیبڕە و فرێیدە، چاکتر وایە ئەندامێکی لەشت نەمێنێ لەوەی هەموو لەشت بخرێتە دۆزەخەوە﴾ (مەتا ٥: ٢٩- ٣٠) بڕینەوەی ئەندامەکانی جەستە، باشترە لە دۆزەخی بوون. لەبارەی بوون بە دۆزەخی بوونی ئێمە بەم جۆرەیە؛ کەواتە، ئەی چەندە زیاتر لەبارەی دۆزەخی کردنی خەڵکی دیکە ﴿هەرکەسێك یەکێ لەو باوەڕدارە بچووکانەی کە باوەڕیان بە من هەیە تووشی گوناە بکات، باشتر وایە بۆی بەردی دەستاڕ بە ملیەوە هەڵواسرێ و نوقمی دەریا بکرێت﴾ (مەتا ١٨: ٦). مردن لە دەریا، باشترە لە پاڵنانی کەسێك بۆ دۆزەخ. کەواتە شتێکی سەیر نیە کە عیسا ئەوەندە بە زەحمەت باسی چوون بۆ ناو پادشایەتی ئاسمان دەکات ﴿لە ڕۆژانی یەحیای لە ئاوهەڵکێشەوە تا ئێستا پادشایەتی ئاسمان پێشکەوتنێکی بەهێز تێدەکۆشێت، تێکۆشەرانیش دەستی پێوە دەگرن﴾ (مەتا ١١: ١٢). و شتێکی سەرسورهێنەر نیە کە دەڵێت ﴿تەنگترین ڕێگا و ناڕەحەترینیان، دەرگا و ڕێگای گەیشتنە بە ژیان، ئەوانەی ڕێی پێدەبەن زۆر کەمن﴾ (مەتا ٧: ١٤). کەمن ئەوانەی بەدڵ باوەڕ بە عیسا دێنن، ئەوەندە بە قووڵی، ئاسمانیان خۆش بوێت، کە چاو و دەست و ژیانیان بێ نرختر لەوە دابنێن کە لە بەهەشتدا لەگەڵ عیسا بن. کەواتە ڕێگاکە تەسکە؛ و شوێنکەوتوان کەم.

ژمارەیەکی زۆری خەڵك گوێ لە عیسا دەگرن؛ و دەڵێن، ﴿ئەم قسانە چەند گرانە، کێ دەتوانێت گوێی لێبگرێت؟﴾ (یۆحەنا ٦: ٦٠).

بەڵام عیسا واز ناهێنێت، پێداگری لە سەر ڕێگای تەسك دەکات؛ نەك تەنیا لەبەرامبەر ئەوەی کە دەست و چاومان پاك بێت و خۆشەویستیمان بۆ شوێنکەوتوانی مەسیح قووڵ و ریشەیی بێت، بەڵکو سوود لە وەفاداری زیادمان بۆ خێزانەکەمان و خۆمان و لایەنی داراییمان وەردەگرێت. ﴿گەر یەکێك بیەوێ لەگەڵم بێت، پێویستە منی زیاتر خۆش بوێ، تەنانەت لە دایك و باوکی، ژن و منداڵی، خوشك و برای، بگرە لە خۆشی زیاتر، تەنها بەم شێوەیە دەتوانێت ببێتە قوتابی من﴾ (لۆقا ١٤: ٢٦). ﴿ئەوەی رقی لە ژیانی خۆی بێت لەم جیهانە بێت، تاهەتایە دەیهێڵێتەوە﴾ (یۆحەنا ١٢: ٢٥). ﴿گەر یەکێك لە ئێوە واز لەهەموو شتێك نەهێنێت کە هەیەتی، ناتوانێت ببێتە قوتابی من﴾ (لۆقا ١٤: ٣٣). کاتێك کە پێش هەموو کەسێك، بە دوای پاشایەنی خودا دەگەڕێین، تەنانەت زۆر جار دەربڕینی خۆشەویستی بەرامبەر دایك و باوکمان کە خودا دەناسن، بە چاوی جیهانەوە وەکو رق دەبینرێت؛ و ئەگەر دایك و باوکمان خودایان نەناسیبێت، ئەو باوەڕەی کە بە دوای رزگاری ئەواندا دەگەڕێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ببنە دوژمنمان. ﴿من هاتووم بۆ ئەوەی ناکۆکی بخەمە نێوان باوك و کوڕ، دایك و کچ، بووك و خەسوو﴾ (مەتا ١٠: ٣٥). کەواتە کاتێك شوێنی مەسیح دەکەوین خێزانەکانمان لەدەست دەدەین؟ وەڵامی مەسیح باوەڕ پێنەکراوە، ﴿ئەوەی کاربکات بە خواستی ئەو باوکەم کە لە ئاسمانە، ئەوا ئەو برا و خوشك و دایکمە﴾ (مەتا ١٢: ٥٠).

ئەگەر وا دەرناکەوێ کە ئەمە خزمەت و ئەرکی کەسێك بێت کە بە میری ئاشتی ناودەبرێت، ئەوا دەبێت ئەوەش بزانین کە ئامانجەکەشی بریتی نییە لە راگەیدندن ئاشتی لەگەڵ بێباوەڕ و سەرپێچیکەران. بێباوڕ و سەرێچیکەر دوو دوژمنن کە دەبێت لەناوبرێن، ئەگەر نا ئەوان دەست

دەکەن بە لەناوبردن. کاتێك پەیامی مەسیح، کە بەخشینی گوناهەکانە، بە سووك و بێسوود چاوی لێدەکرێت، ئەو کاتە ناتوانیت خۆت لە دووبەرەکی و جیابوونەوە بپارێزی؛ و عیسا ئەوەی دەزانی: ﴿وا دەزانن من هاتووم تەنیا ئاشتی بهێنمە سەر زەوی؟ پێتان دەڵێم نەخێر، بەڵکو دووبەرەکی و جیابوونەوەم هێناوە﴾ (لوقا ١٢: ٥١). ﴿تەنانەت باوك و دایکتان یان براو خزم و هاوڕێتان دەتاندەن بە دەستەوە و هەندێکتان دەکوژن﴾ (لوقا ٢١: ١٦). ﴿من هاتووم تاکو لەسەر زەوی ئاگرێك بکەمەوە، چەند دڵخۆشم بەوەی کە دەست بکات بە سووتاندن﴾ (١٢: ٤٩).

کێ دەتوانێت گوێ لەم شتانە بگرێت؟ کێ دەتوانێت لەم وشانەدا دڵشاد بێت و پەی بە قووڵایی وشەکانی مەسیح ببات، کە دەفەرموێ: ﴿ئەم شتانەم پێ وتن تا خۆشی من تیاتان بچەسپێ و خۆشیتن بە تەواوی بێت﴾ (یۆحەنا ١٥: ١١). وەڵامی عیسا بە ئەندازەی شێوازی پرسیارکردنەکەی جێگەی سەرسوڕمانە؛ و بە دڵشادییەوە وەڵام دەداتەوە، ﴿عیسا بە رۆحی پیرۆز زۆر شادومان بوو، وتی: (سوپاست دەکەم ئەی باوك، خودای ئاسمان و زەوی چونکە ئەم کارانەت لە دانا و زانایان شاردوەتەوە، بۆ رۆڵەکانت ئاشکرا کردووە)﴾ (لوقا ١٠: ٢١).

بێفیزەکان، فێرکراوەکان، شکاوەکان، ملکەچەکان و منداڵەکان ئەوانەن کە گوێبیستی دەنگی و هێز و راستی و دادپەروەری و خۆشەویستی دەبن. کاتێك کە قسەدەکات گوێبیستی دەبن و دڵیان لە ناو ستگیاندا گڕ دەگرێت (لوقا ٢٤: ٣٢). ئەوان دڵیان ناڕەنجێت. دڵگەرم دەبن بەوەی کە لانی کەم کەسێك سەختی بارودۆخی ئێمەی مرۆڤ دەبینێت و دوژمن دەناسێت، سازش ناکات؛ و وەکو پاشایەکی سەرکەوتوو و رزگارکەرێکی گەورە قسە دەکات.

# نوێژ

خواوەند، بەهێز و جێگیرمان بکە. نەك ئەوەی نەرم و نیان نەبین، بەڵکو وامان لێبکە بەئاسانی نارەحەت نەبین. توانای بەزەیی بەخۆداهاتنەوەمان لێدووربخەوە. تامەزۆرییمان بۆ راستی پێببەخشە، با ئەو تامەزرۆییە، بەهێزتر بێت لە حەزی ناخمان بۆ باشتر بوونی خۆمان. باوکە، بمانبەخشە، بمانبوورە کە تەنیا لەبەرئەوەی وشەکان توند بوون، بە ناخۆش ناومان هێنان، بمانبوورە کە تەنیا لەبەرئەوەی لە مەبەستەکانی خەڵك تێنەگەیشتووین، بە خراپ دایاندەنێین. هاوکاریمان بکە، تا لە عیساوە فێربین کە کەی توڕە، و کەی نەرم و نیان بین. بمانپارێزە لەوەی کە تووڕەیی مرۆڤانە لە ژێر پەردەی وتە توندەکانی عیسا بپارێزین. بەڵام مەهێڵە ئەوەندە نەرم بین، کە لە کاتی خۆیدا وشەی توند بەکار بهێنین. لە قسەکانی خودواندمان عیسا سەرمان سوڕماوە، کە ئەو چەندە پێشبینی نەکراو بووا! هەرگیز کەسێك وەکو ئەو قسەی نەکردووە. ئەو بێوێنەیە. لە بەرامبەری سەری ملکەچ دادەنەوێنین؛ دەممان دادەخەین، تامەزرۆی قسەکانی ئەوین. بەهەر شێوەیەك کە بیەوێت قسەبکات، ئێمە گوێگرێکی بێدەنگین. ئەو مامۆستایەکی بێ گوناهە. دەست لەسەر دەممان دادەنێین، و دەکەوین بەسەر پێیدا. باوکە، بەو شێوەی کە دەتەوێ لەگەڵمان هەڵسوکەوت بکە. ئێمە نە داوەری تۆین، نە داوەری ئەوە دەکەین کە کورەکەت چۆن قسەدەکات. بەزەییت پێماندا بێتەوە؛ توند یان نەرم؛ و رێبەریمان بکە بۆ خۆشیە ناکۆتاکەت. لەناوی کوڕەکەت، خواوەندمان عیسای مەسیح، ئامین.

**چونکە ئێمە دڵنیاین کە مەسیح لە ناو مردووان هەستاوەتەوە، جارێکی دیکە نامرێتەوە. ئیتر نردن دەسەڵاتی بەسەردا نییە.**

**رۆما ٦: ٩**

**خودا ئەوی لە ناو مردووان هەستاندەوە، و شکۆداری کرد.**

**١ پەترۆس ١: ٢١**

# 12

# ژیانی ناکۆتا

## *زیندووبونەوەی عیسای مەسیح*

✝

**خـودا عیسـای مەسـیحی لـە مـردن هەسـتاندەوە (١ کۆرنسـۆس ١٥: ٤؛ ١ پەترۆس ١: ١٢). هەموو دەیانزانی کە عیسا مـردووە, لـە بەرپرسـەوە تـاوەکو جەلادەکان و ئەو ئافرەتانەی کە ناشـتیان و ئـەو دوژمنانـەش کـە لـە قسـە و قسـەلۆکی زینـدوو بوونـەوەی مەسـیح دەترسـان. هـەموویان دەیـانزانی کـە عیسا مـردووە. لەبـەر ئـەوەی کـە دەیـانزانی مـردووە هەربۆیـە درۆیـەکیان هەڵبەست بۆ ئـەوەی بـەتاڵبوونی گۆڕەکـەی مەسـیح روون بکاتـەوە. بنـەمای قسەکانیان ئەوە نەبوو کە بڵێن بەرشاستی عیسا نـەمردووە بـەڵکو دەیـانوت کـە قوتابییـەکانی مەسـیح جەسـتەکەیان دزیـوە (مـەتا ٢٨: ١٣). بـەڵام ئـەم درۆیە بەکەڵك نەهات چونکە خەڵك ژیـانی خۆیـان ناخـەنـە مەترسیەوە بـۆ درۆیەك کـە دروسـتکراوی بیـر و هزریانـە. جەسـتەکە لـەناو گۆڕەکـە نـەبوو, ئەگەر لەناو گۆڕەکـە بوایـە ئـەوا دوژمنـەکان بـەهۆی مانـەوەی جەسـتەکەوە کۆتاییان بە مەسیحیەت دەهێنا. شوێنکەوتوانی مەسیح کە بێئەندازە گرم و گوڕ بوون و چاونەترس بوون, ژیانی خۆیان خستە مەترسیەوە بۆ ئەوەی بە خەڵکی رابگەیەنن کە عیسا زینـدووە (کـرداری نێـردراوان ٢: ٢٤، ٣٢؛ ٣: ١٥). ستێفانۆسی مزگێنیدەر و یاقوبی نێـردراو بـەم هۆیـەوە ژیانیـان لەدەسـتدا ( کرداری نێردراوان ٧: ٦٠؛ ١٢: ٢). عیسا بۆ ماوەی چل رۆژ دەرکـەوت هـەم بـۆ تاکە کەس و هەم بۆ دەستەیەك لە خەڵك کە دەگەیشتە ٥٠٠ کـەس (کـرداری نێردراوان ١: ٣؛ ١ کۆرنسۆس ١٥: ٦). زۆربەی ئەو کەسانە باوەڕیـان بـەو شـتە نـەدەکرد کـە دەیـانبینی، و رازیکردنیـان ئاسـان نـەبووە ( لوقـا ٢٤: ١١، ٣٨؛ یۆحەنا ٢٠: ٢٥، ٢٧).**

ئەو کاتەی قوتابییـە دوودڵەکان خـەریك بـوون لـەوە تێدەگەیشـتن کـە زیندووبوونەوەی عیسا دەکرێت راست بێت, یەکەم گریمانەیان ئەوە بـوو کـە ئەو عیسایەی کـە بینیـان رۆح یـان تارمـایی بـووە, بـەڵام عیسـا رێگـەی بـەم دوودڵـی و گومانـە نـەدا و بـە تـەواوی رەتـی کـردەوە. عیسـا بـە تۆمـای وت ﴿پەنجـەت بێنـە بـۆ ئێـرە و سـەیری دەسـتم بکـە، دەسـت بێنـە و بیـدە لـە لاتەنیشتم، بێباوەر مەبە بەڵکو باوەڕدار بە!﴾ (یۆحەنا ٢٠: ٢٧). هەروەها لە حاڵەتێکی تـردا لـە پـێش قوتابییـە سەرسام بووەکـان, عیسا پێـداگری کـرد لەسەر خواردنی ماسی بۆ ئەوەی نیشانیان بدات کە تارمـایی نیـە. ﴿سـەیری دەست و قاچم بکەن، دەستم لێدەن و دڵنیـا بـن کـە ئـەوە مـنم، چـونکە رۆح گۆشت و ئیسقانی نییە وەك من ئێستا هەمە ..... لە خۆشی و سەرسوڕماندا بـە تـەواوی باوەڕیـان نـەدەکرد، ئینجـا پێـی وتـن: (هیچـتان لێـرە هەیـە بخورێـت؟) ئـەوانیش پارچـە ماسـییەکی برژاویـان پێـدا و ئـەویش لێیـانی وەرگرت و لە بەرچاوی خواردی﴾ (لوقا ٢٤: ٣٩- ٤٣).

بەڵام جەستە زیندووبووەکەی عیسا زیـاتر بـوو لـە جەسـتەیەکی کـاتی زینـدووبوەوە. هـەمان جەسـتە بـوو؛ و لـە هـەمان کاتـدا هـەمان جەسـتەش نەبوو. ئەو کەسانەی ئـەویان بینـی دەیـانتوانی بیناسـنەوە کـە ئـەوە هـەمان عیسایە.جەسـتەکەی، جەسـتەیەکی فیزیـایی بـوو. بـەڵام جەسـتەیەکی گـۆڕاویش بـوو. کاتێـك پۆڵۆسـی نێـردراو وەسـفی جەسـتە زیندووبووەکـەی داهاتووی مەسیحیەکانی کرد, وەسفی جەستە زیندووبووەکەی عیساشی کـرد لەو روەوە کە ﴿مەسیح لە نێوان مردووان هەستایەوە و بـوو بـە (نۆبـەرەی) نووستوان﴾ (١ کۆرنسۆس ١٥: ٢٠). بە مانایەکی دیکە جەستەی زیندوبوەوەی مەسـیح، بەشـێکە لـە هـەمان درووێنـەی جەسـتەکانی دیکـە کـە لـە کۆتـایی زەمانەدا بە شکۆوە زیندویان دەکاتەوە. پۆڵۆس دەڵێت: ﴿مەسـیح جەسـتەی بێنرخمان دەگۆڕێت بۆ شێوەی جەسـتەی شـکۆداری خـۆی﴾ (فیلیپـی ٣: ٢١). کەواتـە وەسـفی جەسـتە زینـدووبووەکانی داهاتوومـان، لەسـەر جەسـتەی

عیساش جێبەجێدەکرێت. ﴿لە فەوتاوی دەچێنرێت، لە نەفەوتاوی هەڵدەسەنرێتەوە. لە لاوازی دەچێنرێت، لە هێز هەڵدەسەنرێتەوە. لە جەستەی سروشتی دەچێنرێت، بە جەستەی رۆحی هەڵدەسەنرێتەوە﴾ (١ کۆرنسۆس ١٥: ٤٢- ٤٤). هەمان جەستەیە، لەگەڵ ئەوەشدا شکۆدارانە پایەبەرزە.

پێش لە ڕووداوی زیندوبونەوەی مەسیح، لە میانەی هەستانەوەکەی و دوای ئەوەش، هێزێکی خودایی گەورەی لەگەڵ بوو. عیسا بە درێژایی هەموو ئەو روداوانەی کە بە سەری هات کە بە زیندووبونەوە کۆتایی هات، بەتەواوی دەسەڵاتی بە سەر ژیان ومردنیدا هەبوو. ﴿ژیانم دەکەم بە قوربانی تا جارێکی دیکە وەریبگرمەوە. کەس لە منی ناسێنێت, بەڵام من بە ئارەزووی خۆم پێشکەشی دەکەم. دەسەڵاتی پێشکەش کردن و بردنەوەیم هەیە﴾ (یۆحەنا ١٠: ١٧- ١٨). مەسیح گاڵتەی بە هەموو ئەو هەڕەشە کوشتنانە دەهات کە پێش هەستانەوەی لێیان کردبوو تا بەوە دەگات کە بە ویستی خۆی لە گۆڕ بمێنێتەوە! کاتێك زانی کە هیرۆدس دەیەوێ بیکوژێت, فەرمووی, ﴿بڕۆن بەو ڕێویە بڵێ, من ئەمڕۆ و بەیانی رۆحە پیسەکان دەردەکەم و نەخۆشەکان چاك دەکەمەوە ئینجا لە رۆژی سێیەم هەموو شتێك تەواو دەکەم﴾ (لوقا ١٣: ٣٢). مەسیح پێشبینی مردن و زیندووبوونەوەی خۆی کرد وەك ئەوەی کە شوێن پلانە نەوەستێنراوەکانی دەکەوێت: ﴿عیسا بە قوتابیەکانی وت: (رۆڵەی مرۆڤ ئەوەندەی نەماوە بدەدرێ بە دەستی خەڵکەوە، دەیکوژن و لە رۆژی سێیەمدا زیندوو دەبێتەوە)﴾ (مەتا ١٧: ٢٢- ٢٣).

هێزی خودایی بە تەواوی دەسەڵاتی بەسەر راستی هەستانەوەی مەسیحدا هەبوو. پۆڵۆسی نێردراو ئاماژە بەوە دەکات کە ﴿کاری توانا مەزنەکەی خودا، ئەوەی تەواو بوو لە مەسیحدا و بە هۆیەوە مەسیحی لە

نێــو مــردووان هەســتاندەوە﴾ (ئەفەســۆس ١: ١٩- ٢٠). و پــەترۆس دەڵێــت ﴿مردن نەیتوانی لە دوای خۆی بیێڵێتەوە﴾ (کرداری نێردراوان ٢: ٢٤).

مەسـیح بـەهۆی دەسـەڵات و توانـای تەواویـەوە لـە مـردن تێپـەڕی؛ و کەوتــە نــاو ژیــانێکی نەفــەوتا و هەمیشــەییەوە. عیســا بــە ﴿هێــزی ژیــانی نەفەوتاو﴾ بوو بە کاهینی گەورە کـە هەمیشـە زینـدووە. ( عیبرانیـەکان ١٧: ٦). ﴿چونکە ئێمە دڵنیاین مەسیح لە نـاو مـردوان هەسـتاوەتەوە و جارێکی دیکە نامرێتەوە, ئیتر مردن دەسەڵاتی بەسەریدا نییە﴾ (ڕۆما ٦: ٩). ﴿خودا بەرزی کردەوە و ناوێکی پێدا کە لە سەرووی هـەموو ناوێکـە (فیلیپـی ٢: ٩). ﴿خـودا لـە نێـو مـردوان زینـدووی کـردەوە و شـکۆمەندی پێبەخشـی﴾ (١ پەترۆس ١: ٢١). هەستانەوەی عیسا لە نێو مردووان، چ پێش لـە ڕوودانـی, چ لە میانەی ڕوودانی, و چ لـە دوای ڕوودانـی, دەرخسـتنی شکۆی هێـزی خـودا بوو.

هەربۆیــە، هەســتانەوی عیســا، هــەموو کارەکــانی داهــاتووی، لــە جیــاتی گەلەکەی مسۆگەر دەکات؛ لە نموونەی ئەو کارانە: توانـا و دەسـەڵاتی لەسـەر هەموو شتێکی جیهانـدا (مـەتا ٢٨: ١٨)؛ داکۆکیکردنی کاهینانـەی لـە جیـاتی ئێمـە (ڕۆمـا ٨: ٣٤). پاڕانـەوەی ئـەو لـە لای خـودای بـاوك (١ یۆحـەنا ٢: ١)؛ ئامادەبوونی مەسیح لەگەڵ ئێمـە تـا کۆتـایی زەمانـە کـە دڵشادمان دەکـات و پارێزگاریمان لێدەکات (مـەتا ٢٨: ٢٠)؛ و کۆتـا گەڕانـەوەی پڕشـکۆی بـۆ سـەر زەوی کـە حەسـانەوەمان پێدەبەخشێت و سـزای ئەوانـە دەدات کـە ﴿خـودا ناناسن و گوێڕایەڵی ئینجیلی عیسای خوداوەندمان نـابن﴾ (٢ سالۆنیکی ١: ٧- ٨).

هەربۆیــە زیندووبوونــەوەی عیســا هــەموو ئــەو بەرەکەتانــە بــۆ ئێمــە مسۆگەر دەکات، کە بە هۆی مردنیەوە بەدەستی هێناوە. زیندووبوونەوەکەی بەس بوونی خاچـەکە دەپارێزێت و دڵنیـایی و یـەکلایی بوونـەوەی ڕاسـت و دروسـتیمان لـە ڕێگـەی بـاوەڕەوە بـۆ مـۆر دەکـات. ﴿عیسـا لـە پێنـاو

گوناهــەکانمان درایــە دەســت مــردن و لــە پێنــاو بێتــاوان کردنمــان هەستێنرایەوە﴾ (ڕۆما ٤: ٢٥).

هەموو بەڵێنەکانی خودا، کە لە ڕێگەی خوێنی مەسیحەوە کڕدراوە، بە هۆی هەستانەوی عیسا بۆ هەمیشە و تاهەتایە دەبێتە هی ئێمە. بۆ نموونـە, لێبوردنی گوناهەکان: ﴿ئەگەر بێتو مەسیح لە نێو مردوان هەڵنەستابێتەوە ئــەوا باوەڕتــان بــەتاڵ دەبــێ و ئێــوەش هێشــتا لــە گوناهەکانتانــدان﴾ (١ کۆرنسۆس ١٥: ١٧). بەڵام ئەو هەستایەوە و بۆیە لێبوردنی گوناهەکان راستی و هەمیشەییە. ئەو ﴿هەمیشە دەژی، تا بۆمان بپارێتــەوە﴾ (عیبرانیــەکان ٧: ٢٥).

لە کۆتاییدا, مەسیحی زیندوبوەوە لەگەڵ خۆی زینـدوومان دەکاتـەوە. ﴿ئەگەر ئەو رۆحەتان تێدا بژی کە عیسای لە نێو مردوان زینـدوو کـردەوە, ئــاواش ئــەوەی مەســیحی لــە نێــو مــردوان زینــدووکردەوە جەســتەی لەناوچووتان زیندوودەکاتەوە بە هۆی رۆحیەوە کە لە ئێوەدا نیشتەجێیە﴾ (رۆما ٨: ١١). ﴿ئەگەر ئێمە لەگەڵ ئەوە لـە مردنـی یـەکمان گـرتبێ ئـەوا بـە دڵنیایەوە لـە زیندووبوونەوەشی دەبێ لەگـەڵی یـەك بگـرین﴾ (رۆمـا ٦: ٥). رێـك بـەو جـۆرەی کـە مەسـیح ژیـانی خـۆی لـە چـنگی مـردن وەرگرتـەوە, بەهەمان شێوە ئەوانەش کە شوێنکەوتووی ئەون لە مـردن هەڵدەسێنێتەوە. ئەو پەیمانێکی لەم چەشنە دەداتـە هـەموو بـاوەڕدارانی: ﴿لـە رۆژی دواییـدا زینـدووی دەکەمـەوە﴾ ( یۆحـەنا ٦: ٤٠). بـەم جـۆرە زیندووبوونـەوەی ئـەو، دەستەبەری زیندووبەنەوەی باوەڕدارانیش دەکات. بـاوەڕدارانیش وەکو ئـەو بە شـکۆوە دەپـارێزرێن. ﴿ئـیتر ئـەوان نـامرن، چونە وەك فریشـتەن، ئـەوان رۆڵـەی خـودان؛ رۆڵـەی زیندووبونـەوەن﴾ (لۆقـا ٢٠: ٣٦). ﴿ئەوانـە مردنـی دووەم دەسەڵاتی بەسەریاندا نییە﴾ (بینین ٢٠: ٦).

کاتێـك کەسـە پـیرۆزە هەسـتاو و تـەواوەکانی مەسـیح، بـە خۆشـییەوە ستایشی مەسیح دەکەن، شکۆی مەسیح بۆ خۆی دەگەڕێتەوە؛ شکۆیەك کە لە

هێزی زیندووبونەوەی لە مردن بەرەو ژیانی ئەزەلی و دەسەڵاتی تەواوی دەردەکەوێت. چ کەسێك لەم دیاری ژیانی هەمیشەییە سوودمەند دەبێت؟ عیسا وەڵامی دایەوە: ﴿من هەستانەوە و ژیانم، هەرکەسێك باوەڕ بە من بێنێ ..... هەرگیز نامرێت﴾ (یۆحەنا ١١: ٢٥- ٢٦).

وەکو هەموو راستییەکی دیکەی مێژوویی، هەستانەوەی مەسیح دەکرێت گوماناوی بێت. بەلام کاتێك خودا جێمتمانەبوونی گەواهی دەرەکان، ئازایەتی وتاردانیان، بێکەڵکی دژەکانیان، کاریگەری ئینجیل، هاوئاهەنگی پەیامەکان و جیهانگیری مەسیحیەت و شکۆی رۆحی مەسیح بەدەستەوە دەگرێت؛ کاتێك خودا هەموو ئەمانە و زۆر شتی دیکەش بە دەستەوە دەگرێت، توانای ئەوەی هەیە بیر و هزری سەرسەخت ترین کەسی دوودڵ بکاتەوە. کاتێك خودا لە بێهۆشی بێباوەڕیمان خەبەرمان دەکاتەوە و بە ﴿رووناکی مزگێنی شکۆی مەسیح﴾ (٢ کۆرنسۆس ٤: ٤، ٦) لە ناو هزرمان دەدرەوشێتەوە؛ ئەوەی کە لە تەنیشت دروەشانەوەی رەنجی ئەو بەدی دەکەین، شکۆی هەستانەوەی ئەوە.

## نوێژ

***ئـەی بـاوکی شـکۆمەند, ئێمـە ستایشـت دەکـەین کـە تـۆ بـە هێـزەوە مەسـیحی کـورت لـە مـردن هەسـتاندەوە. ئێمـە ستایشـت دەکەین کە ئەو بەردەی ئەندازیارەکان رەتیان کردەوە، بووە بـەردی بناغە. ئەمانە کاری تۆیە؛ لە چاوی ئێمەدا سەرسورهێنەرن. مـردن نەیتوانی رایوەستێنێت! کۆتا دوژمنی ئێمە لەبەردەم هێـزی تـۆ، لـە سەرکەوتنی عیسا بـە سـەر مەرگـدا، لەناوچووە؛ و ئێمـە لـە ترسـی ئەو دوژمنە ئازادکراوین. و ئێستا، ئەی خودا پێمان ببەخشە کە لـە تەواوی دەوڵەمەندییەکەی، کە مانای هەستانەوەی مەسیحە، بژین. هەموو دەسەڵاتێکی ئاسمان و زەوی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە. هیچ هێز و هـیچ دوژمنێـك توانـای ئـەوەیان نییـە لـە دژی بوەسـتنەوە. کاتێـك متمانـەی پێدەکـەین، لـە کۆتاییـدا هـەموو شـتێك بـۆ باشـی ئێمـە دەبێت. هێشتا باشترین شت نـەهاتووە کـە چاوەڕێین. بۆیـە, ئـەی بـاوك، تـرس و نیگـەرانی و دوودڵـی و بێهیـوایی لـە ژیانمـان دووربخەوە. سەرنجمان بخە سەر راستی سەرکەوتنی مەسیح بەسـەر مردنـدا. هـەرگیز رێگـەمان پێمـەدە لـە هەسـتی ئـەم شـکۆمەندییە جیهانییەدا، کە تۆ ناوێکت بە عیسا بەخشی کە لە سەرووی هـەموو ناوەکانەوەیـە، کـەم بێـنین یـان لـەبیری بکـەین. با ئـەم کـردارە لـە ژیانی رۆژانەماندا رەنگ بداتەوە لەکاتێکدا هەموو کەسێك دەبینین لە بچووك و گـەورە رۆژێـك روبـەڕووی ئـەو دادوەرە زینـدوبووەوە و سـەرکەوتوەی هـەموو نەتـەوەکان دەبنـەوە. لـە بـەزەیی و هێـزی مەسـیحدا نـەترسـییەکی دڵشـکاومان پێببەخشـە. ئـەی بـاوك، دەمانـەوێ ژیانمـان بـە ئاراسـتەی نیشـاندانی گـەورەیی ئـەو سـەرف بکرێت. نوێژ دەکەین کـە بـە ئاراسـتەی ئـەم مەبەسـتە بـە تـەواوی هێزت لە ئێمەدا کار بکەیت. بەناوی مەسیح, ئامین.***

**وەك بروسکە چۆن لە ئاسمانەوە گەر لە لایەکەوە بێت، لایەکەی تریش رووناك دەکاتەوە و دەبینرێ، هاتنەوەی رۆڵەی مرۆڤیش بەو شێوەیە دەبێت.**

**بەڵام پێویستە جارێ پێش ئەوە زۆر ئازار بکێشێ.**

**لۆقا ١٧: ٢٤- ٢٥**

**کاتێ عیسای خوداوەند لە ئاسمان ئاشکرا دەکرێ لەگەڵ فریشتە بەتواناکانی لە ئاگرێکی گڕدار.**

**٢ سالۆنیکی ١: ٧**

# 13

# دەرکەوتنی شکۆی خودای گەورە و رزگارکەرمان

## *دووبارە هاتنەوەی عیسای مەسیح*

✝

**یەکەم جار کە عیسا هات، لە جەستە و خوێندا هاوبەشی کرد ﴿تا بە مردنی خۆی، ئەوە لە ناو ببات کە دەسەڵاتی مردنی هەیە .... بەمەش ئەوانە رزگار دەکات کە بە درێژایی ژیانیان ترسیان لە مردنە و ملیان کەچ کردبوو بۆ کۆیلایەتی﴾ (عیبرانیەکان ٢: ١٣- ١٥). ئەو جارێکی تر دەردەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی ئەوانەی کە بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی دەکەن، رزگار بکات (عیبرانیەکان ٩: ٢٨).**

**ئەو کاتە دێت ئەوەی کە بە باوەڕ وەرمان گرتبوو، بە چاو دەیبینین. کەواتە بۆ ئێستا ﴿بە باوەڕ دەڕۆین نەك بە بینراو﴾ (٢ کۆرنسۆس ٥: ٧). بەڵام کاتێ دوا کەڕەنا لێدەدرێ و دەنگ دەداتەوە، مردووان دەڵدەستنەوە، ئێمەش لە چاو تروکانێکدا دەگۆڕێین﴾ (١ کۆرنسۆس ١٥: ٥٢)، کاتێك شکۆی مەسیح بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر تێبگەین، ئەوسا بینینی رۆحی و جەستەیی، بەیەکەوە دەبەسرێنەوە.**

**لەبەرئەوە لە ئێستادا، مەسیح بە ﴿چاوی دڵمان﴾ دەبینین ( ئەفەسۆس ١: ١٨). خودا دڵمان رووناك دەکاتەوە بۆ ئەوەی ﴿رووناکی مزگێنی شکۆی مەسیح﴾ بدات بە ئێمە (٢ کۆرنسۆس ٤: ٤، ٦). ﴿کەس رۆڵە ناناسێت، باوك نەبێت﴾ (مەتا ١١: ٢٧). کەواتە ئەگەر ئێمە ئێستا شکۆی رۆڵە دەبینین، ئەوەی عیسا بە پەترۆسی فەرموو، لەبارەی ئێمەشەوە راستە: ﴿ئەم زانینە لە گۆشت و خوێنەوە نییە بەڵکو لەو باوکەمەوەیە کە لە**

ئاسمانە﴾ (مەتا ١٦: ١٧). کاتێك ئەمە روودەدات، ﴿شكۆی خودا دەبینین﴾ (٢ کۆرنسۆس ٣: ١٨).

بەلاّم شكۆیەك بوونی هەیە کە ئێستا ئێمە نایبینین، پۆلۆس بە (هیوای پیرۆزی ئێمە) ناوی دەبات. ﴿دەرکەوتنی شكۆمەندی خودای مەزن و عیسای مەزنی رزگارکەرمان﴾ (تیتۆس ٢: ١٣). لە سەرەتادا ئازاری کوڕی مرۆڤ و دەرکەوتنی شكۆکەی تەنها بە چاوی باوەڕ دەبینرا (١ کۆرنسۆس ١: ١٨، ٢٣). بەلاّم لە کۆتایی زەمانەدا، شكۆیەك دێت کە هەموو کەسێك بە چاوی ئاسایی دەیبینێت. ﴿وەك بروسكە چۆن لە ئاسمان گەر لە لایەکەوە بێت، لایەکەی تریش رووناك دەکاتەوە و دەبینرێ، هاتنەوەی رۆڵەی مرۆڤیش بە شێوەیە دەبێت. بەلاّم پێویستە جارێ پێش ئەوە زۆر ئازار بکێشێ و ئەم نەوەیەش رەتی بکەنەوە﴾ (لۆقا ١٧: ٢٤- ٢٥).

نووسەرەکانی کتێبی پیرۆز، لە رێگەی سرووشی رۆحی پیرۆز، چەندین جار باسی گەڕانەوەی عیسایان کردووە. باسی شكۆیان کردووە. ﴿کاتێ رۆڵەی مرۆڤ لەگەڵ فریشتەکانی بە شكۆمەندی دەگەڕێتەوە، دادەنیشێ لەسەر تەختی شكۆمەندی خودا ﴿مەتا ٢٥: ٣١﴾. کوڕی مرۆڤ نەك تەنها لەگەڵ ژمارەیەك فریشتە، بەڵكو لەگەڵ هەموو فریشتەکان دێت، ﴿ژمارەیان سەدان هەزار و هەزاران هەزار دەبوو﴾ (ئاشكراکردن ٥: ١١).تەنانەت یەك فریشتە لە ئاسمان نامێنێتەوە.

کاتێك کە کوڕی مرۆڤ دێتەوە، ﴿لە سەر تەختی شكۆمەندی خۆی دادەنیشێ﴾ (مەتا ٢٥: ٣١). و لەسەر ئەو تەختە پڕ شكۆیە، حوكمڕانی دەکات. ﴿سەرکردایەتی دەکەوێتە سەر شانی .... گەشەسەندنی سەرۆکایەتی و ئاشتییەکەی بێكۆتا دەبێت .... بۆ چەسپاندنی و بەهێزکردنی بە دادپەروەری و بە راستودروستی لە ئێستاوە تا هەتاهەتایە﴾ (ئیشایا ٩: ٦- ٧).

ئەو شکۆیە، شکۆی کوڕی مرۆڤە (مەتا ٢٥: ٣١). بەڵام چونکە کوڕی مرۆڤ، کوڕی خوداشە، و ئەو و باوك یەکن، ئەم شکۆیە، ﴿شکۆی باوکیشیەتی﴾ (مەتا ١٦: ٢٧). هاتنی ئەو پێی دەوترێت دەرکەوتنی ﴿شکۆی ئەو﴾ (١پەترۆس ٤: ١٣). پەترۆس دەڵێت هەموو باوەڕداران، ﴿هاوبەشی ئەو شکۆیەن کە رادەگەیەنرێت﴾ (١پەترۆس ٥: ١).

خۆشی و شادی پیرۆزەکان، کە ﴿دڵخۆشن و خۆشحاڵن بە هاتنی﴾ (١ پەترۆس ٤: ١٣)، دەبێتە خۆشی بەرزکردنەوە و ستایشکردنی شکۆی بینراوی مەسیح. لەبەر ئەمەیە کە دێت، ﴿بۆ ئەوەی لە لایەن خوشك و برا پیرۆزەکانەوە ستایش بکرێ و ببێتە مایەی سەرسوڕمان لە لایەن هەموو ئەوانەی باوەڕیان پێهێناوە﴾ (٢ سالۆنیکی ١: ١٠).

لە دەرکەوتنی ئەو هەموو شکۆیە چی روودەدات؟ ﴿دەنگی سەرۆکی فریشتەکان و بە کەڕەنای خودا .... و ئاسمان وەك پەڕەیەك لوول کرا، هیچ چیا و دوورگەیەك لە شوێنی خۆی نەما﴾ (١ سالۆنیکی ٤ :١٦؛ ئاشکراکردن ٦: ١٤). دەرکەوتنی ئەم شکۆیە دەبێتە ئاگری دادوەری. ﴿عیسای خوداوەند لە ئاسمان لەگەڵ فریشتەکانی توانای خۆی، لە ئاگرێکی گڕداردا دەردەکەوێت﴾ (٢ سالۆنیکی ١: ٧). هەموو خەڵکی سەر زەوی لەبەردەم ئەودا کۆدەکرێنەوە، و هەموو بێباوەڕەکانیش ﴿بە لەناوچووی تاهەتایی سزا دەدرێن، دوور لە ئامادەبووی خوداوەند و شکۆی تواناکەی (٢ سالۆنیکی ١: ٩). پاشاکانی دونیا و کۆیلەکان، خۆیان ﴿لەناو ئەشکەوت و بەردی گەورەکانی چیا﴾ حەشاردا، و هاواریان بۆ بەردەکان کرد، ﴿بکەون بە سەرماندا؛ لە تووڕەیی بەرخەکە بمانشارنەوە﴾

(٢ ئاشکراکردن ٦: ١٥- ١٦). ﴿رۆڵەی یاخیبوو بە ئاشکرا دەردەکەوێ، بۆیە خوداوەند بە هەاسەیەکی دەمی خۆی لەناوی دەبات﴾ (٢ سالۆنیکی ٢:٨). ﴿هەموو کەسێك دەیبینێ تەنانەت ئەوانەش کە لەخاچیان دا، هەموو خێڵەکانی زەوی شیوەنی بۆ دەگێڕن) (ئاشکراکردن ١: ٧).

بەڵام شکۆی هاتنی خوداوەند، رزگاریش دێنێت ﴿هاتنەوەی عیسا بۆ جاری دووەم بۆ رزگارکردنی ئەوانەیە کە بە پەرۆشەوە چاوەڕێی هاتنەوەی دەکەن﴾ (عیبرانیەکان ٩: ٢٨). لە ﴿بە دەنگی سەرۆکی فریشتەکان و بە کەڕەنای خودا لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە و یەکەم جار مردووان لە مەسیح هەڵدەستنەوە. ئینجا ئێمەی زیندوو کە ماوین هەموومان لەگەڵیان لە هەوردا دەڕفێندرێین بۆ پێشوازی خوداوەند لە ئاسماندا﴾ (١ سالۆنیکی ٤: ١٦-١٧).

﴿بە هێزی خۆی کە توانای هەیە زاڵ بێت بەسەر هەموو شتێکدا﴾ جەستەی بێنرخمان ﴿دەگوڕێت﴾ بۆ شێوەی ﴿جەستەی شکۆداری خۆی﴾ (فیلیپی ٣: ١٢). ﴿لە چاو تروکانێکدا ئێمە دەگۆڕێین﴾ (١ کۆرنسۆس ١٥: ٢٥). ﴿خودا هەموو فرمێسکێکی چاویان دەسڕێتەوە، ئیتر مردن نابێت. شیوەن و هاوار و ئازار نامێنن چونکە شتەکانی پێشوو بەسەر چوون﴾ (ئاشکراکردن ٢١: ٤).

لەوانەیە شکۆدارتر لە هەمووی، بریتی بێت لەو حەسوودییەی کە بە هۆیەوە بەرەکەتەکەی فراوان دەکات. ئەو بەرەکەت بەخشە، و ئەم شکۆیەش لەگەڵ کەس دابەش ناکات؛ پەترۆس بە روونی پێمان دەڵێت، ﴿با هیواتان لە سەر ئەو بەرەکەتە بێت کە لە ئاشکراکردنی عیسای مەسیحەوە دێت﴾ (١ پەترۆس ١: ١٣). و ئەو بەرەکەتە لە چ شتێك دەچێت؟ عیسا بە نمونەیەك وەسفی دەکات: ﴿خۆزگە دەخوازرێت بەو کۆیلانەی کە گەورە دێتەوە دەبینێ بەخەبەرن، راستیتان پێدەڵێم ناوقەدی خۆی دەبەستێت و دایاندەنیشێنێت، دێت و خزمەتیان دەکات﴾ (لوقا ١٢: ٣٧). ئەو بەرەکەتە، بەرەکەتی خوداییە کە خزمەتی ئێمە دەکات، و تاهەتایە خۆی بەخشەری ئەم بەرەکەتەیە.

عیسا لە خوانی کۆتاییدا لە قوتابیەکانی پرسی، ﴿کێ پایەبەرزترە، ئەوەی دانیشتووە یان ئەوەی کە خزمەت دەکات؟ بەڵام من لە نێوانتان وەك

ئەوەم کە خومەت دەکات﴾ (لۆقا ٢٢: ٢٧). و بۆ هەمیشە بەو شێوە دەبێت. بۆچی تاهەتایە بەو شێوەیە دەبێت؟ چونکە بەخشەرەکە شکۆ بەدەست دێنێت. مەسیح هەرگیز گەورەیی بەرەکەتێك کە تەنها خۆی خاوەنیەتی نادات بە کەسێکی تر. ﴿بەدەستی مرۆڤ خزمەت ناکرێت وەك پێویستی بە شتێك بێت﴾ (کرداری نێردراوان ١٧: ٢٥). خودا مرۆڤی بەو مەبەستە دروست کردووە، کە سوودی هەبێت بۆ گەورەیی بەخشین، و ئەو کە بەخشەری هەتا هەتاییە، خۆی کۆتایی بە کات دێنێت، هەر لە سەرەتای دروست بوونەوە، تا کۆتایی، ئامانجی ئەو هەر ئەمەیە: ﴿ستایشکردنی شکۆی بەرکەتەکەی﴾ (ئەفەسۆس ١: ٦). وەرن تا سەری کورنۆش دانەوێنین، مەسیح بپەرستین، و تامەزرۆی بینینی ئەو بین. ﴿ئێستا تاجی راستودروستیم بۆ دانراوە، ئەوەی خوداوەند کە دادوەری راستودروستە لەو رۆژەدا دەمداتێ، تەنیا بۆ من نییە بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەشە کە پەرۆشی دەرکەوتنین﴾ (٢ تیمۆساوس ٤: ٨).

## نوێژ

***باوکە، بەهۆی بێ ئاگییمان لە هاتنی کوڕەکەت لێمان خۆشبە. ئێمە چرای چاوە چاوەڕوانەکانمان بە هەڵکراوەی نەهێشتوەتەوە، یان بۆ گەرانەوەی زاوا رۆنی تامەزرۆییمان بە ئومێدەوە نەکڕیوە. ئێمە زەوییەکمان کڕیوە و رۆیشتووین بۆ ئەوەی تەماشای بکەین. ئێمە رەشەوڵاخێکمان کڕیوە و رۆیشتووین لە کاتی بۆڕە بۆڕ کردنیان کێش و باڵایان زیاد دەکەین. ژیانی هاوسەرگیریمان پێکهێناوە، زیاتر لە هاتنەوەی کوڕەکەت، تامەزرۆی هاتنەوەی هاوسەرەکەمان دەکەین. خوداوەند، بمان بەخشە بە هۆی بێرێزی کردنی مەیلی سەرگەردانمان بە تۆ و خزمەتکارەکەت عیسای مەسیح، زۆر شەرمەزارین. بەڵام ئەی خوداوەند، ئێمە بە حەسرەتی گۆڕانکارییین، بۆ داوای یارمەتیدان، هانا بۆ تۆ دێنین. مەیلی دڵمان بەرەو مەسیح بگەڕێنەوە. چاومان بە شکۆی مەسیح بکەرەوە. با دەرکەوتنی خودای هەرە بەرز و رزگارکەرمان ببن بە (هیوایەکی پیرۆز) لە دڵمان؛ هیوایەکی شاد، هیوایەکی رەزامەند. پەیوەست بوونمان بەو جیهانەوە مەهێڵە. ببە بە هۆی ئەوەی کە چاومان لە سەر کاروباری ئاسمان بێت، ئەو شوێنەی کە مەسیح لە دەستە راستی تۆ دانیشتووە. داخوازییەکەی پەترۆس با لە ئێمەدا کاربکات کە دەڵێت ﴿هیوای تەواوی بەرەکەتی خودا، کە لە بینینیی مەسیح دێت.﴾ لەو دڵتەنگبوونە ئازادمان بکە کە سەرچاوەکەی بریتییە لە پشت بەستن بە بارودۆخەکانی ئەم جیهانە. بمانکە بە دەستەیەکی رادیکاڵی ئەوتۆ کە ئامادەبین لە پێناو ئامانج و مەبەستی خۆشەویستی بەخشین، گیانمان فیدا بکەین، چونکە دەزانین ئەم جەستەیەی ئێستامان کاتییە، رۆژێك دێت ئەزەلییەت دەپۆشێت و دەبێتە جەستەیەکی شکۆدار، وەکو جەستەی مەسیح. باوکە، تۆمان خۆش دەوێت. هاتنی کوڕەکەتمان خۆش دەوێت. پێمان ببەخشە کە لەم هیوایەدا بژین، لە ئازادی خۆقوربانی کردن بۆ شکۆی بەرەکەتە گەورەکەت. لە ناوی مەسیح نوێژ دەکەین، ئامین.***

# وتەی کۆتایی

## *چۆن دەتوانین لەبارەی عیسا دڵنیا بین؟*

✝

لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوو نووسەری بەریتانی سی ئێس لۆیس بەو پەڕی متمانەوە گەیشتە ئەو راستییەی کە:

*مرۆڤێك کە تەنیا کەسێکی خاکی بێت و ئەو شتانە بڵێت کە عیسا وتی، ناتوانێت مامۆشتایەکی گەورەی بەڕەوشت بێت. ئەو یان شێتە لە ئاستی ئەو کەسەی کە دەڵێت ئەو هێلکەی پاککراوە یان شەیتانە و جێگەی جەهەنەمە. ئێوە دەتوانن بڵێن عیسا کەسێکی گەمژەیە و بەم شێوەیە دەمی ببەستن، و دەتوانن تفی لێبکەن و بە بیانووی ئەوەی کە رۆحی پیسە لە ناوی ببەن؛ و یان دەتوانن بکەونە سەر پێی و وەکو خوداو خوداوەند بانگی بکەن. بەڵام با بەم شێوەیە نەبین کە بەم قسە پووچە بە مامۆستای گەورە ناوی بێنین و رێزی بگرین. ئەم هەڵبژاردنەی بە ئێمە نەداوە. بە هیچ جۆرێك ئەمە مەبەستی ئەو نەبووە.* [أ]

بە واتایەکی دیکە، عیسا دەستەمۆ ناکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی هەوڵ دەدەن بەو جۆرەی کە خۆیان دەیانەوێ کەسایەتی عیسا دەربخەن. وادەردەکەوێت کە هەر کەسێك لە ئاستی خۆیەوە لەبارەی مەسیح شتێکی بۆ وتن پێیە. هەربۆیە کاتێك ئەمانەوێ دەربارەی ئەو بدوێین وشەکانمان گوڵبژێر دەکەین بۆ ئەوەی نیشانی بدەین کە مەسیح هەواداری ئێمەیە. لە هەموو دونیا ئەوە خاڵێکی باشە کە مەسیح هەوادارت بێت، بەڵام عیسایێك کە سازش نەکات، دەستەمۆ نەکرێت؛ و عیسای راستەقینە و

هاوتای عیسای کتێبی پیرۆز بێت، نابێتە هۆی هەژمارکردنی خاڵ بۆمان. بەڵکو عیسای دەستکاری کراوێك بەدڵی ئێمەیە کە لەگەڵ دین و سیاسەت و شێوازی ژیانماندا بگونجێت.

لە دەیەی ساڵی ١٩٧٠ دا, کاتێ لە وڵاتی ئەڵمان خەریکی خوێندنی باڵا بووم، کتێبێکم خوێندەوە بە ناوی (عیسا بۆ بێدینەکان)[k]. ئەو کتێبە، بە حیساب، خوێندنەوەیەکی مارکسیستی لە ژیانی عیسا بوو. بە گوێرەی ئەو کتێبە, کرۆکی فێرکردنەکانی عیسا هاواری چالاکی رادیکاڵی بوو دژی دامەزراوەکان. هاواری خۆ تەرخانکردنی تەواو بوو "بۆ پاشایەتییەکە"، سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی نوێ، (مارکسیزم).

ئەوە شتێکی نامۆیە کە لە نێوان ئەو خەڵکانەی دوای عیسا ناکەون وەکو خواوەند و خودایان, هیچ کەسێك نایەوێ بە خراپە باسی بکات. هەمان شت لەبارەی خاچەکانیشەوە راستە: بەکارهێنانیان لە چوارچێوەی خشڵدا جوانە، بەڵام کەس ئامادەیی ئەوەی نییە لەسەر یەکێك لەو خاچانە بمرێت. ئەو خاچانەی خەڵك دەیانەوێ خاچی دەستەمۆ وماڵین. ئەو کاتە ئیتر دەکرێت کە مەترسیدار بێت باوەڕ بە کەسێك بێنیت کە هەموو ژیانی چاوەڕێی ئەو بووبێت لە خاچ بدرێت.

ئایا دەتوانین بەو شێوەیە عیسا بناسین کە بەڕاستی بوو و هەیە؟ چۆن دەتوانین کەسێك بناسین کە ٢٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا ژیابێ، ئەوەی کە بە ژیانێکی نەمرەوە لە نێو مردووان هەستایەوە، و لەم رووەوە ئەمڕۆ زیندووە. هەندێك کەس دەڵێن تۆ ناتوانی ئەو بناسیت. دەڵێن عیسای راستەقینە لە ناو مێژوودا نێژراوە، و بە هیچ جۆرێك دەستت پێی ناگات. هەندێکی دیکە بەم رادەیە گومانیان نییە. ئەوان لەو باوەڕەدان کە تۆمارە ئینجیلیەکانی ژیانی عیسا باوەڕ پێکراون، و وەرگێڕە سەرەتایەکانی وەکو پۆڵۆسی قوتابی، رابەری باوەڕپێکراوترن لە رەخنەگرەکانی ئەمرۆ. بەڵام چۆن دڵنیا دەبین کە وێنە ئینجیلیەکەی عیسا راستە؟ خەڵکی دوو رێگەیان

لـە پێشـە لـەکاتی گـەڕانیان لـە سـەر زەوی بـەهێزی ژێـر پێـی بـاوەڕدا. ڕێگایەکیان بریتییە لە پشکنینی مێژوویی بۆ دەرخستنی ڕاستی و درۆیـی تۆمارە مێژوویەکان. ئەمە ئـەو ڕێگەیـە بـوو کـە مـن بـە درێـژایی ساڵەکانی خوێنـدنم لـە پەیمانگـەی خوێنـدنی خواناسـی و خوێنـدنی بـاڵا و دەرس وتنـەوەم لـە زانکـۆدا گرتبوومـە بـەر. سـەرەڕای کێشمەکێشـمی بـاوەڕم لـەو ڕۆژگـارەدا, هەمیشـە لەسـەر ئـەو بـاوەڕە بـووم کـە هۆکـاری زۆر باشمـان لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی بتوانین متمانە بە بەڵگەکانی پەیمانی نوێ بکەین دەربـارەی ژیـانی عیسـای مەسـیح. ئـەمڕۆ زۆر کتێبـی بڕواپێکراومـان لـەم بـوارەدا هەیـە؛ هـەم گشـتی و هـەم توێـژەری، کـە بـەرگری لـەو دڵنیاییـەمان دەکات.[1]

بەڵام ئێستا من قەشـەم و مامۆسـتای زانکـۆ نـیم، بـەڵام هێشـتا ڕێگـەی پشـکنینی مێـژوویی توێژەرانـە بـەرز دەنـرخێنم. لەڕاسـتیدا زۆربـەی جـار پشتیان پێدەبەستم. هەرچەندە، ئێستا، زیـاتر ئاگـادارم کـە زۆربـەی خـەڵکی هەرگیز نە ئەو کاتەیان دەبێت و نە ئامێریان هەیە بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ هەموو بەڵگە مێژوویی و باوەڕپێکردنی پەیمانی نوێ بکەن. ئەگەر عیسـا کوڕی خودایە, ئەگەر لەبـەر گوناهـەکانمان گیـانی بـەخت کردبێـت و لـە نـاو مـردووان هەڵسابێتەوە, ئەگـەر خـودا بـەو شـێوەیە بڕیـاری دابێـت کـە دوای ٢٠٠٠ ساڵی دیکە خەڵکی بە هۆی ئەو بەڵگانەوە باوەڕ بهێـنن ئـەوا ئـەو کاتـە دەبوا ڕێگایەکی تر بوونی هەبوایە بۆ ناسـینی عیسـای ڕاسـتەقینە، ڕێگایـەك زیاتر لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی، زانکۆیی.

ڕێگایەکی دیکە هەیە. ئـەو ڕێگایـەی کـە مـن لـەم کتێبـەدا گرتوومەتـە بەر. بەو ڕاستییە بەهێزە دەست پێدەکات کە ڕاستی خودایی دەتوانێت خۆی بسەلمێنێت. لەڕاستیدا، سەیر دەبوو ئەگەر خودا خۆی لـە کوڕەکـەی، عیسـای مەسیح ئاشکرا بکردبا. و تۆماری ئاشکراکردنەکەشی لە ئینجیلی پیرۆزدا بـە سروش بنوسیبا. بەڵام ئـەو کاتـە خـەڵکی ئاسـایی بـە هـیچ شـێوەیەك پێیـان

**نەدەزانی. بە شێویەکی سادە، ناسینی تەواوەتی عیسای راستەقینە ئەمەیە: عیسا هەروەك چۆن لە ئینجیلی پیرۆزدا ئاشکرایە، شکۆدارە، واتە خاوەنی تەواوی و جوانی رۆحییە، و ئەم شکۆیە، دەکرێت بە شێوەی خود ئاشکرا ببینرێت. هەروەکو ئەوەیە خۆر ببینی و بزانی کە ئەوە رووناکیە نەوەك تاریکی یان وەکو ئەوە وایە کە تامی هەنگوین بکەیت و بزانی کە شیرینە نەوەك ترش. لە نێوان ئەو گریمانە تاوەکو ئەنجام، زنجیرەیەکی درێژ لە هۆکار و بەڵگە بوونی نییە. روونە کە ئەم کەسە راستە و شکۆمەندییەکەی شکۆمەندی خودایە.**

**پۆڵۆسی نێردراو، لە (٢ کۆرنسۆس ٤: ٤- ٦) باسی ئەم رێگەیەی ناسینی مەسیح دەکات و دەڵێت:**

***خوداوەندی ئەم جیهانە (شەیتان)، مێشکی ئەو بێباوەڕانەی وا کوێر کردووە نەتوانن رووناکی شکۆمەندی مەسیح ببینن، ئەوەی وێنەی خودایە. ئێمە مزگێنی بۆ خۆمان نادەین، بەڵکو مزگێنی عیسای مەسیح دەدەین, کە خوداوندە، ئێمەش خزمەتکاری ئێوەین لە پێناوی خودا. چونکە خودا بوو وتی: با لە تاریکی رووناکی هەڵبێت، هەر ئەو بوو دڵمانی رووناك کردەوە، بۆ رووناك کردنەوەی زانیاری شکۆمەندی خودا لە رووی مەسیح.***

**سەرنجی ئەوە بدەن کە پۆڵۆس قسە لەسەر رووناکردنەوەی دڵمان دەکات لەلایەن خوداوە (وەکو کاری بەدیهێنان) بۆ ئەوەی "لە روخساری مەسیحەوە زانیاری شکۆمەندی خودا تێبگەین". ئەو باسی ئەو کەسانە دەکات کە هەرگیز عیسا مێژوویەکەیان نەبینیووە. چۆن دەتوانن بیناسن و دەربارەی دڵنیا بن؟ ئەوەی کە "دەیبینن" لە ئینجیل، وێنەی زارەکی عیسایە, و یان شوێنکەوتوەکانی مەسیح دەربارەی قسەیان کردووە. پۆڵۆس دەڵێت ئەو وێنەیە لەگەڵ ئەو رووناکیەی خودا کە "لە ناو دڵماندایە" بە**

شـێوەی راسـتەقینەی خـۆی دەردەکـەوێت: ((شـکۆمەندی خـودا لـە عیسـای مەسیح)) یان ((شکۆمەندی مەسیح لە وێنەی خودا)).

ئەگەر سەرنج بدەیت، دوو شـت هـەن کـە دەبنـە هـۆی ئـەوەی کـە ئـەو ڕێگایە لەبەردەستدا بێت. یەکەم بریتییە لە راستی شکۆمەندی مەسیح، ئەم شـکۆمەندییە، بـە هـۆی ئـەو وێنەیـەی لـە ئینجیلـدا بـۆ مەسـیح کێشـراوە دەدرەوشـێتەوە. ڕێگەکـەی دیکـە، بریتییـە لـە کـاری خـودا، کـە چـاوی دڵـە کوێرەکانمان دەکاتەوە تا بتوانین ئەو شکۆمەندیە ببینین. ئەوە زۆر جیاوازە لەوەی کە خودا پێمان بڵێ کە ئینجیل راستە. بـە دەربڕینێکی باشـتر، خـودا ئەو توانایەمان دەداتێ کە بەڕاستی ئەو شتە ببینین کە لە کتێبی پیرۆزدا هەیە. ئەمەە جیاوازییەکی گرنگە. ئەگەر خـودا بـە گوێمانـا بچرپاندبا کـە عیسای ئینجیل راستە، ئەو کاتە، ئەو چرپاندنە دەسـەڵاتی کۆتـایی دەبـوو، و هەموو شتێکیش پشتی بەو دەبەست. بەڵام ئەمە نە ئەو ڕێگایەیە کە من لە ئینجیلدا دەیبینم، و نە ئەو ڕێگایەشە کە گرتوومەتەبەر. بەڵکو عیسا خۆی و وێنە پیرۆزەکەی لە ئینجیلدا دوا دەسەڵاتیان هەیە.

کاریگەرییە کردارییەکەی ئەو ڕێگایەش ئەوەیە کە من داواتان لێناکـەم نوێژ بۆ چرپاندنێکی تایبەتی خودا بکەن، بۆ ئەوەی بتـوانن بڕیاربـدەن کـە عیسا راستە یان نە. بەڵکو داواتـان لێدەکـەم سـەیری عیسـای ئینجیـل بکـەن. سەرنجی بدەن. چاوتان لە بەرامبەر ئەو هیوایەدا دامەخەن، و ئومێـدخوازی وشەی دڵنیایی بن. چاوەکانتان بکەنەوە و پڕیان بکە لە وێنەی عیسا کـە لـە ئینجیلی پیرۆزدا هاتووە. ئەگەر وەکـو خـودا و پـەروەدگار، بـاوەڕ بـە عیسـای مەسیح بکەیت، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە تۆ شـکۆمەندی خـودایی و بێخەوشـی و تەواوی لە ئەودا دەبینی کە بـە روونـی، بێگومـان، هـەمان ئـەو شـتەیە کـە هەیە؛ راست و درووستن.

هەنـدێ کـات، ئـەم ڕێگایـە بـە " گـەواهی رۆحـی پـیرۆز" ناودەبرێـت. کتێبە کۆنەکانی فێرکردنی مەسیحیەت بەم شێوەیە وەسـفی ئـەم گەواهییـە

دەکەن: *" رۆحی خودا لەگەڵ کتێبی پیرۆز و لە رێگەی کتێبی پیرۆز، کە لە دڵی مرۆڤدا گەواهی دەدات، کە بە تەنیایی ئەو توانایەی هەیە کە قەناعەت بە مرۆڤ بکات کە ئەمانە هەمان وشەی خودان."*[m]

تکایە گرنگی بەم خاڵە بدەن کە رۆحی پیرۆز، "لەگەڵ کتێبی پیرۆز، و لە رێگەی کتێبی پیرۆزەوەیە،" کە مرۆڤەکان قایل دەکات. رۆحی پیرۆز بە لای کتێبی پیرۆزدا ناڕوات تاوەکو بینینە تایبەتییەکان دەربارەی وشەی خودا لە جێگەی کتێبی پیرۆز دابنێت. رۆحی پیرۆز کوێری دوژمنایەتی و سەرکێشی لادەبات، و بەم جۆرە چاوی دڵمان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی رووناکی دانەوەی ئاشکرا و جوانی خودابوونی مەسیح ببینین.

هەر بۆیە من لەم کتێبەدا هەوڵم داوە کە مەسیح بەو شێوەیە نیشان بدەم، کە کتێبی پیرۆز نیشانی دەدات. گفتوگۆی مێژووییم بۆ نەکردووە. خەڵکی دیکە لە من باشتر ئەو کارە دەکەن، و بە کارەکانیان دڵشادم.[n] من هەوڵم داوە کە ئەمانەتدار بم لە بەرامبەر هەموو ئەو شتە راستییانەی کە کتێبی پیرۆز سەبارەت بە عیسای مەسیح دەیڵێت. لەگەڵ ئەوەی کە ئەم کتێبەی من بە بەراورد بە کتێبی پیرۆز، کتێبێکی زۆر ناتەواوە، بەڵام هیوام وایە کە خوێندنەوەی ئەم سێزدە بەشە هەروەکو سەیرکردنی ئەڵماسێك بێت بە سێزدە شێوازی جیاواز. تەنیا کتێبی پیرۆز دەتوانێت وەسفی راستەقینەی ئەڵماسی عیسای مەسیح بکات. هیوادارم لە کۆتایی ئەم کتێبەدا، یەکسەر بەرەو کتێبی پیرۆز بڕۆیت. هەر لەبەر ئەوەیە کە من ئەم بەشە کورتانەم بە ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز پڕکردوەتەوە.

ئومێدوارم ئەم کتێبە سوودمەند بێت بۆ باوەڕدار و بێباوەڕیش. لە خودا دەپاڕێمەوە کە بێباوەڕەکان هۆشیار بکاتەوە بۆ ئەوەی گەورەیی و شکۆمەندیی عیسای مەسیح ببینن. بەم جۆرە, سەردێڕی کتێبەکە دەبێتە راستی: *بینین و چەشتنی عیسای مەسیح*، کاتێك عیسا دەبینین، ئێمە تامی دەکەین. واتە بەو شێوەیەی کە راستی و جوان و قایلکەرە، لە ناو ئەودا

خۆشحاڵین، ئەوە ئامانجی منە. چونکە کاتێك عیسای مەسیح بەم شێوەیە تام دەکەین، ئەو ڕێزدار دەکرێت، و ئەو شادی و خۆشییەی کە دروست دەبێت، ئازادیمان پێ دەبەخشێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی باریکی خۆشەویستی هەنگاو بنێین. تا زیاتر لە مەسیحدا دڵخۆش بین، ئەو لە ئێمەدا زیاتر شکۆدار دەبێت؛ و کاتێ کە لەودا خۆشحاڵین، بە دونیا لە خاچ دراوین. بەم شێوەیە بینین و چەشتنی عیسای مەسیح ڕەنگدانەوەی ئامادەبوونی ئەو لە دونیادا زیاد دەکات. هەروەك چۆن پۆڵۆسی نێردراو دەڵێت ﴿ئێمە هەموومان بە ڕوویەکی کراوەوە تەماشای شکۆمەندی خوداوەند دەکەین، هەروەك لە ئاوێنەدا، دەگۆڕێین بۆ وێنەی ئەو. ئەوەش لە خوداوەندەوە دێت کە ڕۆحە﴾ (٢ کۆرنسۆس ٣: ١٨). بینینی مەسیح ڕزگاری دەبەخشێت و پیرۆزی دێنێت.

لەبەرئەوەی هەموو ئەمانە هەروەك پۆڵۆس دەڵێت ﴿لە ڕۆحەوە دێت﴾، من لە کۆتایی هەربەشێك نوێژێکم نووسیووە. کاری ڕۆحی پیرۆز لە ژیانماندا هەمیشەییە. مەسیح دەڵێت ﴿گەر ئێوەی بەدکار، بزانن ئاوها بە منداڵەکانتان شتی باش بدەن، کەواتە دەبێ باوکی ئاسمانی چەند باشترتان پێ بدات؟ کە ڕۆحی پیرۆز دەدات بەوانەی داوای لێ دەکەن!﴾ (لۆقا ١١: ١٣). منیش دێمە ڕیزی خوێنەرە ڕاستەقینەکانی ئەم کتێبەوە، تا ڕێژەیەکی باشتر و تەواوتر لە کاری ڕۆحی پیرۆز لە ژیانماندا داوابکەین. لە کاتێکدا سەرنجی عیسا دەدەین، با پێمان ببەخشێت کە (شکۆی خودا لە ڕوخساری عیسای مەسیح)دا ببینین و بیچێژین.

بانگهێشتتان دەکەم کە لەم بەدواداگەڕانە جدییەدا بۆ شادی خۆشەویستی هێنەر و هەمیشەیی و جێگیر لەگەڵم بن. هەموو شتێك لە تەواو بووندایە. لە ژیاندا، شتێك لەمە گرنگتر بوونی نییە کە عیسا بەو شێوەیەی کە هەیە ببینین؛ و ئەوەی کە دەیبینین، تامی بکەین؛ و ئەم تامکردنە لە سەرووی هەموو شتەکانی دیکەی ژیانمانەوە دابنێین.

# پاشکۆ

[a] خەرەندێکی زۆر گەورە و جوان و دلگیرە لە ویلایەتی ئاریزۆنای ئەمریکا
[b] خواناس و وتاربێژێکی بەناوبانگی ئەمریکی بوو (١٧٠٣- ١٧٥٨)
[c] گۆرانیبێژی بەناوبانگی مەسیحی ئینگلیزی کە کۆمەڵێ گۆرانی ستایشی زۆر جوانی وتووە (١٦٧٤- ١٧٤٧)
[d] یەکێك بووە لە ڕێبەرە سەرەتاییەکانی کڵێسا
[e] رەخنەگرێکی دژ بە مەسیحیەت بووە
[f] خانەدانێکی ئەڵمانی بوو کە دوای باوەڕهێنانی بە مەسیحیەت ژیانی تەرخانی مزگێنی دان کرد
[g] یەکێك بوون لە سەرەتاییترین گروپەکانی فێرکردنی کڵێسای کاتۆلیك لە سەدەی پازدەدا
[h] یەکێك بووە لە ڕێبەرە سەرەتاییەکانی کڵێسا
[i] The Internatonal Standard Bible Encyclopedia
[j] C.S. Lewis, *Mere Christianity* (New York: Macmillan, 1952), p. 56
[k] Milan Machove, *Jesus für Atheisten* (Stuttgart: Kreuz Verlag, 1972).
[l] ئەمانەی خوارەوە ناونیشانی ئەو کتێبانەن کە نووسەر ئاماژەی پێکردووە:

F. F. Bruce, *New Testament Documents: Are They Reliable?* (Downers Grove, IL: InterVarsity Press, 1984); Craig L. Blomberg, *the Historical Reliability of the Gospels* (Downers Grove, IL: InterVarsity Press, 1987); Paul Barnett, *Is theNew Testament Reliable A Look at the Historical Evidence* (Downers Grove, IL: InterVarsity Press, 1993); Gregory A. Boyd, *Cynic Sage or Son of God? Recovering the Real Jesus in an Age of Revisionist Replies* (Grand Rapids, MI: Baker Book House, 1995); Gary R. Habermas, *The Historical Jesus: AncientEvidence for the Life of Christ* (Joplin, MO: College Press Publishing Company,1996); Michael J. Wilkins and James P. Moreland, eds., *Jesus Under Fire:Modern Scholarship Reinvents the Historical Jesus* (Grand Rapids, MI:Zondervan Publishing

House, 1996); Luke Timothy Johnson, *The Real Jesus:The Misguided Quest for the Historical Jesus and Truth of the Traditional Gospels* (San Francisco: Harper, 1997); Lee Strobel, *The Case for Christ: AJournalist's Personal Investigation of the Evidence for Jesus* (Grand Rapids, MI: Zondervan Publishing House, 1998.

[m] The Institutes of the Christian Religion , I, vii, 4, ed. John T.Mc Neill [Philadelphia: The Westminster Press, 1960], P. 79).

[n] سەیری پاشکۆی "e" بکە.